# گوڵان

ساڵی سێیەم (١٣٨٨)- (٦)ی تشرینی دووەم ٠٢٣



لەناو جیهانێکی وەرچەرخاو و ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی گڕگرتوودا

## کۆشکی ئیلیزێ پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

# نووسینی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات






**سەردانەکەمان بۆ بەغدا لەسەر یاسای بەڕێوەبردنی وڵات**


لە چوارچێوەی بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی سیاسی و ئیداریی عێراق، زۆربەی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا بۆ گفتوگۆ و تاوتوێکردنی (یاسای بەڕێوەبردنی وڵات) تەرخان کرابوون و عەدنان پاچەچییش پرۆژەیەکی پێشکەش کردبوو. لەم بارەیەوە چەندان کۆبوونەوەش لەگەڵ بریمەر و گرینستۆک ئەنجام دران، وەک هەست کرا دیاربوو هەوڵ دەدرا لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان خەڵکانی ناوخۆ و دەرەوە ڕازی بکرێت. هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی پرۆژەی عەدنان پاچەچی قبووڵ و پەسەند بکەین، بەڵام مومکین نەبوو بە پرۆژەیەکی لەو شێوەیە ڕازی بین، چونکە چەندان خاڵی سلبی و دژی مافەکانی کوردی تێدا هاتبوو.

لەگەڵ مام جەلال ڕێک کەوتین بۆ ئەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوولا گفتوگۆی ورد و جددی لەسەر پرۆژەکە بکەن و ڕا و سەرنجەکانمان بۆ ئامادە بکەن، پیتر گالبرێتی دۆستی گەلی کوردیش لەم بارەیەوە هاوکارییەکی زۆری کردین.

دوای کۆبوونەوەکانیان ڕا و سەرنجەکانمان ئامادە کرا و دکتۆر ڕۆژیش بە مەبەستی ڕادەستکردنیان بە بریمەر سەردانی بەغدای کرد، خاڵی گرنگ بریتی بوو لەوەی کە فیدراڵیی پارێزگامان لە بنەڕەتەوە ڕەت دەکرێتەوە و بەهیچ شێوەیەک پەسەند و قبووڵ ناکرێت. بە دکتۆر ڕۆژم ڕاگەیاند کە بە بریمەر بڵێت، ئەگەر شێوازی فیدراڵیی پارێزگاکان پەسەند بکرێت، بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی دەکەین.

ڕۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠٠٤ بریمەر و گرینستۆک بە هەلیکۆپتەر گەیشتنە سەڵاحەددین، بەڵام بەهۆی نالەباریی کەشوهەواوە هەلیکۆپتەرەکانیان لە سەڵاحەددین نەنیشتن و بە ناچار چوونە هەولێر و لە هەولێرەوە بە ئۆتۆمۆبیل هاتنە سەڵاحەددین، دوای گەیشتنیان بۆ سەڵاحەددین، بریمەر ڕایگەیاند: (بەخوا ئەم عێراقە وڵاتێکی زۆر سەیرە، لە بەغدا بەهۆی تۆز و غوبارەوە یەک کاتژمێر دوا کەوتین و هەلیکۆپتەرەکان توانای فڕینیان نەبوو، لێرەش بەهۆی بەفر و زریانەوە نەمانتوانی بنیشینەوە).

# چاپکراوی نوێ




بەرگی چوارەمی کتێبی (حدث وحديث- لقاءات اعلامية) لە نووسینی بەڕێز فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (٢٩٨) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند کەوتە بەردیدی سیاسەتوان و توێژەر و خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێك دیدار و چاوپێکەوتنی میدیایی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ بەڕێز میرانیدا کردوویانە، یان ئەو وتارانەی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، کاتێك خوێنەر بە وردی لەسەر ناوەڕۆك و وردەکارییەکانی ئەم کتێبە هەڵوەستە دەکات، دەبینێت کە بابەتەکان هەمەجۆرن و ئاماژەن بۆ چەندین پرس و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری، لەوانە ئەو وتارانەی میرانی لە بۆنەی پرسە و چلە وساڵوەگەڕی هەڤاڵاندا پێشکەشی کردوون، کە سەلماندنی وەفادارییە بۆ شەهید و کۆچکردووان، لە هەمان کاتدا ئەو دیدارانەی کەناڵەکانی میدیایی لەگەڵ میرانیدا سازی کردوون، کە بەرچاوڕوونی و شرۆڤەکردنێکی واقیعبینیانە و ڕاشکاوانەیە بۆ پرسەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ناوخۆ و ناوچەکە و نێودەوڵەتی، ئەمە جگە لە کێشە گرنگ و هەستیارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵدا، لێرەدا بەڕێزیان تێڕوانین و خوێندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەخاتە ڕوو، هەر لە ڕوانگەیەوە میرانی خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی عیراق و گرفتی ئەو دەوڵەتە لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا دەکات. ئەو پێی وایە لە کاروانی پاشکەوتنی ئەم دەوڵەتە و ئەو گرفتانەی لە سەردەمی کۆماری دووەمدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەرەنجامی نابەکامیی سیاسییە، دووپاتیشی دەکاتەوە کە پێگەیشتنی سیاسی ئەستەم نییە، بەڵام دواکەوتنی سەیرە و مایەی پرسیارە.

بابەتگەلێکی زۆری سیاسی و ئەو دیدار و وتارانەی بەڕێز میرانی کە لەم کتێبەدا بەر دیدی خوێنەران دەکەون، ئەوە دەسەلمێنن کە خاوەن ئەزموونێکی بەرچاو و باڵایە لە کاری سیاسی وەك بەرپرسێکی بە توانای حزبی و سەرکردایەتیدا، بۆیە ئەم کتێبە کە چوارەمین بەرگی (حدث وحديث)ـە، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژەر و سیاسەتوان و خوێنەران بە گشتی، پیرۆزبایی لە بەڕێز فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین و لە چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتردا.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

مونا قەهوەچی:




## دەستێوەردانی کورسیی کۆتاکان جێگەی قبووڵکردن نییە

دکتۆر عەباس عەلی:




## حزبی ئیسلامی سیاسی هەڵگری هزری هاوردەن و لە ناو کوردستانەوە هەڵنەقووڵاون بۆیە کەمتر بایەخ بە خاک و نەتەوە دەدەن

پ. د.کامەران ساڵحی




## بەرپرسیارێتیی سیاسیی ڕۆشنبیری کوردستان چییە؟

د. عوسمان عەلی وەیسی



## کۆتای کەمینەکان و پرەنسیپی نەگۆڕی داد و پێکەوەژیان

خاتوو ئیسرا محەمەد حوسێن:



## جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیانەوە بووە، بۆیە دەبێت وەکو کەیسێکی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت

بیلال عەبدوڵڵا:

پەنا بەخوا خەونی یاریکردنم بۆ هەڵبژاردەی عێراق دێتە دی




دکتۆر ئیدریس ڕەمەزان:

ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و نەناردنی پشکی بودجە لە چوارچێوەی شەڕێکی ئابووریدایە دژ بە قەوارەی هەرێم



کانی عەبدوللەتیف:

خوازیارم فێرگەیەک بکەمەوە و پاڵپشتی گەنجانی دەسترەنگین بکەم




کامێرایەک وەک مرۆڤ دەبینێت



بەهای خۆراکیی فاسولیای سەوز





هایا محمەد:

لە باشووری کوردستان زیاتر بوار بۆ هونەرمەندان ڕەخساوە

## لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان

# پێکەوە ژیان هاوبەشی خۆشگوزەرانی

هەڵبژاردنی ئەم جارەی پارێزگاکان، بە پارێزگا و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە، هەڵبژاردنێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازە، بەتایبەتی کە ماوەی دوو ساڵە بە بڕیارێکی دادگای فیدراڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵوەشێندراونەتەوە و پارێزگاکان بە بێ سەرپەرشتیی ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێوە دەچن، نەبوونی ئەم ئەنجومەنەش وای کردووە، کە دەسەڵاتی پارێزگاکان وەك حکومەتێکی لۆکاڵ لە ناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا کەم بکاتەوە، بۆ یەکەیەکی کارگێڕی لە ناو دەوڵەتێکی سەنترالیدا.

لە ئێستادا کە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەم پرۆسە گرنگە دەستی پێکردووە و جارێکی دیکە هەر پارێزگایەك سیمای حکومەتێکی لۆکاڵی وەردەگرێتەوە، ئەم حکومەتە لۆکاڵەش لەبەر ڕۆشنایی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پێك دەهێنرێت، کە هاووڵاتیان دەنگی پێ دەدەن و، هەر لایەن و نەتەوە و پێکهاتەیەکیش قەوارەی دەردەکەوێت و بەپێی ئەو قەوارەیە بەشداری لە حکومەتە لۆکاڵەکاندا دەکات و، جیاوازیی ئەقڵییەتی شۆڤێنی تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە، کە ئێستا بە دەستی ئەنقەست دژی هاووڵاتیانی کوردستانی ئەو ناوچانە پیادەی دەکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەم هەڵبژاردنانەدا بە لیستی ژمارە ١٩٧ بەشداری دەکات، لە هەموو پارێزگا و لە ناوچە کوردستانییەکان کاندیدی خۆی ناساندووە و بەشداریی ئەم پرۆسە گرنگە دەکات و، ئامانجی ئەوەیە بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراتییانە و بە ئیرادەی خەڵك، هەڵە و چەوتییەکان ڕاست بکرێتەوە و ئەو زوڵمەی لە کوردستانیان دەکرێت، هەڵبگیرێت و نەمێنێت.

کوردستانییانی بەشداربووی ئەم پرۆسە گرنگە لە پارێزگاکانی (کەرکوك، نەینەوا، دیالە، سەڵاحەدین) زۆر باش شاهێدی ئەو ڕاستییەن، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی سیاسیی خۆی، نەك هەر سازشی لەسەر مافی سەرجەم کوردستانییان بە تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانەوە نەکردووە، بەڵکو هەموو توانای خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی بە هاوشانی مافەکانی کورد، داکۆکی لە مافی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بکات، ئەمەش هەر لە داڕشتنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ەوە تا دەگاتە نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، هەروەها کوردستانییان بە هەموو جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینەوە خۆیان لە ناو ئەو مێژووەدا ژیاون «هەر کاتێك پارتی بەهێز و خاوەن دەسەڵات بوویێت، ئەوا کوردستانییان بێ جیاوازی سەربەرز و سەرفراز بوون، هەرکاتێکش




ئەوجا لەبەر هۆکارێك بێت، هێز و دەسەڵاتی پارتی لەو ناوچانە لاواز بوبێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی ئەقڵییەتی شۆڤێنی و پاوانخوازی زوڵمی ناهەقیان لە کوردستانییانی ئەو پارێزگا و ناوچانە کردووە».

هەر بۆیە ئەم مێژووە پڕشکۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای بەشداریی فراوانی کوردستانییانی پارێزگاکانی (کەرکووك، نەینەوا، دیالە، سەڵاحەدین) و دەکات و ئەوەش مانایەکی گەورەتر بە هەڵبژاردنەکە دەبەخشێت، زیاتر لەوەی تەنیا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایەك بێت.

ئەوەی گرنگە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا بە وردی دیقەتی لەسەر بدەین و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە دەبێت جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەوە دڵنیا بن، کە ئەو هێز و لایەنانەی کە نایانەوێت کوردستانییەتی ئەو ناوچانە بسەلمێنن و ئەو هێز و لایەنانەشی کە خۆیان بوونە هۆکار بۆ ئەوەی کوردستانییەتی ئەو ناوچە کوردستانییانە وەك ئەمڕۆی لێ بەسەر بێت، چاویان بە شکۆ و کاندید و دروشم و هەڵمەتەکانی پارتی هەڵنایەت و، کاتێك دەبینن کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتیی تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن، بەشداریی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك مەترسییەك بۆ خەونە زڕەکانیان دەبینن و، لەوانەیە گوشار و کێشەی لابەلاتان بۆ دروست بکەن، بەڵام سیاسەت و لۆژیکی سەرۆك بارزانی بەو شێوەیە، ڕێگەی سەلماندنی مافەکانمان هەر دەبێت بە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراتی و ئیرادەی گەلی کوردستان بێتە دی، بۆیە دەبێت ئەم واقیعە سوورترتان بکات لەسەر ئەوەی هەم بەشداریی زۆر فراوان لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن، هەمیش دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، ئەمەش دەبێتە بەشێك لە وەفا و دڵسۆزیتان بۆ ڕێبازی بارزانی، ئەو ڕێبازەی شۆڕشێکی گەورەی وەك شۆڕشی ئەیلوولی کردە قوربانی لە پێناو سازش نەکردن لە ناسنامەی کوردستانیبوونی هەموو ئەو ناوچانە بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە، هەر بۆیە دەنگدانتان بە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەك و خەمخۆریتان پیشان دەدات بۆ داهاتووی خۆتان، بە دەنگدانتان بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی کوردستانییەتی شارەکانتان و ناوچەکانتان دەدەن. بۆ هەمووانی دەیسەلمێننەوە کە بەلای ئێوەوە ژیانی بە کەرامەت و سەربەرزانە، مافەکانتان و خۆشگوزەرانیی خۆتان و نەوەکانتان لە دەنگدان بە کاندیدانی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەبیننەوە.



**لەناو جیهانێکی وەرچەرخاو و ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی گڕگرتوودا**

# کۆشکی ئیلیزێ پێشوازیی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات



ڕێورەسمی ئەو پێشوازییە پڕشکۆیەی لە ڕۆژی ٣ی نۆڤمبەری ٢٠٢٣ لە کۆشکی ئیلیزێ بە دانانی ئاڵای کوردستان و عێراق لە هاوشانی ئاڵای فەرەنسا و یەکێتیی ئەوروپا، پاشانیش هاتنە خوارەوەی ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوەی پیشان داین، کە پرۆتۆکۆلی ئەم پێشوازییەی کۆشکی ئیلیزێ لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هاوتای ئەو پرۆتۆکۆلانەن کە پێشوازی لە هەر سەرۆك دەوڵەتێك دەکرێت.

ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕووداوەکەی ٧ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو دێت، کە شەڕێکی گەورەی خوێناوی لە نێوان حەماس و ئیسرائیلدا بەدوای خۆیدا هێنا و، گڕی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەر دا، ئەم ڕووداوە ئەگەر بە بە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بەراوردی بکەین، ئەوا چۆن جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەر، وەك جیهانی پێش ١١ی سێپتەمبەر نەمایەوە و گۆڕانکاری گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، بە هەمان شێوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ٧ی ئۆکتۆبەریش وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێش ٧ی ئۆکتۆبەر نامێنێتەوە و گۆڕانکاری گەورەی بە سەردا دێت. دید و بۆچوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەو شێوەیە کە هەموو لایەنەکانی شەڕە بگەنە ئەو قەناعەتەی کە هیچ کێشەیەك بە شەڕ چارەسەر ناکرێت، ڕێگەی ئاقڵمەندانە ئەوەیە هەمووان پەنا بۆ ئاشتی و چارەسەری «دوو دەوڵەت» بۆ فەلەستین و ئیسرائیل ببەن.

هەر ئەمساڵ و لە شوباتی ٢٠٢٣ لە کۆشکی ئیلیزێ جارێکی دی، ئیمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد. ئەو سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو کاتەدا بوو کە ئەوروپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە شەڕێکی گەورەی وەك شەڕی «ڕووسیا و ئۆکرانیا»ی بە خۆیەوە نەبینی بوو، ئەم شەڕەش وەك ئۆلاف شۆلز (ڕاوێژکاری ئەڵمانیا) لە شوباتی ئەمساڵ و لە کۆنگرەی میونشن ڕایگەیاند «جیهانی بردە قۆناغێکی گەورەی وەرچەرخان — Zeitenwende».

ئەم دوو پێشوازییە شکۆدارەی ئیمانوئێل ماکرۆن (سەرۆکی فەرەنسا) لە کۆشکی ئیلیزێ لە ماوەی کەمتر لەیەك ساڵدا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ شکۆ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی فەرەنسا و یەکێتیی ئەوروپادا و وەك پرۆفیسۆری ئەڵمانی (ڤۆلکر پیتەرز) لە پەنێلێکدا بە ناونیشانی «داعش و کۆتایی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی دەمانناسی» کە تێیدا باس لە دووبارە بونیادنانەوەی سیستەمی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە «هەرێمی کوردستان وەك کاراکتەرێکی نادەوڵەتی نموونەیەکی باڵایە بۆ پشت پێ بەستن بە بونیادی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش»، کە ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە لەسەر ئاستی کاراکتەری نادەوڵەتی لەسەر ئاستی تەواوی سیاسەتی نێودەوڵەتیی جیاندا.

### ● ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان فەرەنسا و عێراق تێڕوانینی هاوبەشی نێچیرڤان بارزانی و ئیمانوئێل ماکرۆن

ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان فەرەنسا و عێراق، بەرهەمی کۆنگرەی بەغدایە بۆ هاریکاری و هاوبەشی کە لە ڕۆژی ٢٨ی ئابی ٢٠٢١ لە بەغدا و بە ئامادەبوونی هەشت سەرۆك دەوڵەتی عەرەبی و ئەمانوئێل ماکرۆن (سەرۆکی فەرەنسا) لە بەغدا بەڕێوە چوو، لە بنەڕەتدا تێڕوانینی هاوبەشی هەر دوو سەرۆکی فەرەنسا و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، ئەمساڵیش لە سەردەمی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانیدا ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان فەرەنسا و عێراق ئیمزا کرا.

ئامانج لە «کۆنگرەی بەغدا بۆ هاریکاری و هاوبەشی» ئەوە بوو، کە بە سەرپەرشتیی سەرۆکی فەرەنسا و بە هاریکاری و هاوبەشیی دەوڵەتانی عەرەبی و دراوسێ بتوانرێت، هەم سەقامگیریی سیاسی و حوکمڕانی بۆ عێراق بگێڕێتەوە، هەمیش عێراق ببێتە فاکتەرێکی

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ٧ی ئۆکتۆبەریش وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێش ٧ی ئۆکتۆبەر نامێنێتەوە و گۆڕانکاری گەورەی بە سەردا دێت**

**دید و بۆچوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەو شێوەیە کە هەموو لایەنەکانی شەڕە بگەنە ئەو قەناعەتەی کە هیچ کێشەیەک بە شەڕ چارەسەر ناکرێت**

**ڕێگەی ئاقڵمەندانە ئەوەیە هەمووان پەنا بۆ ئاشتی و چارەسەری «دوو دەوڵەت» بۆ فەلەستین و ئیسرائیل ببەن**

سەرەکی بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام پێ دەچێت بە هۆی بارودۆخی ئەو شەڕەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵگیرساوە، نەتوانرێت ئەمساڵ کۆنگرەی چوارەم گرێ بدرێت، یان دوا دەخرێت.

سیاسەتی فەرەنسا لە ماوەی حوکمڕانیی ماکرۆندا، پشتگیریکردنە لە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی بەهێز لەناو دەوڵەتی عێراقدا کە بە کردەیی دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە بێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ڕاستە فەرەنسا دەوڵەتێکی بەهێزە و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتە، بەڵام فەرەنسا بەهێزترە کە ئەندامی فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەوروپاشە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پیشاندانی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە، بە دانانی ئاڵای عێراق و کوردستان هاوشانی ئاڵای یەکێتیی ئەوروپا و فەرەنسا، پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرا.

لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکانی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان، یان بایەخدانی فەرەنسا بە کوردستان، مێژوویەکی دێرینی هەیە و هەڵقوڵاوی ئەو سیاسەت و فەلسەفەیە کە شۆڕشی فەرەنسا بەرهەمی هێناوە، بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردووش کە لەسەر پێشنیار و ڕاسپاردەی فرانسۆ میتران (سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا) لە ساڵی ١٩٩١ داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد، بڕیاری ٦٨٨ دەربچێت و نەوای ئارام لە کوردستان دابمەزرێت، کە ئەو نەوای ئارامە بووە بناغە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت و پاشان هەڵبژاردن بکرێت و حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت، بە ئەزموونیش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٣٠ی ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماند کە هەرێمی کوردستان تەنیا ناوچەیە بۆ ئەوەی خوازیارییانە تۆوی دیموکراسی و ئازادی تێدا بچێنرێت و ببێتە چەترێك بۆ کۆکردنەوە و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان.

فەرەنسا یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و نووسینەوەی دەستووری و پەسەندکردنی لە ساڵی ٢٠٠٥، کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێری پایتەخت کردەوە و، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرەنسا جیا لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری، بوارەکانی شوێنەوار و کەلتووریشی گرتەوە و گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لە پێناوی پەرەپێدانی



هاتنە خوارەوەی ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوەی پیشان داین، کە پرۆتۆکۆلی ئەم پێشوازییەی کۆشکی ئێلیێزی لە سەرۆکی هەریمی کوردستان، هاوتای ئەو پرۆتۆکۆلانەن کە پێشوازی لە هەر سەرۆک دەوڵەتێک دەکرێت

فەرهەنگ و کەلتوور لە نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان دروست بێت، بۆ ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنەش سەرۆك سارکۆزی بە فەرمی بانگهێشتی سەرۆك مسعود بارزانی کرد و پاش پێشوازییەکی شکۆدارانە لەلایەن سەرۆك و حکومەتی فەرەنساوە، ڕێککەوتنەکە لەلایەن سەرۆك بارزانی و بیرنارد کۆشنەر (وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی فەرەنسا) ئیمزا کرا.

حکومەتی فەرەنسا بە چاوی سەرسامییەوە سەیری فرەکەلتووری و نەتەوەیی و ئایینی هەرێمی کوردستان دەکات و لە ساڵانی ڕابردوو هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بوون، کە بە ناو ڕەگ و ڕیشەی فرە کەلتووری و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی کوردستاندا ڕۆبچێت و توێژینەوە و دیراسەتی زۆر وردی لەسەر بکات، بۆ ئەمەش بایەخێکی هێجگار گرنگی بە شوێنەوارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان داوە، بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەم شوێنەوارانە وەك پاشماوەی

**ئەم دوو پێشوازییە شکۆدارەی ئیمانوئێل ماکرۆن (سەرۆکی فەرەنسا) لە کۆشکی ئەلیزێ لە ماوەی کەمتر لەیەک ساڵدا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ شکۆ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی فەرەنسا و یەکێتیی ئەورووپادا**

**هەرێمی کوردستان وەک کاراکتەرێکی نادەوڵەتی نموونەیەکی باڵایە بۆ پشت پێ بەستن بە بونیادی پێکەوەژیانی ئاشتییانە**

**سیاسەتی فەرەنسا لە ماوەی حوکمڕانیی ماکرۆندا، پشتگیریکردنە لە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی بەهێز لەناو دەوڵەتی عێراقدا کە بە کردەیی دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە بێت**

شارستانییە جیاوازەکانی کوردستان جارێکی دیکە بە جیهان بناسێنێتەوە، جیا لەوەی بەردەوام شاندی زانکۆکانی فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی شوێنەواری حکومەتی هەرێمی کوردستان، کنە و پشکنینیان لە شوێنەوارەکاندا کردووە، لەمەش زیاتر ئامۆژگایەکی شوێنەوارناسییان لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی قوتابییانی کوردستانیش لەو ئامۆژگایە ئەزموونی ئەوەیان بۆ دروست بێت، کە توێژینەوەی زۆر ورد لەسەر شوێنەوارەکان ئەنجام بدەن.

گەشەسەندنی ئازاد و دیموکراتی و پاشان فراوانبوونی ئاستی فرەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان کە بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی عێراقەوە، بەشی زۆریان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و، لە چوارچێوەی سیاسەت و لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی بە گەرمی پێشوازییان لێ کراوە و دەرگای کوردستانیان بۆ واڵا کرا، بووە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی فەرەنسا لە سیاسەتی خۆیدا زیاتر بایەخ بە هەرێمی کوردستان بدات، دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعشیش شاری مووسڵ و دەوروبەریان داگیر کرد، جارێکی دیکە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیەش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و لە هەرێمی کوردستان پێشوازییان لێ کرا و حەوانەوە و ناچار نەبوون ڕوو بکەنە ئەورووپا، ئەمجارەیان تەواوی دەوڵەتانی ئەورووپی کە بە هۆی دڕندەیی تیرۆریستانی داعش پڕ ببوون لە پەنابەر و لە هەموو پایتەختەکانی ئەورووپادا خۆپیشاندان دەکرا لە دژی پەنابەران، ئەوا تێکڕای دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هەرێمی کوردستان دوورگەیەکی ئارامە بۆ پێکەوەژیان و لێبوردەیی، هەر بۆیە لەگەڵ هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی مەخموور و دەشتی نەینەوا و شنگال، هەموو جیهان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا هاتنە سەر خەت و هەرێمی کوردستانیان وەك هێڵی سوور لە قەڵەم دا، بەڵام کاتێك قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتی سەرۆك بارزانی ئەفسانەی تێرۆریستانی داعشی پووچەڵ کردەوە و پارێزگاری لەم پێکەوەژیان و برایەتییەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان کرد، جیا لەوەی زۆربەی سەرۆکەکانی جیهان بە تەلەفۆن پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەیان لە هێزی پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی کرد، فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی ئەو کاتی فەرەنسا بە شەخسی وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی گەورە و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرد و دوای سڵاوکردنی لە ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی ڕەقیب، زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لە سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

حکومەتی فەرەنسا لە ماوەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بە چەندین شێوەی جیاواز وەك «پشتگیری هێزی ئاسمانی، چەك، مەشق و ڕاهێنان» هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە، لەمەش زیاتر تیمێکی فەرەنسی هاتنە کوردستان و فیلمێکی واقیعییان لەناو بەرەکانی شەڕ لەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست کرد، هەر بە هەوڵی ئەو تیمە فەرەنسییە ئەم فیلمەی پێشمەرگە لە تەلاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان نمایش کرا و پیشانی هەموو دەوڵەتانی جیهان درا.

### ● کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەڵوێستی جوامێرانەی سەرۆك ماکرۆن

هەڵوێستی سیاسیی حکومەتی فەرەنسا بەرانبەر هەرێمی کوردستان بووەتە کەلتوورێکی سیاسی لە سیاسەتی فەرەنسا بەرانبەر هەرێمی کوردستان و، ئەگەر سەرنج بدەین لە هەموو ئیدارە جیاوازەکانی سەرۆکانی فەرەنسا «فرانسۆ میتران، جاك شیراك، نیکۆلا سارکوزی، فرانسوا هولاند و ئیمانوئیل ماکرۆن»، دەبینین لە ماوەی نزیکەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی حکومەتی فەرەنسا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان لە خۆشی و ناخۆشیدا سیاسەتێکی نەگۆڕی پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان بووە.

ئیمانوئێل ماکرۆن لە ١٤ی ئایاری ٢٠١٧ بووەتە سەرۆك کۆماری فەرەنسا و، ئێمە وەك

هەرێمی کوردستان ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ جیا لەوەی هێزەکانی عێراقی بە پاڵپشتیی چەندین هێزی هەرێمی هێرشیان کردە سەر کوردستان، پەرلەمان و حکومەتی عەبادییش بە دەیان سزای ئابووریی قورسیان خستە سەر هەرێمی کوردستان، بە داخستنی فرۆکەخانەکانمان گەمارۆی ئاسمانیشیان خستە سەرمان.

سەرنج بدەن، ئەم ماوەیە لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەرۆك ماکرۆن تەنیا ١٥٠ ڕۆژ بووە، بەڵام یەکەم سەرۆکی دەوڵەتێکی گەورە و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بوو کە پشتگیری خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی و جەختی کردەوە کە دەبێت ئەم هەرێمە هەرێمێکی بەهێز بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق، وەك دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە، لەمەش زیاتر یەکەم سەرۆك بوو، دوای ئەو کارەساتە گەورەیە بە فەرمی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەم و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بانگهێشتی فەرەنسا کرد و لە کۆشکی ئیلیزێ بە گەرمی پێشوازیی لێ کردن و جارێکی دیکە پاڵپشتیی دەوڵەتی فەرەنسای بۆ بەردەوامی و پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە، لە دوای ئەمەش هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ و بانگهێشتی حەیدەر عەبادی سەرۆکی حکومەتی ئەو کاتی عێراقی کرد و گوشاری خستە سەر بۆ ئەوەی گەمارۆکانی سەر هەرێمی کوردستان هەڵبگیرێت، بەتایبەتی هەڵگرتنی گەمارۆی ئاسمانی کە وای کرد، فرۆکەخانەکانی کوردستان بکرێنەوە.

### • نەخشە ڕێگەی ئاشتی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا

کێشەی سەرەکی کە بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی کێشەکانی عێراق لەسەر یەك کەڵەکە بن و نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، نەبوونی ئەقڵانیەتی دەوڵەتمەدارییە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆکردنەوەی توانا و بۆچوونە جیاوازەکان بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزمی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەم چوارچێوەیەدا کاتێك سەرۆك بارزانی بڕیاری دا دروشمی « کوردستانێکی بەهێز» بکاتە دروشمی هەڵبژاردن و پارتی دیموکراتی کوردستان بەو دروشمەوە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان بەشداری بکات، ئامانج لەم دروشمە ئەوە بوو، کوردستان هەرێمێکی بەهێز بێت لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینەی بەهێزدا، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بڕیار درا، یەکەم کار و ئەولەوییەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ ئەوە بێت کە هەموو کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر بکرێت، ئەم نەخشە ستراتیژییەی سەرۆك بارزانی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سیستمی فیدراڵی لە عێراق، لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەست بە جێبەجێکردنی کرا، بەڵام بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و پاشاگەردانی لە عێراقدا، نەك هەر نەتوانرا ئەم نەخشەڕێگە ستراتیژییە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەستی لە کار کێشایەوە، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەم نەخشە ڕێگەیە بووە ستراتیژیەتێکی گرنگ و لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەرنامەڕێژ کرا و بە ڕا و بیربۆچوونی ئەکادیمیست و سیاسەتمەدارانی پسپۆڕی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەمەند کرا، ئەمەش بەو مانایەی ئەم نەخشە ڕێگە کە لەسەر بناغەی جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق و یەکتر قبووڵکردن داڕێژراوە، تەنیا بۆ گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراقە وەك سیستمێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە و کۆتایی هێنانە بە هەموو نەهامەتییەکانی عێراق بە تەواوی نەتەوە و ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە.

ئەم نەخشە ڕێگەیە بۆ ئاشتی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆك ئیمانوئیل باس کراوە و، سەرۆك ماکرۆن گەیشتووەتە قەناعەت کە ئەم نەخشە ڕێگەیە دەبێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەبەرهێنانی زیاتری تێدا بکرێت و، لایەنە سەرەکییەکانی عێراق بەتایبەتی «هەرێمی کوردستان، عەرەبی سوننە و عەرەبی

هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٣٠ی ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماند کە هەرێمی کوردستان تەنیا ناوچەیە بۆ ئەوەی خوازیارییانە تۆوی دیموکراسی و ئازادی تێدا بچێنرێت

فەرەنسا یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و نووسینەوەی دەستووری و پەسەندکردنی لە ساڵی ٢٠٠٥، کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێری پایتەخت کردەوە

تێکرای دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هەرێمی کوردستان دوورگەیەکی ئارامە بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی



**تێمێکی فەرەنسی هاتنە کوردستان و فیلمێکی واقیعییان لەناو بەرەکانی شەڕ لەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست کرد، هەر بە هەوڵی ئەو تیمە فەرەنسییە ئەم فیلمەی پێشمەرگە لە تەلاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان نمایش کرا و پیشانی هەموو دەوڵەتانی جیهان درا**

**لە ماوەی نزیکەی ٣٢ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی حکومەتی فەرەنسا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان لە خۆشی و ناخۆشیدا سیاسەتێکی نەگۆڕی پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان بووە**

شیعە» لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتی پشتگیری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت.

ئەم هەوڵانە کە ماوەی سێ ساڵە دەستی پێ کردووە، هاوکات سەنتەرێکیش بە ناوی «سەنتەری عێراقی فەرەنسی بۆ دیراساتی بارودۆخی سیاسی» دامەزراوە، کە ئەم سەنتەرە هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە بۆچوونی هەموو لایەنە سیاسییەکان لەیەکتری نزیك بکاتەوە.

بە داخەوە بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق هەتا ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ کە حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی دامەزرا، لە پاشاگەردانییەکی تەواودا بوو، بەڵام بە دامەزراندنی حکومەتەکەی سوودانی، حکومەتی فەرەنسا هەنگاوی زۆر باشی بۆ پشتگیریی ئەم حکومەتە هەڵگرت و ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کرد.

هەرێمی کوردستان جیا لەوەی خۆی خاوەنی پرۆژەی «نەخشە ڕێگەی ئاشتی»یە، لە هەمان کاتدا لایەنێکی سەرەکیشە لەو پرۆسە سیاسییەدا و ئامانجی ئەوەیە کێشەکانی بە ڕێگەی ئاشتی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات،



**کێشەی سەرەکی کە بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی کێشەکانی عێراق لەسەر یەک کەڵەکە بن و نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، نەبوونی ئەقڵانیەتی دەوڵەتمەدارییە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت**

**«سەنتەری عێراقی فەرەنسی بۆ دیراساتی بارودۆخی سیاسی» دامەزراوە، کە ئەم سەنتەرە هەوڵەکانی**

هەروەها فەرەنساش وەك لایەنێکی نێودەوڵەتی چاودێری ئەو بارودۆخە دەکات، ئەمەش گرنگییەکی گەورەی بە سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو نەخشە ڕێگەیە هەموو پرسەکانی پەیوەندیدار بە هەرێم و بەغدا و هێزی پێشمەرگە و مەترسیی تیرۆریستانی داعش لە ناو کۆبوونەوەکاندا بوونیان هەبێت و قسەی جددییان لەسەر بکرێت و، پشتگیریی فەرەنسایان بۆ چارەسەرکردنیان بدۆزێتەوە.

ئەوەی دەکرێت لە دوماهی ئەم خوێندنەوەیە بۆ سەردانی ئەمجارەی نێچیرڤان بارزانی بۆ فەرانسە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەم نەخشە ڕێگەیە بۆ ئاشتی و دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە، ئەوەیە کە پێگە و شکۆی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەك بۆ ئاشتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە بەرزی سەیر دەکرێت، لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گڕ دەگرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان نەخشە بۆ ئاشتی دادەڕێژێت و ئامادەیە وەك لایەنێکی سەرەکی ئەو نەخشەیەش جێبەجێی بکات.

دیمانەی تایبەت



**ماریانا چارۆنتاکی**

وانەبێژی باڵا لە زانکۆی لینکۆڵن بۆ گوڵان:

# پێدەچێت نەخشەڕێگاکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تاکە ڕێچکەیەکی عەقڵانی و بەرچاڕوونانە بێت کە لەم ساتەوەختە دژوارانەی ناوچەکەدا بگیرێتەبەر

**ماریانا چارۆنتاکی، وانەبێژی باڵایە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی لینکۆڵن (سکووڵی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان). وەك بەڕێوەبەری یەکەی دیراساتی نێودەوڵەتیی کوردستان (٢٠١٦-٢٠١٩) لە زانکۆی لێستەر کاری کردووە. ئەندامی ئەنجومەنی ئەمینداڕانی سکووڵی لەندەن بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵەی دیراساتی نێودەوڵەتی بەریتانییە و بەشدارە لە ڕێکخستنی کۆمەڵەی کاری سیاسەتی نێودەوڵەتی سەر بە کۆمەڵەی دیراساتی نێودەوڵەتیی بەریتانی. هەروەها هاوەڵی توێژینەوەیە لە زانکۆی سۆران (هەولێر - عێراق). وەك ڕاوێژکاریش لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەسینا (یۆنان، ٢٠١١-٢٠١٢) کاری کردووە.**

**ماریانا توێژینەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام داوە، لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها توێژینەوەی چڕی کاری مەیدانی ئەنجام داوە (لە ٢٠٠٧ـەوە تاوەکو ئێستا). توێژینەوەکانی پەیوەستن بە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شرۆڤەکاریی سیاسەتی دەرەوە و توێژینەوەی ناوچەکە بە چڕکردنەوەی سەرنجەکانی لەسەر کارلێکی نێوان دەوڵەت و قەوارە نادەوڵەتییەکان، هەروەها تێگەیشتنی تیۆری لەبارەی قەوارە نادەوڵەتییەکان و پێگەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە. نووسەری چەندین کتێبیشە لە نێویاندا «کورد و سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٤٥ـەوە (ڕوتلێدج، ٢٠١١)» و «ئێران و تورکیا: بەشداریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئای ب توریس، ٢٠١٨)» و هاونووسەری کتێبی «نەخشەسازیی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (سپرینگەر، ٢٠٢٢)» بووە، توێژینەوەکانیشی لە چەند گۆڤار بڵاو کردووتەوە، لە نێویاندا (هارڤارد ئەنتەرناشناڵ ڕیڤیو، کامبریدج ڕیڤیو ئوف ئنتەرناشناڵ ئەفێرز، ئنتەرناشناڵ پۆلەتیکس جۆرناڵ، سێرد وێڵد کوارتەرلی، بریتیش جورناڵ ئۆف میدڵ ئیستڕێن ستەدیس و چەند گۆڤاری دیکە). گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، لە بارەی گرنگ و بایەخی ئەو نەخشە ڕێگایەی کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خستوویەتیە ڕوو.**

*** ئاشکرایە عێراق گیرۆدەی چەندین ئاڵنگاری و پشێویی گەورە بووەتەوە، هەروەك لە ڕابردودا بەدیمان کردووە، ئەم وڵاتە چەندین جار بەرەو هەڵدێری داڕووخان چووە، ئایا تا چەند دەستپێشخەرییەکانی هاوشێوەی دەستپێشخەرییەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کارێکی بە پەلە و پێویستن بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بە ئاراستە و ئاقارێکی باشتردا؟**

- لەم ساتەوەختەدا هەلومەرجی سیاسیی عێراق لە بارێکی هەستیاردایە و دەکرێت بەراورد بکرێت بە بارودۆخی دوای شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەمەش تەنیا پەیوەست نییە، بەو ڕاستییەی کە دوای ٢٠ ساڵی ڕەبەق پێویستە هەر لایەنێکی سیاسی بزانێت، چ ڕۆڵێکی هەیە و ئەم ڕۆڵەش ئەدا بکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە شێوازە گۆڕدراوەکانی پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانەوە، کە گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایشی ناوخۆیی دەکەنە شتێکی حەتمی ئەگەر عێراق بیەوێت وەك یەکێك لە دوو دەوڵەتە سەرەکییەکەی نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵێکی باڵادەست و سەربەخۆ پیادە بکات لە ناوچەکەدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا پێ دەچێت، بنیادنانی سیستمێکی دیموکراتی کاری لە پێشینە بێت و دەرفەتێك بێت کە نابێت بەفیڕۆ بدرێت، لە پێناو گرتنەبەری سیاسەتێکی بەسەرچوو و درێژەپێدانی جیاوازییەکاندا. دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بەرجەستەبوونی یەکەم هەوڵ بوو بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی بەشداریی دەستەجەمعی و نوێنەرایەتیکردنێکی گشتگیر. هەر چۆنێك بێت، هێشتا پرسەکانی پەیوەست بە پەراوێزخستن و جێبەجێنەکردنەوە بوونەتە بەربەست لە بەردەم بەرەوپێشچوونەکاندا. لەم ڕوانگەیەوە

**دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بەرجەستەبوونی یەکەم هەوڵ بوو بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی بەشداریی دەستەجەمعی و نوێنەرایەتیکردنێکی گشتگیر**

**شکست بووەتە چارەنووسی هەوڵە یەک لە دوای یەکەکان بۆ چەسپاندنی سیستمێکی سیاسی**

**ئەوەی بناغەی سەقامگیرییەکی سیاسیی درێژخایەن دەستەبەر دەکات، بریتییە لە قبووڵکردنی بەرفراوان و بەربڵاوی ئەو ڕاستییەی کە بوونی دەستوورێکە و ددانپێدانانی زامنکردنی پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە خۆدەگرێت**

**گرنگیی دەستوور و بڕگەکانی میراتێکی جەوهەرین و پێویستە عێراقییەکان شانازی پێوە بکەن و پەرەی پێ بدەن و پێوەی پابەند بن**

و بە تێڕوانینی من، بانگەشەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ هێنانەئارای ڕێککەوتنێکی نوێ کە سەرجەم لایەنە سیاسییە عێراقییەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە، ئاماژەیە بەو هەنگاوانەی دەگیرێنەبەر بە ئاراستەی جێبەجێکردن، ئەمەش ئاماژەیە بە درێژەدان بەو گوڕ و تینە بەهادارەی کە دەستووری عێراق هێنایە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیدگا و تێڕوانینە پێویستی بە پلانێکی ستراتیژیی جددی و یەکگرتوو هەیە کە دابەش کرابێت بە سەر چەند قۆناغێکی دیاریکراودا، کە هاوشان بێت بە گرتنەبەری چەند کردارێکی دەستنیشانکراو و پێوانەکراو کە تەنیا بە بەشداریی عێراقییەکانی تێکڕای وڵاتەکە بەدی دێت.


*** ئایا پێت وایە ئەم نەخشە ڕێگایە ڕێچکەیەکی بەرچاوڕوون و دووربین و واقیعبینانەیە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە عێراقدا بارودۆخێکی تەواو ئاڵۆز و هەڵگیرساودایە؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم نەخشە ڕێگایە سەرکەوتوو بێت، سەرباری ئەو دژوارییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟**

- ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی مێژووی سیاسی و بەرەوپێشچوونەکانی دواى شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ لەم پرسە بڕوانین، ئەوا ڕەنگە هەلومەرجی ئێستا وەك حاڵەتێکی ناواقیعی دەربکەوێت، ئەویش بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە شکست بووەتە چارەنووسی هەوڵە یەك لە دوای یەکەکان بۆ چەسپاندنی سیستمێکی سیاسی. هەر چۆنێك بێت، ئەگەر لەسەر ئاستێکی قووڵتر ئەم بابەتە تاوتوێ بکەین، ئەوا دەکرێت بڵێین: ئەو دیدگایەی پێشنیار دەکرێت تەنیا لەو پانتاییەدا واقیعبینانە و دووربینانە دەبێت کە خودی دەستوور و ئەو لایەنانە پەیوەستن بە جێبەجێکردنیەوە بواری پێ دەدەن. ئەوەی بناغەی سەقامگیرییەکی سیاسیی درێژخایەن دەستەبەر دەکات، بریتییە لە قبووڵکردنی بەرفراوان و بەربڵاوی ئەو ڕاستییەی کە بوونی دەستوورێکە و ددانپێدانانی زامنکردنی پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە خۆدەگرێت، دەستوور گەنجینە و دەستکەوتی هەرە باڵای عێراقە و نابێت پێشێل بکرێت. بە دڵنیاییەوە گرنگیی دەستوور و بڕگەکانی میراتێکی جەوهەرین و پێویستە عێراقییەکان شانازی پێوە بکەن و پەرەی پێ بدەن و پێی پابەند بن. لە ڕاستیدا ئەمە ئەرکێکی تا بڵێی گرنگە لە هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئێش و ئازارە بەردەوامەی هاتوونەتە ئاراوە بە هۆی پرسە چارەسەرنەکراو و درێژخایەنەکانی ناوچەکەوە - وەك کێشەی فەلەستین لە ئێستادا- ئەویش لە کەشێکدا کە لە ڕووی مێژووییەوە شێوازی توندوتیژی و دوژمنکارانە دەهێنێتە ئاراوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. لەم هەلومەرجەدا، پێدەچێت دیدگای سەرۆك نێچیرڤان بارزانی کە بە بەش بەش و لە میانەی وتارەکانیدا گوزارشتی لێ کردوون، وەك پێویست واقیعبینانە بن و تاکە ڕێچکەیەکی عەقڵانی و بەرچاڕوونانە بێت کە بکرێت بگیرێتەبەر و پیادە بکرێت، لەم ساتەوەختە دژوارانەی ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت. ئەم گوڕوتینەش بەو مانایە دێت کە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ئێستادا، ڕەنگە لە ئێستادا لایەنە جیاوازەکانی نێو سیستمە سیاسییەکە پتر ئامادە بن بۆ تێگەیشتن لە خودی دەستوور وەك دیدگایەکی دووربینانە و تاکە دەروازەیەك بۆ دەربازبوون لەو کێشە بەردەوامانەی لە ئێستادا ڕووبەڕووی نەتەوەکە بوونەتەوە. کەواتە، دەستوورەکە بریتییە لە خەڵاتی شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ و ئەو دیدگا هاوشانەی لەخۆی دەگرێت بۆ وڵاتەکە و نەخشەیەکە بۆ گەلی عێراق و دەبێت جێبەجێ بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئامانجی پێکەوەژیان بە واتا دەستوورییەکەی بریتییە لە ئامانجێکی بوێرانە کە تەنیا بە کەسایەتییەکی سیاسی بەدی دەهێنرێت، کە بتوانێت کۆدەنگی و یەکترقبووڵکردنی هاوبەش دروست بکات و بنیادی بنێت. بێگومان عێراق کەیسێکی سەخت و دژوارە، بەڵام ئەم وڵاتە هێندە گرنگە کە ناکرێت ڕێ بدرێت، بخزێتە نێو پشێوی و شەڕەوە، هەروەك ئەوەی ئەمە حاڵەتەکە بووە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کە لە میانەی شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیدا گەیشتە لووتکە.

*** ئایا پێت وایە پێویستە ئەم نەخشە ڕێگایە بەشێك بێت لە فەلسەفەیەکی گشتگیر بۆ دەستکردن بە پرۆسەیەکی گەورەی چاکسازی**

**لە سیستمی سیاسیی عێراقی بە چەشنێك کە ببێتە هۆی یەکلاکردنەوەی هۆکارە ڕیشەییەکانی ئەم کێشە چارەسەرنەکراوانەی ئەم وڵاتە؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە ئەمە ئامانجی سەرەکیی ئەو چاکسازییە بێت کە لە سیستمی سیاسیی عێراقدا دەکرێت، لە نێویاندا داڕشتنی شێوازێکی بەدیلی حوکمڕانی، بە چەشنی کۆنفیدرالی. ئەگەر عێراق، لە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەتوانێت گۆڕانکاری بونیادی ئەنجام بدات، بە هۆی بوونی هەمە چەشنییەکی ئیتنی لە نێو هاووڵاتییەکانیدا، کە خەسڵەتە ئایینی و ڕۆحییە وردەکان بوونەتە خەسڵەتی، ئەوا هەر هەوڵێك، یان دیدگایەك بۆ بەرەوپێشچوون لە ئایندەدا چارەنووسەکەی بریتی دەبێت لە بازنەیەکی بەتاڵی دوژمنکاری. کەواتە پێویستە هێنانەئارای گۆڕانکاریی بونیادی کاری لە پێشینەی سەرکردەکان بێت، ئەگەر خواستی دەوڵەت ئەوە بێت پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە پەیوەندی بە پێکەوە ژیانەوە. بێتوانایی دامەزراوەی سیاسی بۆ لەئەستۆگرتنی ئۆباڵی بەرپرسیارێتیی جێبەجێنەکردنی دەستوور کە خواستی بنیادنانی ناوچەی حوکمڕانیی جیا بۆ دانیشتووانی لەخۆ دەگرێت، لە ژێر سایە و سێبەری عێراقدا، بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ درێژەکێشانی ئەو کێشانەی لەئارادان، هەروەك لە دەرئەنجامی ئەزموونەکانی پەیوەست بە شێوازە فیدراڵییەکانی حوکمڕانییەوە دەردەکەوێت، کە بە ئاشکرا گەیشوونەتە ڕێگەیەکی داخراو. لە ئێستادا ڕوونە کە عێراق ناچار دەبێت، بۆ چاکسازیکردن لە ڕێی دووبارە وێناکردنەوەی بونیادی سیستمی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو دەستوورەی لەئارادایە. هەر شێوازێکی حوکمڕانی کە گرووپ و پێکهاتەکانی نێو سنوورەکەی فەرامۆش بکات، یان پشتگوێیان بخات - بۆ نموونە، زۆرینەی شیعە لەگەڵ بوونی سوننە و هەرێمی دینامیکی کوردستان- چارەنووسەکەی شکستێکی مێژوویی دەبێت. مەرج نییە ئەم چاکسازییە بە مانای کۆتاییهاتنی ناکۆکییەکە بێت، یان بە واتای ئەگەری لە ئارادانەمانی ئەو هێزانە نییە کە هەوڵی وروژاندنی ململانێ و ناکۆکی دەدەن، وەك ئامرازێك بۆ خۆپاراستن. هەرچۆنێك بێت، هێزی ئەو لایەنانەی ڕەهەندێکی ڕادیکاڵییان هەیە و لە پەراوێزدان، سنووردار دەبێت، ئەویش ڕێك لەبەر ئەوەی کە هەوڵی بەدیهێنانی پاراستن و یەکسانیی سەرجەم ئەو کاراکتەرانە دەدرێت کە لە چوارچێوەی شەڕی حوکمڕانیدا کار دەکەن. ئەو پێکەوەژیانەی لە دەستووردا



چەسپێنراوە لە چوارچێوەی دەرفەتە یەکسانەکان و پابەندبوونەکاندا، دەبێتە هۆی زیادبوونی گوشارەکان لەسەر دامەزراوەی سیاسی و کەرتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بە پێگەیشتنەوە مامەڵە بکەن و بەرپرسیارێتیی هاوبەشی پێ بکەن لە پەیوەندی بە سەرکەوتن و شکستەکانەوە، ئەویش لە دیدگای کۆمەڵگە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانەوە کە پرسی بەرپرسیارێتی بەرز دەنرخێنن.

*** ئێوە کتێبێکتان نووسیوە لەبارەی کورد و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەك دەزانن ئەمریکا لە ڕووی دیپلۆماسی و سەربازی و ئابوورییەوە لە عێراقدا قورسایی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە کە تا چ ڕاددەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت و دەیەوێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت لەم ڕووەوە- واتە بۆ ئەوەی ئەم نەخشە ڕێگایە سەرکەوتوو و بەردەوام بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی جێی سەرنجە و ڕەنگە لە ئێستادا گرنگییەکی زیاتری هەبێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئێستادا چۆن سیاسەتی هەرێمایەتی بەرەو پێش دەچێت و پەرە دەستێنێت. ڕۆڵی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕیفراندۆمدا، هەروەها هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان لە ڕۆژگاری دوای مالیکییەوە - پۆست مالیکی- بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە سەرۆکایەتیی وەزیران لە عێراقدا زۆنی تەقلیدیی دەستڕۆیشتوویی و توانای جیۆستراتیژی نەتەوەکەیە، ئاماژەیە بەوەی عێراق پرسێکی ناوەندی بووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارە یەك لە دوای یەکەکانی ئەمریکا، ئەمەش لە بەشێکیدا بەرجەستە دەبێت لە بنکەکانی ئەمریکا لە باکوور و کردنەوەی یەکێك لە گەورەترین- یان ڕەنگە گەورەترین- باڵەخانەی دیپلۆماسی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەرێمی کوردستاندایە. کەواتە لە ئێستادا پرسیارەکە بۆ هەرێمەکە کەمتر پەیوەستە بەوەی ئایا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەتوانێت، یان دەیەوێت پشتیوانی لە حکومەتی فیدراڵی بکات و، بەو پێیە دەتوانێت چارەسەری هەر کێشەیەك بکات کە لە ئێستادا هەبێت، یان دواتر سەرهەڵبدات لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەمە بەدی هاتووە. لە بری ئەوە پێدەچێت کێشەکە گەورەتر بێت، ئەم کێشەیەش لە بێتوانایی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزە هەرێمایەتییەکان، کە لە بەشێکیدا بە هۆی چاوپۆشینی ئەمریکاوە ئەم هێزانە بەرەو هەڵکشاون چوون، ئەم کێشەیەش لە ڕۆژگاری دوای ئیدارەی ئۆباماوە خراپتر بوو، بە هۆی پابەندبوونی بە درێژەدان بە پیادەکردنی ئەم پراکتیزەوە. لە ڕاستیدا، ئۆباما بە چەشنێکی گرنگ ڕێڕەوی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای گۆڕی لە میانەی یەکەم خولی سەرۆکایەتییەکەیدا، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ڕێچکەیەکی جێگیر هەبوو، هەروەها ئەو بۆشاییەی کە دروست بوو -ئیدی بە هۆی ستراتیژیەتەکەوە بێت، یان بە هۆی هەڵەی حیساباتەوە- هێشتا هەر لە ئارادایە و بوونی هەیە، کە پێویستە بایەخ بەم پرسە بدرێت، لە داڕشتنی سیاسەتی ئێستای دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. لەبەر ئەم هۆکارە، پرسەکە ئەوە نییە کە ئایا ئەمریکا چی دەکات لە عێراقدا، کە خودی ئەمریکاش تووشی دژواری بووەتەوە لە هەوڵەکانیدا بۆ چەسپاندنی ئامانج و پڕۆژەکانی. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکە بنەڕەتییەکە و واتای ئەم کتێبە، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا عێراقییەکان چی دەکەن بۆ عێراق؟ کەواتە لە بری گومانکردن لەو هەولانەی لە دەرەوە سەرچاوە وەردەگرن، ئەوا کارێکی بەرهەمدارترە کە سەرنجەکان چڕ بکرێنەوە لەسەر دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکان و جێبەجێکردنیان، لە نێویاندا بڕەودان بەو ستراتیژیەتانەی پێکەوەژیان کە لە دەستووردا چەسپێندراون. لەبری ئەوە سەرلەنوێ سیاسەتی گومانکردن لەسەر یەکپارچەیی خاکی هەرێمایەتی بووەتە پرسێکی ڕوون لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. کەواتە پاراستنی عێراق لە ڕێی دەستوورەوە، ئەویش بە دانپێدانان بە بەرپرسیارێتیی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لە بەدیهێنانی دەرئەنجامەکانی کە ئەمەش کارێکی بنەڕەتییە بۆ عێراق، ئەگەر بیەوێت لە نێو واقیعە جیوپۆلەتیکییەکانی ئێستادا پێگەی خۆی بدۆزێتەوە.

**ئامانجی پێکەوەژیان بە واتا دەستوورییەکەی بریتییە لە ئامانجێکی بوێرانە کە تەنیا بە کەسایەتییەکی سیاسی بەدی دەهێنرێت، کە بتوانێت کۆدەنگی و یەکترقبووڵکردنی هاوبەش دروست بکات**

**پێویستە هێنانەئارای گۆڕانکاریی بونیادی کاری لە پێشینەی سەرکردەکان بێت، ئەگەر خواستی دەوڵەت ئەوە بێت پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە پەیوەندی بە پێکەوە ژیانەوە**

**لە بری گومانکردن لەو هەوڵانەی لە دەرەوە سەرچاوە وەردەگرن، ئەوا کارێکی بەرهەمدارترە کە سەرنجەکان چڕ بکرێنەوە لەسەر دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکان و جێبەجێکردنیان**

دیمانەی تایبەت



## پرۆفیسۆر ئولریک بروکنەر بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا پشتبەستنی ئەوروپای بە ئەمریکا بەرجەستەتر کرد

ئولریك بروكنـەر، پرۆفیسـۆری دیراسـاتی ئەورووپییـە لـە زانكـۆی سـتانفۆرد لـە بەرلیـن. پێشـتر مامۆستا بـووە لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بـووە لـە زانكـۆی فـودان لـە شـانگهای و لـە زانكـۆی سـابانجی لـە ئەسـتەنبول و زانكـۆی لیوبلیانـا لـە سـلۆڤینیا. گـوڵ٦٢٧٠ن لـە میانـەی دیمانەیەكدا چەنـد پرسـێكی لەگەڵدا تاوتـوێ كـرد، كـە پتـر پەیوەسـت بـوون بـە دەرئەنجامـی شـەڕی ڕووسـیا و ئۆكرانیـا لەسـەر وڵاتانـی ئەوروپـا و ئەگـەری ئـەوەی ئەڵمانیـا ڕۆڵێكـی پێشـەنگ و سـەركردایەتی لـە نێـو یەكێتیـی ئەوروپـادا بگێڕێـت.

**سەرۆکی ئەمریکا هەموو ئەو کارانە ئەنجام نادات کە وڵاتانی ئەوروپا خوازیارن ئەنجامی بدات**

**ئەڵمانیا گەورەترین ئابووری هەیە لە نێو ئەوروپادا و وڵاتێکی پابەندی نێو یەکێتیی ئەوروپایە**

**ئۆلاف شۆڵتز (ڕاوێژکاری ئەڵمانیا) ڕەتی کردەوە کە پێکەوە لەگەڵ ئیمانوێڵ ماکرۆن (سەرۆکی فەرەنسا) سەردانی چین بکەن**

**• شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەردەوامە و باس لەوە دەکرێت کە ئەم شەڕە دەرئەنجام و گۆڕانکاریی دیاریکراو بە دوای خۆیدا دەهێنێت، یەکێك لەوانە دووبارە پرسی پشتبەستنی وڵاتانی ئەوروپا بە ئەمریکایە، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- ئەمە ڕاستە و بەڵگەش لەسەر ئەم پرسە ئەوەیە کە هەر کەسێك باس لە گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستێکی سەربەخۆ (سەربەخۆبوون لە پشبەستن بە ئەمریکا) بکات، لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە. ئەمە ئاماژە بەوە دەکات، کە تا چەند وڵاتانی ئەوروپا پشتبەستوون بە هاوکاری و یارمەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر چۆنێك بێت، تا ئەو کاتەی کە سەرۆکێك لە کۆشکی سپی دەسەڵاتدار بێت کە پاڵپشت و پشتیوانی ئەوروپا بێت، ئەوا ڕەنگە ئەمە کێشەیەکی گەورە نەبێت، ئەگەرچی لە ئێستادا سەرۆکی ئەمریکا هەموو ئەو کارانە ئەنجام نادات کە وڵاتانی ئەوروپا خوازیارن ئەنجامی بدات، واتە هەندێك یاسا و ڕێکار هەن کە دەگیرێنەبەر کە زیان بە ئابووریی ئەوروپا دەگەیەنن، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە هاوبەشین لەگەڵ ئەمریکا، کەواتە ئەگەر هاوبەشێك ئەم کارە لەگەڵ ئەوروپادا بکات، ئەوا وێنای ئەوە بکە، ئەگەر کەسێکی وەك ترەمپ دەسەڵات بگرێتەوە دەست، کە هیچ بایەخ بە ئەوروپا نادات، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا دەکات؟

**• زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە دەبێت لە ئایندەدا ئەڵمانیا ڕۆڵێکی پێشەنگ بگێڕێت لە بواری دەستەبەرکردن و زامنکردنی ئاسایشی ئەوروپا و دەربازکردنی لەم قەیرانەی تێی کەتووە، کە ئاشکرایە هەر خودی ئەڵمانیاش گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا کردووە، بۆ نموونە لە بواری بەرگریدا و خەرجییە سەربازییەکانی زیاتر کردووە، ئێوە ئەم پرسە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە ڕاستیدا زۆر کەس پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەڵمانیا ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لەم ڕووەوە، بە حوکمی ئەوەی ئەڵمانیا گەورەترین ئابووری هەیە لە نێو ئەوروپادا و وڵاتێکی پابەندی نێو یەکێتیی ئەوروپایە. ئەو حکومەتەی لە ئێستادا لە ئەڵمانیا دەست بە کارە دیدگا و تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ ئایندەی ئەوروپا، کە ئامانجەکەیان بریتییە لە هێنانەئارای دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ئەوروپادا، واتە دەیانەوێت هەوڵ و هەنگاوەکانی ئاوێتەبوونی ئەوروپا تەواو بکەن، لە ڕێی هێنانەئارای ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەوروپادا، بە چەشنێك کە بە قازانج و سوودی ئەڵمانیاش بشکێتەوە. هەروەها ئەمە لە ڕوانگەی ئەزموونی خودی ئەڵمانیاوە داڕێژدراوە، کە ئەزموونێکی فیدراڵی سەرکەوتوو هەیە لەم وڵاتەدا، و لەم ڕووەوە خواستی بە فیدراڵیکردنی یەکێتیی ئەوروپا هەیە. کە ئەڵمانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەم خواستەی هەیە و پشتیوانی لێ دەکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە دوای دەستبەکاربوونی ئەم حکومەتەوە لە ئەڵمانیا، ئەوا هیچ هەنگاوێك هەڵنەگیراوە بە ئاراستە و ئاقاری بەفیدراڵیکردنی یەکێتیی ئەوروپا لەلایەن هاوپەیمانێتییەکەی نێو حکومەتەوە، ئەوەتا لیبراڵییەکان هەڵوێستی ڕەتکردنەوەیان گرتووەتەبەر لە بری ئەوەی ئامادە بن بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەسەر هەڵوێستەکانیان، لەبەر ئەوە نموونەیەکی نەرێنییان بەرجەستە کرد، لە بارەی ئەوەی چۆن دەکرێت سیاسەتی پەیوەست بە هێزەوە بە چەشنێکی خراپ بەکار بهێنرێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی ئەنجام دەدرێت هەوڵی بچووکە، کە دەبێت لە نزیکەوە لەگەڵ فەرەنسا هەماهەنگی بۆ بکرێت، چۆن ئەمە پرۆژەیەکی هاوبەشە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئێستا کاروبارەکان لەم ڕووەوە وەك پێویست نین و لە ئاست خواست و چاوەڕوانیدا نین. ئەوە بوو ئۆلاف شۆڵتز (ڕاوێژکاری ئەڵمانیا) ڕەتی کردەوە کە پێکەوە لەگەڵ ئیمانوێڵ ماکرۆن (سەرۆکی فەرەنسا) سەردانی چین بکەن، واتە ئەو هاوڕا نییە لەگەڵ ماکرۆن لە پەیوەندی بە دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ستراتیژی لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئەوروپا. لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەوە کە ئاماژەم پێ کردن و باسم کردن، ئەوا ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم، من بە نائومێدییەوە لەو ڕۆڵە دەڕوانم کە وڵاتی ئەڵمانیا پیادەی دەکات. واتە ڕاستە لەسەر ئاستی تاکەکەسی سیاسەتمەدارەکان زۆر باسی ڕۆڵی ئەوروپا دەکەن لە پەیوەندی بە بیرکردنەوەی ستراتیژییەوە،



بەڵام کاتێك باس دێتەسەر کردار و هەنگاوە عەمەلییەکان، ئەوا هیچ شتێکی بەرجەستە بەدی ناکەین. دواتر ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بە زیادکردنی بوجەی سەربازی کردووە لەلایەن وڵاتی ئەڵمانیاوە، بەڵام من دەڵێم، سەرباری ئەوە هیچ هەنگاوێك بەدی نەکراوە لەلایەن پێکهاتەکانی حکومەتی ئەم وڵاتەوە بە ئاراستەی بەهێزکردن و پتەوکردنی یەکێتیی ئەوروپا. بە هەڵە لێم تێ مەگەن، من ناڵێم ئەوان دژ بە یەکێتیی ئەوروپان، بەڵکو ئەوەی من بەدی دەکەم و ئەوەی دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە کە ئەوان ڕۆڵێکی سەرکردایەتی پیادە ناکەن، ئەگەر کارێك بکرێت لەم ڕووەوە، ئەوا من نازانم ئەوان چ جۆرە سەرکردایەتییەك دەکەن و بە کام ئاراستەدا ئەم سەرکردایەتییە دەکەن، هەڵبەتە مەبەستم لە پەیوەندی بە هەوڵەکانی بەهێزکردنی یەکێتیی ئەوروپایە، چونکە ئەگەر ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (ئۆلاف شۆڵتز) بانگەشەی ئەوە بکات، کە دەبێت دەرفەتی زیاتر بدرێت بەو وڵاتانەی پاڵێوراون بێنە نێو یەکێتیی ئەوروپاوە، پێویستە ڕێ بدەن بە وڵاتانێکی زیاتری ڕۆژئاوای بەڵقان و ناوچەی قەفقاز، ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا بەو واتایە دێت کە نایانەوێت ئاوێتەبوونی یەکێتیی ئەوروپا قووڵتر و پتەوتر بێت، چونکە ئەگەر ئەو وڵاتانەی ئاماژەیان پێ دەکات، بێنە نێو یەکێتیی ئەوروپاوە، ئەوا دەبێت ئەم یەکێتیە سەرقاڵ بێت بە لەخۆگرتنی ئەم ئەندامە نوێیانەوە و ئەمەش ڕەهەندی فرەیی نێو ئەم یەکێتییە بەرفراوانتر دەکات، ئەم بەرفراوانبوونەش سەردەکێشێت بۆ دواخستنی پرۆسەی پتەوکردنی ئەو دامەزراوانەی یەکێتیی ئەوروپا کە لە ئارادان.

**دەبێت دەرفەتی زیاتر بدرێت بەو وڵاتانەی پاڵێوراون بێنە نێو یەکێتیی ئەوروپاوە، پێویستە ڕێ بدەن بە وڵاتانێکی زیاتری ڕۆژئاوای بەڵقان و ناوچەی قەفقاز**



مونا قەهوەچی
جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمان بۆ گوڵان:

# دەستێوەردانی کورسیی کۆتاکان جێگەی قبووڵکردن نییە

**ئێمە وەک پێکهاتەکان هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، چونکە تەنیا پارتی و بارزانی بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان دەکەن**

**پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان یەکێکە لە پێکهاتە ڕەسەنەکانی هەرێمی کوردستان، کە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا بە ١١ کورسیی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بەشدارن. ئەمەش وەکو سیستمێکی هەڵبژاردن تاوەکو دەنگ و ژمارەیان بزر و پەرشوبڵاو نەبێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر کورسیی کۆتاکان و ڕاوبۆچوونی پێکهاتەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان لەسەر کۆی سیستمی سیاسی و هەڵبژاردن، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ خاتوو مونا قەهوەچی جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمان ئەنجام دا.**

*** ئاشکرایە بەهۆی ئەوەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ نەگەیشتە ئەو تەوافقەی کە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بەم هۆیەشەوە نەتوانرا هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، پرسیار ئەوەیە ئەو خاڵە ناکۆکانە چی بوون کە بوونە ڕێگر لەسەر ئەوەی یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە؟**

- پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بابەتێکی سیاسییە، جگە لەوەی بابەتێکی یاساییە و لە گۆڕەپانەکەدا زەق بووەتەوە، پێکهاتەکان لە کوردستان و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقیشدا مافەکانیان چەسپێندراوە، هاوکات لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان کە ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٥ ـە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، لەو یاسایەدا ماف و ئەرکی پێکهاتەکان دیاری کراوە، بەداخەوە ئەو یاسایە بەپێی پێویست نەتوانراوە بە تەواوی پیادە بکرێت، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو بارودۆخ و فشارەی دەخرێتە سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان بۆ لاوازکردنی، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگە پێکهاتەکان لایەنی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن و کورسیی کۆتاکانیش لەم کات و ساتەدا بە گرنگ دەزانین وەك خۆی بمێنێتەوە، چونکە تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە وەکو پێویست لە ئاستی پێکهاتەکان بەتایبەتی لە ئاستی پێکهاتەی تورکمان شەراکەتێکی ڕاستەقینە لە ناو حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا بکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی دۆخی هەرێمی کوردستان لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، چونکە لایەن و حزبە کوردستانییەکان زیاتر ململانێیان لەسەر پۆست و ئیمتیازاتەکانە و لە نێوان خۆشیان دابەشیان کردووە، ئێمە ڕێگەمان داوە بەو حزبانەش کە کەمترین کورسیشیان لە پەرلەمان بەدەست هێناوە، بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت و ئەوانیش سوودمەند بن لە پۆستەکاندا، وەکو پێکهاتەکان تەنیا بەشدارین بە یەك وەزیر، کە ئەویش سیادی نییە و ناتوانێت بە تەواوی سوود بە پێکهاتەکان بگەیەنێت. ئێمە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا چ وەك سەرۆکایەتیی پەرلەمان و چ وەك فراکسیۆنی پارتی چاکسازیی تورکمان، زۆر هەوڵمان دا و جەختمان کردەوە کە لەبری ئەوەی تەمەنی پەرلەمان درێژ بکرێتەوە، با هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی ڕێککنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان و ململانێی سیاسییەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمان ناچار بوو و هیچ ئەگەرێکیشی لە بەردەمیدا نەما بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسیی کوردستان، بۆیە بە پێویست زانرا کە دەنگ بە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بدرێت، ئەوەی زیاتر ڕێگر بوو لە بەردەم هەڵبژاردندا، هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بوو، لە ناو یاساکەشدا دوو بڕگەی بنەڕەتی هەبوو، کە هەندێ لایەن و حزبی کوردستانی جەختیان لەسەر کورسیی کۆتا بوو، کە دەیانویست دەستکاریی کورسیی کۆتا بکرێت، ئێمەش چ لە ئێستادا و چ لە داهاتووشدا بە هیچ شێوازێك ڕازی نین بەر لەوەی پرس بە لایەنی کۆتاکان بکرێت، دەستکاری کورسیی کۆتاکان بکرێت. لەلایەکی دیکەوە هۆکاری سەرەکی بۆ هەموارنەکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزب و لایەن هەن و بە ئێستاشەوە نایانەوێت پڕۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام

**پێکهاتەکان لایەنی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن و کورسیی کۆتاکانیش لەم کات و ساتەدا بە گرنگ دەزانین وەک خۆی بمێنێتەوە**

**هۆکاری سەرەکی بۆ هەموارنەکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزب و لایەن هەن و بە ئێستاشەوە نایانەوێت پڕۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت**

**من ترسێکی زۆر گەورەم لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان لایەن و حزبە کوردستانییەکان، بەتایبەت و بەدیاریکراوی لە نێوان یەکێتی و پارتی نەکرێت**

**پاڵپشتیی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، وای کرد کە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت و، هاوبەش و بەشداری کارا بین لە حکومەت و دامەزراوەکانیدا**

**پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەپەرۆشە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دەیەوێت ئەو پرۆسە دیموکراتییە لە هەرێم بەردەوام بێت و قەوارەکەشی نەکەوێتە مەترسی و بۆشایی یاساییەوە**

بدرێت، هەروەها لە ئێستاشدا ئەگەر بارودۆخ و ململانێ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەی کە هەیە بەردەوام بێت، ئەوە من وەك خۆم لەو قسەیەی خۆم بەرپرسیارم کە هەڵبژاردن لە ٢٠٢٤/٢/٢٥ ئەنجام نادرێت.

*** بەڕای ئێوە گرنگیی دووبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە چیدایە؟ ئایا وەك ئەوەی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بوویت، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان چ لایەنیکی دیکە ئامادەیە و بەپەرۆشە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە شوباتی داهاتوو ئەنجام بدرێت؟**

- لە سۆشیال میدیا و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا هەموو لایەن و حزبەکان ئامادەکاری و ڕاوبۆچوونی خۆیان وا دەردەبڕن کە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنن، کەچی بەشێك لە لایەن و حزبە کوردستانییەکان ئەو کات ئامادە نەبوون هەڵبژاردن بکرێت، بەڵکو خەریکی ڕێکخستنەوەی ناوماڵی حزبی خۆیان بوون، بەمەش ئەو کۆسپە دروست بوو کە هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت، من ترسێکی زۆر گەورەم لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان لایەن و حزبە کوردستانییەکان، بەتایبەت و بەدیاریکراوی لە نێوان یەکێتی و پارتی نەکرێت و ڕێککەوتن نەکرێت، بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەداخەوە ناچار کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق ئەم جارە سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکات، چونکە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی خۆمان بە دەستی خۆمان پەراوێز خست و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی دەرکردووە کە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی ئەو جارەی پەرلەمانی کوردستان بکات، کە فەرمانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٠٢٤/٢/٢٥ دەستنیشان کراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، بەڵام بە پشتبەستن بەو ململانێ سیاسییە بەردەوامەی نێوان یەکێتی و پارتی و سەنگەرگرتن لە کورسیی کۆتای پێکهاتەکان، بەتایبەت بە هۆی ئەو سکاڵایەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دادگای فیدراڵی تۆماری کردووە، لەسەر کورسیی کۆتاکان، ئەوە گەورەترین مەترسییە لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەویش سڕینەوەی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەو وڵاتەیە کە پێکهاتەی تورکمانە، کە دووەم پێکهاتەییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و سێیەم پێکهاتەشە لەسەر ئاستی عێراقدا. پرسیار لە ئێمەش دەکرێت بۆچی قبووڵتان کرد کە کورسیی کۆتا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەمێنێت و لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت، ئەو پرسیارەش وەڵامەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، لەو کاتەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دامەزرا، نوێنەری ڕاستەقینەی پێکهاتەی تورکمان نەبووە و ئەوەی هەیە نوێنەری ناوچە کێشە لەسەرەکانە، نەك تورکمان، بەڵام ئەو پێکەوەژیانە جوان و ئاشتیخوازەییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، وای کردووە کە هەموو پێکهاتەکان بە یەکەوە شانازی بەو قەوارە و بەو حکومەت و پەرلەمانەوە بکەن کە هەیە، هەروەها پاڵپشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، وای کرد کە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت و، هاوبەش و بەشداری کارا بین لە حکومەت و دامەزراوەکانیدا. لەلایەکی دیکەوە بێگومان زۆر ڕاستە کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەپەرۆشە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دەیەوێت ئەو پرۆسە دیموکراتییە لە هەرێم بەردەوام بێت و قەوارەکەشی نەکەوێتە مەترسی و بۆشایی یاساییەوە، ئەگەرچی لایەن هەیە دەیەوێت ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێم هەیە بەرتەسکی بکاتەوە و هەنگاوی یەکەمیش لەو پیلانە، نەهێشتنی ئەو سیستمی هەڵبژاردنەیە کە ئێستا هەیە، کە ئەمەش بۆ نەهێشتنی کورسیی کۆتای پێکهاتەی تورکمان و گەڕانەوە بۆ سیستمی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ـە، ئەو سکاڵایەی کە یەکێتی لە دادگای فیدراڵی پێشکەشی کردووە، من وەك کەسێکی یاسایی دەڵێم بەپێی ڕێکارە یاساییەکان پێشکەش کراوە، بەڵام دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ ڕێوشوێنەکانی دیاری کردووە کە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان چۆنە و چۆن دەتوانێت کار و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات. ئەگەرچی ئەوەی گرنگە و بەداخەوە و جێگەی نیگەرانییە، بابەتی ململانێی سیاسیی نێوان لایەن و حزبە کوردستانییەکانە، ئەوە پێکهاتەکان و کورسیی کۆتا دەکەنە بەربەست و بەو شێوەیە نیشانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەدەن، کە پێکهاتەی تورکمان بووەتە بەربەست لە بەردەم

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەم بۆچوونەش قبووڵکراو نییە، بەتایبەت کە دەیانەوێت کورسیی کۆتاکان و بەتایبەت کورسیی تورکمان نەهێڵن، ئێمە وەك پێکهاتەکان هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانین و لە سەرووی هەموویەوە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی هەمیشە لە ڕابردوو و لە ئێستا و لە ئایندەشدا داکۆکیکار و پاڵپشتی ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە، ئێمە پێویستمان بە کردار و هەڵویست و پاڵپشتیی واقیعی و کارایە، وەك ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی دەرهەق بە ئێمە و هەموو پێکهاتەکان ئەنجامی دەدەن.

*** خاڵی سەرەکیی ناکۆکی لە پرۆسەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، کۆتای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە، فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بێجگە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای ئەوەیان دەکرد کە کۆتای پێکهاتەکان بەسەر هەر چوار بازنەی پارێزگاکاندا دابەش بکرێن، بۆچی ئێوە وەك پێکهاتەکان بەم دابەشکردنە نارازی بوون؟**

- ئێمە خاوەن بڕیارین و خاوەنی چەندین لایەن و حزبی سیاسیی تورکمانین لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەری ڕاستەقینەمان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بۆچی ڕێگە بەو حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییانە بدەین، لەبری ئێمە پێشنیار و بەرنامە دابنێن، دەکرێت ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان و ئەوانی دیکەش پێشنیار و ڕاوبۆچوونی خۆمان هەبێت، پاشان ئەو حزب و لایەنانە لەسەر پشنیار و بڕیارەکانی ئێمە و ڕابۆچوون و دەوڵەمەندکردنی پێشنیارەکەمان کار بکەن، دابەشکردنی تورکمان بۆ چوار بازنە جگە لەوەی دەیانەوێت غەدرمان لێ بکەن، هیچی دیکە نییە، چونکە بەو سیستمە دەنگی ئێمە پەرشوبڵاو دەبێتەوە، هاوکات دەیانەوێت کورسییەکانمان بەو جۆرە نەمێنێت، چونکە هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن پێکهاتەی تورکمان چڕی ڕێژە و ژمارەکەی لە پارێزگای هەولێرە و سەرژمێرییەکی تەواویش نییە، کە بزانین لە شاری سلێمانی و دەڤەرەکانی دیکە چەند تورکمان هەیە، هەر بۆیە کەی ڕەوا و هەقە کە ئەو لایەن و حزبانە بیانەوێت کورسیی کۆتای تورکمان دابەش بکەن؟ کە دوو کورسیی کۆتای تورکمان لە سلێمانی بێت و سێ کورسیش لە هەولێر بێت، لەلایەکی دیکە خۆ ئێمە ڕێگریمان لە تورکمانەکانی کفری نەکردووە کە لیستیان هەبێت و لە هەڵبژاردندا بەشدار بن، چەند ساڵە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت کورسیی کۆتاکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەکار دەهێنرێت، ئەی ئەوە دەستتێوەردان نییە کە ئێوە وەك یەکێتی بێن و پڕۆژەیەك لە بری ئێمە پێشکەش بکەن کە دوو کورسیی کۆتای تورکمان بۆ سلێمانی و سێ کورسیش بۆ هەولێر بێت، بەندە سکرتێری پەرلەمانم هەموو، پڕۆژەکان بەلای مندا تێپەڕ دەبێت، جارێك لە جاران پڕۆژەیەکی تایبەت بە تورکمان و پێکهاتەکانم نەدیت کە یەکێتی پێشکەشی بکەن، تاوەکو ئێمەش وەك تورکمان و پێکهاتەکان ڕاوبۆچوونی خۆمانی لەسەر دەربڕین، خۆ ئێستە زەمانی بەعسیش نییە کە هیچ کار و پڕۆژەیەك گفتوگۆ هەڵنەگرێت و تەنیا جێبەجێ بکرێت، بەڵکو هەموو پڕۆژە و پێشنیارێك دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، پاشان بڕیار بدرێت و جێبەجێ بکرێت. ئێمە وەك تورکمان نەتەوەیەکی ڕەسەنین لە هەرێمی کوردستان، وەك چۆن کوردەکان ماف و ئەرکیان لەو وڵاتەدا هەیە، ئێمەش بە هەمان شێوە ماف و ئەرکمان هەیە، هەر بۆیە ئێمە بڕیارمان داوە کە کورسیی کۆتاکان وەك خۆی بمێنێتەوە و دەبوو ئەو سکاڵایەی لە دادگای فیدراڵی پێشکەش کراوە، لە یەك دانیشتندا بڕیاری ڕەتکردنەوەی بدرایە، چونکە سکاڵایەکی سیاسییە بۆ مەرامی سیاسی.

*** گریمان ئەو تۆمەتەی ئەوان ڕاستە و ئێوە وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی لە لایەنەکانی دیکە بە باشتر دەزانن، چۆن سەیری ئەم خاڵە دەکەن کە پشتگیریی فراکسیۆنی پارتی دەکەن؟**

- ئێمە وەك پێکهاتەکانی کوردستان کە پێکهاتەی تورکمان و کلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و...تاد دەگرێتەوە، پێمان وایە هاوپەیمانی بۆ مەبەستێك دەکرێت کە بۆ بەدەستێهانی ماف و بەرژەوەندی و پاڵپشتییەکانمان بێت، ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵ لایەن و هێزێك نەکردووە کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو خراپی و ناهەمواری ببات، بەڵکو هاوپەیمانیمان لەگەڵ حزبێك کردووە کە لە ئێمە زیاتر خەمخۆری خۆشی و ناخۆشیی پێکهاتەکانە.

**دابەشکردنی تورکمان بۆ چوار بازنە جگە لەوەی دەیانەوێت غەدرمان لێ بکەن، هیچی دیکە نییە**

**ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵ لایەن و هێزێک نەکردووە کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو خراپی و ناهەمواری ببات، بەڵکو هاوپەیمانیمان لەگەڵ حزبێک کردووە کە لە ئێمە زیاتر خەمخۆری خۆشی و ناخۆشیی پێکهاتەکانە .**

**خوازیارین بڕیاری دادگا لەسەر سکاڵاکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەرهەق بە کورسیی پێکهاتەی تورکمان دوانەخرێت، چونکە دواخستنی بڕیارەکە لەلایەن دادگاکەوە مەبەستی سەرەکی لێی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە**

# کۆتای کەمینەکان و پرەنسیپی نەگۆڕی داد و پێکەوەژیان

هەرێمی کوردستان چ لە پڕۆژەی ئامادەکراوی ساڵی ٢٠٠٩ و چ لە یاسای بەرکار و لە مومارەسە و پێکەوەژیاندا، سیمایەکی جوانی حوکمی مەدەنی و هزری دیموکراسی گەلی کوردستان دەنوێنێت

● **پێشەکی**

کۆتا لە بنەڕەتدا جیاکارییەکی ئەرێنییە، چونکە کەمینەکان (نەتەوەیی، ئایینی، ڕەگەز، زمان، چینی کۆمەڵایەتی، مەزهەب، نەژاد و...هتد) ناتوانن بە سانایی بگەنە دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان، بەمەش ئەوانەی ژمارە و ڕێژەیان هاوکارییان ناکات، تا ڕکابەری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن و تێکرای هەڵبژاردە بەدەست بێنن، بە شێوەیەکی کاتی کۆتایان بۆ دیاری دەکرێت، واتە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕێژەیان، کورسییان بە ڕێژەی جیاواز بۆ دادەنرێت. لە لایەکی دی بە هۆی ئەو زوڵم و زۆرداری و پێشێلکارییانەی کە لە قۆناغە مێژووییەکاندا ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

● **دەستوور و کارلێککردنی لەگەڵ پرسە کومەڵایەتی و سیاسییەکان**

دەستوور سیستەمی حوکمڕانی دروست دەکات و تایبەتکاری و ئەرکەکانی دامەزراوەکان دیاری دەکات و سنوورێکی بابەتی بۆ کارەکان دادەنێت و پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکان و گەل ڕێك دەخات.

پرسی بەشداری لە ژیانی گشتی بە هەستیاریی خۆیەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لە دەوڵەت و یەکە سیاسییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر چارەسەر کراوە و، لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتییان بووەتە جێی بایەخ.

بیرمەندان و دەوڵەتانی دیموکراسی و خودی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامە و ڕاگەیاندنەکاندا، گرنگیی تایبەتیان پێ داوە. مەرج نییە هەموو بابەتە بایەخدارەکان لە گەڵاڵەنامەی دەستووردا بن، یان هەموو بابەتە دەستوورییەکان بە گەڕانەوە بۆ گەڵانامەکە چارە دەبن. لە دەوروبەری ئەو وەسیقەیە بیرۆکە و ڕێککەوتن و پراکتیزەی وەها دێنە ئاراوە، کە کاریگەری لەسەر شرۆڤەی دادەنێن. بۆیە ئەگەر دەستوورەکان گوزارشت بن لە دامەزراوەکان و دیاریکردنی ڕێساکانی حوکم، ئەوا لە هەمان کاتدا لەگەڵ سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی کارلێك دەکەن. کەواتە دەستوور لە لایەك بابەتی سەربەخۆ و ڕۆشن دەخاتە ڕوو، لایەکی دیکەشی لەگەڵ دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە پەیوەستن و لەناو یەکن، کارلێکی هەر دوو لا، کلیلی تێگەیشتنە لە دەستوور وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، لێرەوەیە کە تێگەیشتن لە پرسە دەستوورییەکان ئاڵۆزە و بەردەوام لە خوێندنەوەدایە. پرسی کۆتا و کارلێککردنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشی لەو ڕوانگەیە بەدەر نابێت.

هەروەها دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان جەخت لە بەشداریی کەمینەکان دەکەنەوە لە دانانی دەستوور و پرۆسەی دەستوورسازی، ئەمشە ڕەوایی زیاتر بە دەستوور دەدات.



**د. عوسمان عەلی وەیسی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

● **نەتەوە یەکگرتووەکان و پرسی نوێنەرایەتیی کەمینەکان**

پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ICCPR ساڵی ١٩٩٦ کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧١ـەوە راستاندنی بۆ کردووە، لە ماددەی ٢٧دا جەخت لە مافەکانی کەلتووری و ئایینی و پەرستش و زمانی کەمینە رەگەزی و ئایینی و زمانییەکان دەکاتەوە، لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مافەکانی ئەو کەسانەی لە کەمینەی نەتەوەیی، یان رەگەزی، یان دینی، یان زمانی، یان نەتەوەییین، کۆمەڵەی گشتی لە ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ دەری کردووە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرجەستکردنی مافەکانیان دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین. لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە: ئەو کەسانەی لە کەمینەکانن مافی بەشداریی کارایان هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمیش کە ئەوە گونجاو بوو، لە بڕیارەکانی تایبەت بە کەمینەکان، یان ئەو ناوچانەی تێیدا دەژین، بە مەرجێك ئەم بەشدارییە لەگەڵ یاساکانی نیشتمانی ناکۆك نەبێت. ئامانج لە دیارکردنی کورسیی کۆتا، یەکەم پاراستنیانە لە لەناوچوون و هەستکردن بە بوون و مانەوە، دووەمیان پرسی دابەشکردنی دەسەڵاتە کە مەبەستە کورسییەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دابەش ببن، تا گەرەنتیی سەقامگیریی دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکی دابەشکراودا بکرێت.

لیژنەی مافی مرۆڤی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: کەمینە گرووپگەلێکن کە خەسڵەتی جیاوازیان هەیە، کە بە روونی لە ئەوانی دی دەردەکەون لە کۆمەڵگەدا و دەخوازن بەردەوام پارێزگاریی لێ بکەن.

لە رێککەوتننامەی ئەورووپی بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان هاتووە «چەمکی کەمینە واتە کۆمەڵێك کە ژمارەیان لە دانیشتووانی دیکەی وڵات کەمترە و رۆڵەکانیان بە جیاوازیی نەژاد، یان زمان، یان ئایین دەناسرێنەوە، و سوورن لەسەر بەردەوامبوونی کەلتوور، یان ترادیسیۆن، یان داب، یان ئایین، یان زمانیان. کەواتە سێ هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ بوونی کەمینە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا: یەکەمیان جیاوازیی خەسڵەتی کەمینەیەك لە باقی ئەوانی دی. دووەم: دەرککردن بەو جیاوازییانە و ئارەزووکردن لە پاراستنی. سێیەم: کەمیی ژمارە بەرانبەر زۆرینەی ئەوانەی کە لەناو بازنەی زۆرینە هەژمار دەکرێن.

زیاتر لە ٣٠ دەوڵەت کورسیی کۆتایان بۆ کەمینەکان دیاری کردووە و بەشێکی بوونەتە هۆی بوونی هێزی تەواوکاری بۆ وڵات و جۆشدانی یەکێتیی گەل. لەگەڵ ئەوەی لە زۆر وڵاتدا چوارچێوەی دەستووری و یاسایی نەیتوانیوە گەرەنتیی هاوسەنگی و تەواوکاری

**رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان جەخت لە بەشداریی کەمینەکان دەکەنەوە لە دانانی دەستوور و پرۆسەی دەستوورسازی، ئەمەش رەوایی زیاتر بە دەستوور دەدات**

**زیاتر لە ٣٠ دەوڵەت کورسیی کۆتایان بۆ کەمینەکان دیاری کردووە و بەشێکی بوونەتە هۆی بوونی هێزی تەواوکاری بۆ وڵات و جۆشدانی یەکێتیی گەل**

بکات لە نێوان سیستەم ئەرك و مافی کەمینەکان، ئەمەش وادەکات لە هەندێ شوێن پابەندی بۆ شوناسی لۆکاڵی زیاتر بێت و زیاتر کەمینە پابەند و وابەستەی خۆی بێت و شوناسی گشتیی نەوێت. مافی کەمینە لە دەوڵەتێك بۆ یەکێکی دی جیاوازە و ئەوان وێڕای مافی وەك یەکی هەمووان، مافی جیاکاریشیان دەوێت.

● دەوڵەتی عێراق و مافی کەمینەکان

مێژووی عێراق بریتییە لە مێژووی پێشێلکردنی مافی کەمینەکان، ئەگەرچی لە ڕووی دەستوورییەوە لە هەندێ قۆناغدا ئاوڕێك لە مافەکانیان دراوەتەوە، بۆ نموونە: لە پێشەکیی دەستووری عێراقی هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە کە هەموو پێکهاتەکان بە بێ جیاوازی دەبن، و دوو جار ناوی پێکهاتە وەك هاومانایەك بۆ کەمینە هاتووە. بەڵام لە ماددەی ٩/یەکەم/أ و ١٢ / یەکەم و ماددەی ٤٩ یەکەم کە تیایدا هاتووە «ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقیش دەکرێت»، وەك دەلالەتێك بۆ کۆی پێکهاتەکانی گەلی عێراق ئاوزەد کراوە. هەروەها لە ماددەی ١٢٥دا، لە بەشی چوارەم ئیدارە خۆجێییەکان، هاتووە کە: «دەستوور مافی کارگێڕی و سیاسی و ڕۆشنبیری و فێرکردنی نەتەوە جیاوازەکانی وەك تورکمان و کلدان و ئاشووری و پێکهاتەکانی دی دەپارێزێت و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت». تا ئەم ساتەش یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە عێراقدا نییە کە ناوی هەموو پێکهاتەکانی تێدا بێت.

**مێژووی عێراق بریتییە لە مێژووی پێشێلکردنی مافی کەمینەکان، ئەگەرچی لە ڕووی دەستوورییەوە لە هەندێ قۆناغدا ئاوڕێک لە مافەکانیان دراوەتەوە**

هەروەها دادگای باڵای ئیتیحادی عێراق چەندین بڕیاری جیاوازی سەبارەت بە کۆتای پێکهاتەکانی عێراق دەر کردووە، لە کۆتا بڕیاریدا ژمارە ٤٣/ ٢٠٢١ کە لە ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٢ بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لێ دراوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کۆتای پێکهاتەکانی ئێزیدی و کوردی فەیلی و شەبەك هاوتای کۆتاکانی دی بن و، داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە، کە وەك هەردوو پێکهاتەی کریستیان و سابیئی یەکسان بکرێن، ئەمەش یەکسانی لە ژمارە نەگەیاند بە قەدەر ئەوەی بۆ کەمینەکان، عێراق یەك بازنەیە، هەر ئەمەش بوو کە دادگای ئیتیحادی ژمارە ٧٣ و هاوپێچەکانی خاڵی ج بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٩ی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٣/ یاسای هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاکانی ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٩١٨ی هەڵوەشاندەوە، کە کورسیی کۆتای کریستیانی لە ئاستی عێراقدا دابەش کردبوو، دوو لە هەرێمی کوردستان و ئەوانی دیکەش لە ئاستی سنووری عێراق جیا لە هەرێم.

**دۆخی ئاسایش و خراپ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و ئاڕاستەکانی کردەوە و ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی دژ بە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، کاریگەری نەرێنی کردە سەر بوون و مافی کەمینەکان**

لە هەرێمی کوردستان:

١- لە یەکەم بڕیاری بەرەی کوردستانی بۆ یاسای هەڵبژاردن ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ کە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دەرچوو، کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکان دانەنرابوو، بەڵام لە ڕۆژی چوارشەممە بەرواری ١٩٩٢/٤/٨ بەرانبەر ١٩ی نەورۆزی ٢٦٩٢ی کوردیدا، بڕیاری دەرکرد کە تەنیا بۆ خولی یەکەم پێنج کورسی لە پەرلەمان بۆ پێکهاتەی (کلدانی، کاسۆلیك، نەستوری و سریان)ی دیاری بکرێت، کە وەك لە بڕیارەکەدا هاتووە لە بازنەی هەڵبژاردنی تایبەتیدا دەپاڵێورێن، بەڵام تورکمانەکان بە هۆکاری تایبەت بەشدارییان نەکرد و نەیانویست بەشداری بکەن.

٢- جێگەی سەرنجە کە ئەگەرچی یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ یان بڕیاری بەرەی کوردستانی کورسیی کۆتای بۆ پێکهاتەی تورکمان، یان عەرەب دیاری نەکردووە، بەڵام لە هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٤ دا هاتووە کە بڕگەی ٣ ی ماددەی ٣٦ هەموار دەکرێت و هاتووە کە: ئەگەر حزبێ لە ناو کۆمەڵە حزبێکدا کە هەموویان بە ناوی یەك نەتەوەوە ڕکابەری دەکەن، (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەب) مام ناوەندی (معدل) هەڵبژاردنی بەدەست نەهێنا، ئەوە لەو بارەدا کام حزب لە حزبەکانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هێنابێت، کورسییەکی دەدرێتێ. هەروەها هەر لە هەمواری سێیەمدا ژمارەی کورسییەکان دەکرێتە ١١١ کورسی.

٣- لە هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردن

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ماددەی ٣٦ ی دووبارە دادەنرێت و پێنج کورسی بۆ پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری و پێنج کورسی بۆ تورکمان و یەك کورسی بۆ ئەرمەن دادەنرێت و، هاتووەوە کە: دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانەی باس کران، پاڵێوراوی پێکهاتەکە هەڵدەبژێرن.

٤- یاسایەکی هاوچەرخ بۆ مافی پێکهاتەکان لە ساڵی ٢٠١٥ دەرچووە.

دوای ٢٠٠٥ ئەگەرچی بۆ سەرجەم کەمینەکان لە کۆی ٣٢٩ کورسیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نۆ کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکان دیاری کراوە، پێنج کورسی بۆ پێکهاتەی کریستیان و چواریش بۆ کریستیان و ئێزدی و فەیلی و شەبەك و سابیئەی مەندایی دانراوە، وێڕای سەرنجی یاساییمان لە سەر ژمارە و بوون و نوێنەرایەتییان، بەڵام دۆخی ئاسایش و خراپ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و ئاڕاستەکانی کردەوە تیرۆریستییەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی دژ بە پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق، کاریگەری نەرێنی کردە سەر بوون و مافی کەمینەکان.

## ● پێوەری دانانی کۆتای کەمینەکان

لە بنەڕەتدا دیموکراسییەت لە گەلەوەیە بۆ گەل، مەبەستیش لە پەرلەمان ئەوەیە کە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی گەلی تێدا بکرێت و دەبێ نوێنەری هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانی گەلی دەوڵەت، یان کیانی سیاسی وەخۆ بگرێت، هەر ئەمەش وا دەکات کە ئەو پێکهاتانە بتوانن هێڵی گەیاندن و پەیوەندی بن لە نێوان هاونیشتمانییان و دەسەڵات، بەتایبەت دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن. هەروەها بوونی نوێنەر لە هەموو پاشخانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیاواز لە لایەك هانی هاونیشتمانی دەدات کە کارایی لە پڕۆسەی سیاسیدا هەبێت و لە هەمان کاتدا وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕەوا لە دیدی هاونیشتمانییەوە دەداتە پەرلەمان. ئەمەش سەقامگیری و هارمۆنی و نەبوونی جیاوازی دێنێتە دی و دۆخی گەشەپێدان دەخەملێنێت و، نەرم و نیانییەکی زیاتر دەبەخشێت بۆ لە ڕوو وەستان لە هەمبەر ئاریشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. هەر بۆیە بۆ هەموو پەرلەمانێك گرنگە کە بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بێت، کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەشداریی سیاسی و ژیانی گشتی.

چەند شێوازێك هەیە بۆ نوێنەرایتیپێکردنی کەمینەکان لە پەرلەماندا، لەوانە:

أ- یاسای حزبەکان: لە هەندێ دەوڵەتدا کە یەك نەتەوە، یان یەك ئایین نییە، بە پاساوی کێشە دروستکردن بۆ سەقامگیریی سیاسی و پرسی جیابوونەوە، ڕێگە دەگیرێت بە دروستکردنی حزب لەسەر بنەمای زمان، یان ڕەگەز، یان ئایین، بەڵام بوونی حزب کە نوێنەرایەتیی کەمینە بکات بۆ پەرلەمان، بایەخی خۆی هەیە. بۆیە دەبێ یاسای حربەکان خاڵی بێت لە لەمپەری لەم شێوەیە. لای خۆمان وادەبینین کە یاسای حزبەکانی عێراق ژمارە ٣٥ی ٢٠١٥ دەکرێت بەو ئاراستەیە شرۆڤە بکرێت و پەلپی پێ بگیرێت کە نابێت حزب لە سەر بنەمای زمان و نەتەوە و.. هتد دابمەزرێت.

ب- یاسای هەڵبژاردن: دەکرێت سیستەمی هەڵبژاردن بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە دەرفەت بداتە کەمینەکان تا نوێنەریان هەڵبژێرن، بەمەش سیستەمی سیاسی دیموکراسی دروست بەرجەستە دەبێت. لە خوارەوە هەندێ ڕێکار دەخەینە ڕوو کە نوێنەرایەتی ئاسان دەکات:

- کورسیی تایبەت: بە بێ لەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەم ڕێکارە وادەکات، کەمینە بە سانایی بگاتە پەرلەمان. بۆ نموونە لە ئۆکرانیا ئەو کەمە نەتەوانەی کە ژمارەیان دەگاتە ١,٥٪ ی دانیشتووان ئەوا لە نێوان ١ تا ٣ کورسیی پەرلەمانیان دەبێت.

- بواردنیان لە کۆتی هەڵبژاردن: لێبووردن لە کەمینەکان لەو ڕێژەیەی کە وەك مەرجی دەنگهێنان بۆ چوونە ناو پەرلەمان دادەنرێت، کە زیاتر لە نێوان ٣و٥و٧٪دایە، خزمەتی وێنە گەورەکەی دیموکراسییەت و مۆزاییکە مەزنەکە دەکات. بۆیە لە سربیا حزبەکانی کەمینەکان ئەم ڕێژەیە نایانگرێتەوە کە لە ٥٪ی بۆ دانراوە.

- دانانی پشك: وەك چۆن پشك و کۆتا لە نێوان هەر دوو ڕەگەز دادەنرێت، بە هەمان شێوە دەکرێت پشك و بەشی کەمینەکان لە ناو

**لە بنەڕەتدا دیموکراسییەت لە گەلەوەیە بۆ گەل، مەبەستیش لە پەرلەمان ئەوەیە کە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی گەلی تێدا بکرێت**

**بۆ هەموو پەرلەمانێک گرنگە کە بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بێت، کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەشداریی سیاسی و ژیانی گشتی**

**لە هەندێ دەوڵەتدا کە یەک نەتەوە، یان یەک ئایین نییە، بە پاساوی کێشە دروستکردن بۆ سەقامگیریی سیاسی و پرسی جیابوونەوە، ڕێگە دەگیرێت بە دروستکردنی حزب لەسەر بنەمای زمان، یان ڕەگەز، یان ئایین**

یاسای هەڵبژاردن دابنرێت و حزبەکان ڕێژەیەك لە پێکهاتە کەمینەکان دابنێن.

- ڕێکاری پەرلەمانی: پەرلەمانەکان دتوانن نوێنەرایەتیی کەمینەکان لە بابەتە گرنگ و جێی بایەخی گشتی و تایبەتی ئەوان بەشداری پێ بکەن و ڕێکخستنی پەیڕەو بە شێوەیەك بێت کە ئەم مافەیان بۆ بەدی بێنێت:

• ڤیتۆ: لەو بابەتانەی تایبەتە بە خۆیان ڤیتۆیان ببێت. نموونە لە سلۆڤینیا دوو پێکهاتەی نیشتمانی دەتوانن نارەزاییان هەبێت لەسەر ئەو یاسایانەی کە مافە دەستوورییەکانیان پێشێل دەکات.

• پێکهێنانی لێژنەی پەرلەمانی تایبەت بە پێکهاتەکان: لێژنەی هەمیشەیی، یان فەرعیی پەرلەمانی بۆ پرسی ئەو یاسایانەی پەیوەستە بە خۆیان، یان لە بوارەکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ، دەتوانرێت نوێنەرایەتی و بوونیان نیشان بدات.

• ڕاوێژکردن: دەکرێ پەرلەمانەکان پابەند بکرێن بە ئەنجامدانی ڕاوێژ لە گەڵ کەمینەکاندا، کاتێ یاسایەکی پەیوەست بە ئەوان دەبێت. بۆ نموونە لە خوارووی ئەفریقیا کاتی دەنگدان لەسەر یاسایەك کە پەیوەست بێت بە داب و نەریتی کۆمەڵە کەمینەیەك، دەبێت یاسایەك بچێتە لای ئەنجومەنی نیشتمانی و لای ئەندامانی تایبەت بەم پرسە دیراسە بکرێت، یان دەکرێت دانیشتنی گوێگرتنیان بۆ ئەنجام بدرێت و لە پەرلەمان چین و توێژەکانیان گفتوگۆیان بۆ ئەنجام بدرێت، یان نووسینیان لێ وەربگیرێت، یان گفتوگۆ لە گەڵ شارەزایانیان بکرێت و سەردانی مەیدانیی ئەندامانی پەرلەمان ئەنجام بدرێت.

• دەنگدانی زۆرینەیەکی شیاو: بەو مانایەی کە ڕێکارێکی دەنگدانی جێگرەوەیە و قورسایی زیاتر دەداتە دەنگی نوێنەری کەمینەکان.

• ئامادەیی بوون و ڕەمزی، بەم ناوە ئەم ناونیشانە ناوزەد کراوە، کە خۆی لە قسەکردن بە زمانی زگماکی خۆیان دەبینێتەوە لە ناو پەرلەمان، یان بایەخدان بە بۆنەکانیان و کاراکردنی ڕۆڵیان لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە، ئەم شێوازە نەرمانەی کارکردن دەتوانێت وا بکەن کە نوێنەرایەتیی کەمینەکان دیار بێت.

ج- دانانی تۆماری تایبەت: وەك ئەوەی بۆ ماوەرییەکان لە نیوزلەندا دانرا، کە تەنیا یەك تۆمار هەبوو بۆیان، بەڵام دواتر تۆماری گشتیی نیشتمانییشیان بۆ کرایەوە و تۆمار بووە ئیختیاری کە داوای خودی ماوەرییەکان بوو، چونکە پێیان وابوو جیاکارییە، حەزیان بە جیاکاری نەدەکرد، واتە هەم ٧ کورسییەکەیان هەیە، هەمیش دەتوانن لە ناو لیست و حزبەکانی دیکە خۆیان بپاڵێون.

د- بوونی حزبی سەروو نەتەوەیی: دامەزراندن و بوونی حزبی فراوان لەسەر بنەمای هاونیشتمانی و دواتر جێکردنەوەی پێکهاتە لە ناو حزب و کایەکانی دیکەی ڕکابەریی، وادەکات بایەخ بە بەرژەوەندی و بوونی پێکهاتە بدرێت.

### ● ژمارەی کورسی:

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا دەبێت گرووپێك، یان کەمینە چەند کورسیی کۆتای بۆ دابنرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو ئاراستە هەیە:

یەکەم: پێوەری ژمارە: ئەم ڕایە پێی وایە دەبێت ژمارەی کورسی بە شێوەیەك بێت کە گونجاو بێت لە گەڵ ژمارەی گشتیی دانیشتووان.

دووەم: پێوەری بوون: ئەم پێوەرە پێی وایە کە لانی کەمی کورسی کە بتوانی گوزارشت لە بوونی ئەو گرووپە و پرسەکانیان بکات، بە شێوەیەکی کارا.

دەکرێ نموونەی هەندێ دەوڵەت وەربگرین کە جۆری میکانیزم و ژمارەی کورسیی پێکهاتە کەمینەکان بخاتە ڕوو، بۆ ئاشنابوونی زیاتر سەیری خشتەکە بکەن.

### ● کۆبەند

دەبێت دەستووری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیان پابەند بێت بە ڕێگەنەدان لە پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و مافەکانیان و خواستی ڕاستەقینە هەبێت بۆ بەرجەستەکردنی گرفتەکانیان و لە جیاتی کارئاسانی ڕووبەڕوی کێشە نەکرێنەوە، تا بکرێت دەست بە سەقامگیرییانەوە بگیرێت و ئنتیگرەیشن لە پاڵ بوونی فرەیی بە هەند

**وەک چۆن پشک و کۆتا لە نێوان هەر دوو ڕەگەز دادەنرێت، بە هەمان شێوە دەکرێت پشک و بەشی کەمینەکان لە ناو یاسای هەڵبژاردن دابنرێت و حزبەکان ڕێژەیەک لە پێکهاتە کەمینەکان دابنێن**

**دەبێت دەستووری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیان پابەند بێت بە ڕێگەنەدان لە پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و مافەکانیان و خواستی ڕاستەقینە هەبێت بۆ بەرجەستەکردنی گرفتەکانیان**

| ڕێژە | ژمارەی گشتیی کورسییەکانی پەرلەمان | جۆری میکانیزم | دەوڵەت |
|---|---|---|---|
| ٢ | ٨٠ | ٩ کورسی کریستیان<br>٣ شەرکەس<br>٦ بەدو | ئوردون |
| ٧ | ٨٨ | ٦ کریستیان<br>١ سامرین | فەلەستین |
| | ٦٠٣ | نەبوونی ڕێژەی ٥٪ بۆ کەمینەکان | ئەڵمانیا |
| | ٤٥٠ | بازنەی هەڵبژاردنی داخراو بۆ گرووپی کەمینە ڕەگەزی | ئۆکرانیا |
| | ٤٣٥ | بازنەی داخراو بۆ ئەوانەی بنەچە ئەفریقی و لاتینین | ئەمریکا |
| | ٢٧٤ | ٥ کورسی بۆ زنجبار | تانزانیا |
| ١١ | ١٧٩ | ٢ کۆتا بۆ کەنداوی ئالفا و هەڵاوێردنی حزبەکانی کەمینەی ئەڵمانی لە ڕێژەی ٢٪ | دانیمارك |
| ٤ | ٣٤٣ | ١٩ کورسی بۆ کەمینەی ڕەگەزی بچووك | ڕۆمانیا |
| ٢ | ٩٠ | ١ کورسی بۆ هەنگارییەکان | سلۆ ڤینیا |
| | ٢٠٠ | ١ کورسی بۆ جەزیرەی ئاند | فینلەندا |

وەربگیرێت. پرسی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بۆ ئاریشە و خواستەکانیان ئەولەوییەت بێت و، کۆمەڵگەی مۆدێرن لە ڕوانگەی دیموکراسیی گونجاو لە گەڵ دیموکراسی و قۆناغ لەگەڵ پرسەکانیان ئاوێزان بووە. نابێت ڕووبەڕووی تۆمەت و پەراوێزخستن و سەنگەرلێگرتن ببن.

هەرێمی کوردستان چ لە پرۆژەی ئامادەکراوی ساڵی ٢٠٠٩ و چ لە یاسای بەرکار و لە مومارەسە و بەیەکەوە ژیاندا، سیمایەکی جوانی حوکمی مەدەنی و هزری دیموکراسی گەلی کوردستان دەنوێنێت.

سەرچاوەکان:
یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو
- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان
یاسای حزبەکانی عێراق ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە وەقایعی عێراقی ژمارە ٤٣٨٣ لە ١٢ تشرینی یەکەم ساڵی ٢٠١٥ دا بڵاو کراوەتەوە.
دەستووری عێراق ٢٠٠٥.
Parlıaments &Minorities and Indigenous Peoples، agora، portal for Parliamentary development.
Farhad Hassan Abdulla &Hawre hasan Hama، Minority Representation and Reserved Legislative Seats in Iraqi Kurdistan.
ویل کیمليکا، المواطنة متعدد الثقافات، ترجمة عبدالنور خراقي، الجامعة الأمريكية في بغداد، بيروت، ط١، ٢٠٢١.



سزادانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووری و داراییەوە زیانی بۆ یەکپارچەیی و سەقامگیریی عێراق هەیە

دکتۆر ئیدریس ڕەمەزان
مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و نەناردنی پشکی بودجە لە چوارچێوەی شەڕێکی ئابووریدایە دژ بە قەوارەی هەرێم

**پابەندبوون و جێبەجێکردنی شەفافییەت و ئیلتزاماتەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێگەی خۆش نەکرد بۆ مامەڵەکردنێکی عەقڵانی و لۆژیکانە لەگەڵ دۆسێی دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و ناردنی تەواوی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە بودجەی گشتیی عێراقدا ئەو مافە بۆ هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە، بە پێچەوانەوە هەندێک لایەنی سیاسی لە ڕێگەی فشارخستنە سەر حکومەتی عێراقەوە شەڕێکی ئابوورییان دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەست پێکردووە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئیدریس ڕەمەزان مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین ساز دا.**

* وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی ئابووری ئەم مامەڵە و هەڵسوکەوتەی عێراق و هەندێک لایەنی سیاسی دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان چۆن لێک دەدەیتەوە؟ ئایا لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە تاچەند وەزارەتی دارایی مامەڵەیەکی تەندروست و یاسایی لەگەڵ بابەتی بودجە و مووچە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات؟

- حکومەتی عێراق لەبری ئەوەی پێشوازی لە دەستپێشخەری و نیازپاکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، هەنگاوی بەرەو شەڕێکی ئابووری دەست پێکردووە، زۆرجار پاساو و بیانووی جۆراوجۆر دەهێننەوە بە مەبەستی جێبەجێنەکردنی مادده و بڕگەکانی ناو دەستوور و یاسا بەرکارەکان، هەروەکو ئەوەی لە بابەتی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقی فیدراڵیدا ڕووی دا و بابەتی (انفاق فعلي)یان هێنایە پێشەوە و کردیانە بیانوویەک بۆ نەناردنی تەواوی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا، یان بیانووهێنانەوە بۆ ژمارە و وردەکارییەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و خەرجییەکانی هەرێم، لەمەشدا چەند حزب و لایەنێکی سیاسیی کوردستان دەستیان لە بڵاوکردنەوەی ئەم پڕوپاگەندە و زانیاری و داتا ناتەندروستەدا هەبووە، ئەوان خوازیارن حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی نەمێنێت و خەڵکی دەست بە ناڕەزایەتی بکەن، بەغدا و ئەم جۆرە حزب و کەسانە گوێیان لە ژیان و باری بژێوی خەڵکی کوردستان نییە، ئەوان پێشوازی لە بڕیارە ناتەندروست و هەڵەکانی دادگای فیدراڵی و دادگای ناوبژیوانانی ژووری بازرگانیی پاریس و دامەزراوەکانی دیکەی پەرلەمان و وەزارەتەکان دەکەن، تاوەکو سەرچاوەکانی داهاتی کوردستان وشک بکەن و قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن.

بەم شێوەیە هەرچی هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنی نێوان هەولێر و بەغدا، لەمپەر و ئاستەنگی لەبەردەم دادەنرێت. جێبەجێکردنی بودجە و ڕێککەوتنی شنگال و ماددەی ١٤٠ی

**حکومەتی عێراق لەبری ئەوەی پێشوازی لە دەستپێشخەری و نیازپاکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، هەنگاوی بەرەو شەڕێکی ئابووری دەست پێکردووە**

**ئەو لایەنە سیاسییانەی دژی هەرێمی کوردستانن لە جێبەجێکردنی ئەجێندەی دەرەکی و شۆڤێنی زیاتر هیچی دیکەیان لە هەگبەدا نییە**

**ڕاگرتنی ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم زیانی بۆ ئابووریی هەرێم و عێراق و تورکیاش هەیە**

**عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس وردە وردە هەژموونی ئێرانی بەسەردا زاڵ بوو، بۆیە لە هەموو کابینەکاندا هیچ جۆرە نیازپاکییەکیان بەرانبەر هەرێمی کوردستان نەبووە**

**هێزە ئیقلیمییەکان بەهێزیی هەرێمی کوردستان و بوونی حکومەتێکی نیشتمانیی کوردستانی بە مەترسی دەزانن، بۆیە شەڕێکی دیکەی ئابووری لەلایەن ئەو وڵاتانەوە دژی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە**

دەستوور و ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز و دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی و دەیان بابەتی دیکەی ناو ڕێککەوتنەکان هەیە، لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ ناکرێن. ئەو لایەنە سیاسییانەی دژی هەرێمی کوردستانن لە جێبەجێکردنی ئەجێندەی دەرەکی و شۆڤێنی زیاتر هیچی دیکەیان لە هەگبەدا نییە، ئەوان خوازیارن هەرێم و خەڵکی کوردستانیش هاوشێوەی ناوچەکانی خۆیان ناسەقامگیری و نائارامی تێ بکەوێت، ئەم مەرام و پیلانەیان ئەگەر لەسەر حیسابی داهات و ئابووریی عێراقیش بێت، وەکو ئەوەی چۆن بینیمان کە ڕاگرتنی ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم زیانی بۆ ئابووریی هەرێم و عێراق و تورکیاش هەیە. بەڵام هەرگیز ئەم شەڕە ئابوورییەیان بۆ ناچێتە سەر، چونکە هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا ماف و ئەرکی هەیە، ناکرێت مافەکانی پێشێل بکەیت و داوای پابەندبوون و ئەرکی قورسیشی لێ بکەیت، ئەمە مامەڵەیەکی لۆژیکانە و زانستییانە و دەستووری و یاسایی نییە و ئیستغلالی مادده و بڕگە دەستووری و یاساییەکانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، سزادانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووری و داراییەوە زیانی بۆ سەر یەکپارچەیی و سەقامگیری عێراق هەیە، لە وڵاتێکدا کە خۆی نغرۆی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی و بێکاری و هەژاری و خراپیی خزمەتگوزارییەکان بووەتەوە.

*** باسی ئابووریی عێراقت کرد، ئەگەرچی بەهای بەرمیلێك نەوت سنووری ٩٠ دۆلاری تێپەڕاندووە و داهاتی تەنیا مانگی ڕابردووی نەوتی عێراق لە سەرووی ٩ ملیار دۆلار بووە، کەچی گەلی عێراق بە پێچەوانەی ئەم داهاتەوە لە بار و گوزەرانێکی خراپدایە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس وردە وردە هەژموونی ئێرانی بەسەردا زاڵ بوو، بۆیە لە هەموو کابینەکاندا هیچ جۆرە نیازپاکییەکیان بەرانبەر هەرێمی کوردستان نەبووە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پشکی شێری بەردەکەوێت لە دامەزراندنی عێراقی نوێدا، بەڵام ئەوان دۆخەکەیان تێك دا و دەسەڵاتیان پاوان کردووە، دووبارە سیناریۆی دژایەتیکردن و زیانگەیاندن بە خەڵکی کوردستانیان وەکو ڕژێمی بەعس دەست پێکردەوە، هەروەکو چۆن لە بابەتی ئاودیوکردنی دۆلار و گەندەڵی و دەستبەسەراگرتنی کێڵگە نەوتییەکان لەلایەن میلیشیاکانەوە دەبینرێت، بۆیە ئەم وڵاتە مامەڵەیەکی ژیرانەی لەگەڵ مەلەفی نەوت و داهاتەکەیدا نەکردووە، تاوەکو ئەم داهاتە زەبەلاحە ببێتە دەستکەوتی دارایی و ئابووری و لە سێکتەرە بەرهەمهێنەکاندا وەبەرهێنانی تێدا بکرێت. ئەوەتا لەبری ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا پەیوەندییەکانیان ئاسایی ببێتەوە و تەکامولێکی ئابووری و بازرگانی دروست ببێت، تازە بە تازە بازگەی نایاسایی گومرگ دادەنرێت و سەرانە لە بازرگانەکان وەردەگیرێت و بیانوو و پاساو بۆ ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت. ڕەنگە مەترسیدارترین هێرش و دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێم دوای شکستی دژایەتیی سەربازی و سیاسی بە ڕێگە و شێوازی ئابووری و دارایی بێت، تەنانەت من پێم وایە بابەتی مەرکەزییەتیش فشارێکە بۆ هەڵوەشانەوەی فیدراڵییەت، چونکە ئەوان لە نێوخۆی عێراقدا نەیانتوانیوە لەسەر داهات و دۆسێی نەوت و گاز و بازرگانی و دارایی مەرکەزییەت لە ڕووە زانستی و چاودێرییەکەشەوە جێبەجێ بکەن، ئەی خێرە لەسەر هەرێمی کوردستان بەو نالۆژیکییە مامەڵەیەکی دژایەتییانە دەکەن؟ بە تەئکید لەمەدا ئەجێندەی دەرەکی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بەداخەوە هێزە ئیقلیمییەکان بەهێزیی هەرێمی کوردستان و بوونی حکومەتێکی نیشتمانیی کوردستانی بە مەترسی دەزانن، بۆیە شەڕێکی دیکەی ئابووری لەلایەن ئەو وڵاتانەوە دژی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم هەموو پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، بەڵام دانوستانەکانی نێوان شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر زۆر بواری تایبەت بە گرێبەستەکان و خەرجی و تێچوونی کۆمپانیاکان و نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز بەم نزیکانە دەرئەنجامێکی دیاری نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەم دۆسێیە تا چەند زیانی بە ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە؟**

- لە دۆسێی نەوتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، هەر خۆی لەخۆیدا پەنا بردنە بەر دادگای فیدراڵی و دواتر دادگای ناوبژیوانانی پاریس بۆ ڕاگرتنی سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی هەرێمی کوردستان بوو، هەموو ئەو یاسایانەشی لە پەرلەمان پەسەند دەکرێن، بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان خوێندنەوەی بۆ دەکەن، خۆ ئەگەر ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێراقیش بە هاوبەشی نەبێت و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا دایبرێژنەوە و لە پەرلەمان گفتوگۆ و دەستکاریی بکەن، دوور نییە ئەو یاسایەش بە هەمان عەقڵییەتی مەرکەزی و دژایەتیی هەرێم دەربچێت، ڕاستە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بەرهەمی لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری هاوپەیمانێتیی دەوڵەتە و کوردیش لایەنێکی سەرەکییە و ڕێککەوتنیش لە نێوان سەرۆك وەزیرانی هەرێم و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵی لە بەغدا کرا، بەڵام ئەوان هەردەم لە ڕێککەوتنەکان پاشگەز بوونەتەوە، ئەگەر بە زیانی خۆشیان تەواو بووبێت، باشە لە ئێستادا نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە و دەبێت بەپێی دەستوور و یاساکانی خۆیان لە بەشی نەوت و بەنزین و گازدا هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانیش بنێرن، وەزارەتی نەوتی عێراق هەموو کارتەکانی فشار و دژایەتیکردنی دژی هەرێمی کوردستان بەکار هێناوە، تاوەکو هەرێمی کوردستان لاواز بێت، بەڵام خۆ نەڕۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان تەنیا زیانی بۆ هەرێم نییە، بەڵکو عێراق و تورکیاش زیانی گەورەیان بەردەکەوێت و کاریگەریشی لەسەر بودجەی عێراقیش دروست کردووە.

*** لەم بارودۆخەدا کە عێراق بەرەو مەرکەزییەت و هەژموونگەرایی چەند لایەنێکی سیاسی دەچێت و شەڕی ئابووری دژی قەوارەی هەرێم زیاتر بووە، دەبێت کورد بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی ئابووری چی بکات؟**

- کورد کێشەی خاك و نیشتمانی لەگەڵ عێراقدا هەیە، کە دەبێت بەپێی ماددەی دەستوور چارەسەر بکرێت، دواتر کێشەکانی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم دێت، خۆ ئەگەر نێوماڵی کورد، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی یەکێتی بە لۆژیکانە هەڵسوکەوتیان بکردایە و بۆ فریاکەوتنی خەڵك و مافەکانیان لە بەغدا پێکەوە لەگەڵ پارتی هاودەنگ و یەکهەڵوێست بوونایە، ئەوا زۆر زەحمەت بوو ئەم هەموو پیلانگێڕییە دژی خەڵکی کوردستان سەربکەوێت. لەلایەکی دیکەوە کاتی ئەوە هاتووە دووبارە دیپلۆماسییەتی کورد لەگەڵ هاوپەیمانەکان و دۆستەکان بەکار بهێنرێت، تاوەکو بکرێتە کارتێکی فشار دژی ئەو شەڕە ئابوورییە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەوەندەی لەسەر بنەمای کەسی و حزبی دانراون، ئەوەندە لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕایەتی دانەنراون، زۆربەی جار لە دانوستانەکان و گفتوگۆکاندا بەتایبەتی لە بواری دارایی و ئابووریدا زۆر لە لایەنە سیاسییەکان خاڵ و بڕگەی وا دادەنێن کە دواجار کارەساتی وێرانکەری بەدوای خۆیدا هێناوە، ڕوونتر نموونەش دەستوور و یاساکانی بودجە و بڕگەی ئینفاقی فیعلی و مافەکانی دیکەی گەلی کوردستانە.

لە ئێستادا ناهاوتایی لە نێوان هەردوو هێزی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە، لەوێ هەمووان بۆ دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستان هاودەنگن، کەچی لێرە بۆ بەرگریکردن هێزە سیاسییەکان ناتەبان، لەوێ چەکی ئابووری دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنرێت و لێرە بەهۆی کەسان و گرووپی لادەر لە یاسا و هەندێك جار نەزانەوە، گەندەڵی و دژایەتیی هزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری سەری هەڵداوە، هەندێك حزبی کوردستانی بە ئاشکرا بەپێی هاوپەیمانێتیی ژێربەژێری بیانی و ئەجندای دەرەکی دژ بە کوردستان هەڵدەسووڕێندرێن و بوغز و قین و لێنەپرسینەوە وای لێ کردوون، ئەو ڕاستییە نەبینن کە شەڕی ئابووری دژی هەرێمی کوردستان، شەڕێکە دژی قووتی خەڵك و ژیانی هاووڵاتییانە، بەشداریکردن لەو شەڕە لە ڕووی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە تاوانێکی گەورەیە. ئەم دۆخە پێویستی بە هەنگاوی خێرا و بەپەلە هەیە، پێشینان وتوویانە «ئەگەر دار کرمی لە خۆی نەبێت، تەمەنی هەزار ساڵە».

**پەنا بردنە بەر دادگای فیدراڵی و دواتر دادگای ناوبژیوانانی پاریس بۆ ڕاگرتنی سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی هەرێمی کوردستان بوو**

**وەزارەتی نەوتی عێراق هەموو کارتەکانی فشار و دژایەتیکردنی دژی هەرێمی کوردستان بەکار هێناوە، تاوەکو هەرێمی کوردستان لاواز بێت**

**کاتی ئەوە هاتووە دووبارە دیپلۆماسییەتی کورد لەگەڵ هاوپەیمانەکان و دۆستەکان بەکار بهێنرێت، تاوەکو بکرێتە کارتێکی فشار دژی ئەو شەڕە ئابوورییە.**

**لە ئێستادا ناهاوتایی لە نێوان هەردوو هێزی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە، لەوێ هەمووان بۆ دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستان هاودەنگن، کەچی لێرە بۆ بەرگریکردن هێزە سیاسییەکان ناتەبان**

# بەرپرسیارێتیی سیاسیی ڕۆشنبیری کوردستان چییە؟

ڕۆژانە لەم جیهانە هاوچەرخ و پان و بەرینەدا ئاگاداری گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان دەبین، لە پاڵ ئەمەشدا هۆشیاریی مرۆڤ لە ڕووی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا زۆر زیادی کردووە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە ململانێی فیکری چەندین ڕێڕەو و ڕەهەندی تازەی لای ڕۆشنبیر هێناوەتە ئاراوە، بەتایبەتیش ئەو شکست و نائومێدییەی دێتە پێش لە ئەنجامی مامەڵەکردنی هێز و ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان لە نێوان خۆیاندا، لەوانەش ڕەوت و حزبە ئیسلامییەکان، چونکە ئەو هێزانە تا ئێستاش لە ڕووی دۆزینەوەی بناغەیەکی هاوبەشی کارا بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد و پاراستن و بەرگریکردن لە قەوارەی سیاسیی وڵات دەستەوەستانن، تەنانەت هەندێك لەو هێزانە هانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدەن کە دژی قەوارەی سیاسی بوەستنەوە، تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی ئاوات بە هەرەسهێنانی ئەو قەوارەیە بخوازن. بۆیە لێرەدا ڕۆڵی ڕۆشنبیری کوردی نیشتمانپەروەر دێتە گۆڕێ، کە پێویستە بێتە مەیدان و وەك بەرپرسیارێتییەکی تاکەکەسی داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد و سیستمی سیاسیی ئێستای کوردستان بکات، هاوکات ببێتە لایەنێك لەم ململانێیە، ئەمەش لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەك کە دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێیدا بەرقەرار بێت، بەڵێ دەبێ لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕۆشنبیری کوردی نیشتمانپەروەرە بێتە مەیدانەوە و، گوێ بە قسە و ئەو چەمکانەی کۆمەڵگە نەدات کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم هەوڵەکانیدا، دواجار کە هەوڵ دەدەن لەم ئامانجە پیرۆزە ساردی بکەنەوە، هاوکات نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئینتیمای ئەو چوارچێوە فیکرییە دیاریکراوانەوە، بەڵکو پێویستە تەنیا ئینتیمای بۆ گەل و نیشتمان هەبێت، لە هەمان کاتدا دەبێت بە هەموو توانایەکییەوە بەرەوڕووی هەموو ئەو فیکر و بیروبۆچوون و هەوڵانە بوەستێتەوە کە دەبنە بەربەست لە ڕێگەی ئازادی و سەرفرازی و کەرامەتی گەلی کورددا.

دەبێ لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕۆشنبیری کوردی نیشتمانپەروەرە بێتە مەیدانەوە و، گوێ بە قسە و ئەو چەمکانەی کۆمەڵگە نەدات کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم هەوڵەکانیدا

دەبێت ڕۆشنبیری کورد لە ڕووی مامەڵەی سیاسییەوە دژی توندوتیژی و پەڕگیری و هەموو جۆرە دەمارگیرییەکی تایفەگەری و ئایینی بێت، بۆیە ئەرکی ڕۆشنبیری کوردستانە کە ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکی بگێڕێت لە بەرپاکردنی توانا و هەستانەوەی هەست و بیری نیشتمانی و نەتەوەیی و گۆڕینی بۆ وزە و توانایەکی کارا، دەبێ ئەوەشی لەبەر چاو بێت و بە تەواوی دەرك بەوە بکات کە پرۆسەی بنیاتنان و پەرەپێدانی کۆمەڵگە زۆر ئاڵۆز و سەختە، بە جۆرێك کە ئەستەمە حزبێکی دیاریکراو یان ڕەوتێکی سیاسی یان ئایینی و تەنانەت دەستەبژێرێکی دیاریکراو شانی بداتە بەر، هەرچەندە بانگەشەی ئەوەش بکات کە شەرعییەتی ئەوەی هەیە کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە بکات، بۆیە ئەم کارە پێویستی بە هەوڵی هاوبەشی هۆشیاری و ڕێکخراوەیی هەموو ڕۆشنبیرانی بێلایەن و سەربەخۆ، یان ئەوانەی لە حزب و ڕەوتە سیاسی و فیکرییەکاندان هەیە، لەسەر ڕۆشنبیر پێویستە ئەوە ڕەت بکاتەوە کە دەستەبژێرێکی دیاریکراو بەپێی دیدگەیەکی ئایدیۆلۆجیی دیاریکراو پرۆسەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بێنێتە کایەوە، بەڵکو دەبێت هەموو لا بەشداربن و لەسەر بنەمایەکی هاوبەش ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ئەوەش پاراستنی ماف و ئازادی و دەستکەوتەکانی گەلی کوردە، هەروەها قوربانیدانە لە پێناو بەهێزکردنی سیستمی سیاسی و بەرگریکردنە لە کوردستان.

لەسەر ڕۆشنبیر پێویستە ئەوە ڕەت بکاتەوە کە دەستەبژێرێکی دیاریکراو بەپێی دیدگەیەکی ئایدیۆلۆجیی دیاریکراو پرۆسەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بێنێتە کایەوە

پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیری هۆشمەندی کورد لەوەدایە کە بە تەواوی ئەوە ڕەت بکاتەوە کە ڕەوتێکی سیاسی ماف بە خۆی بدات، پرۆسەی سیاسی قۆرخ بکات، چونکە هیچ توێژێکی سیاسیی نەتەوەیی یان ئایینی مافی ئەوەی نییە دیدگە و بۆچوونی خۆی بسەپێنێت، جگە لە پرۆسەی دیموکراسی و فرەلایەنیی سیاسی. بۆیە پێویستە ململانێی سیاسی لە کوردستان لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرێکی گەندەڵیی دارایی و ئیداریدا بێت، جا بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری کورد ڕۆڵی خۆی ببینێت، وا پێویست دەکات دەستبەرداری ئینتیمای خۆی بێت لە بیروباوەڕێکی دیاریکراوی سیاسی،



**پ. د.کامەران ساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

چونکە ئینتیمای ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر دەبێت بۆ فیکری سیاسیی نەرم و ئامانجدار بێت، بۆ هێنانەکایەی ئایندەیەکی گەش بۆ کۆمەڵگەی کوردی و لە پێناو گەشەسەندنیدا بێت، زۆر پێویستە لێرەدا جەخت لەوە بکەینەوە کە بەشدارییە فیکری و داهێنانەکانی ڕۆشنبیر نابێت لە سنووری کات و شوێن و چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیایەکی توند و پەڕگیردا بن، بەڵکو ئینتیمای ڕۆشنبیر بۆ کێشە و دۆزی نەتەوە و خاکی نیشتمانە، ئەرکی سەرشانییەتی کە بەشداریی پرۆسەکانی چاکسازیی سیاسی بکات لە سیستمی سیاسیی کوردستاندا، ڕۆشنبیری کورد ئەوەی کە ئینتیمای بۆ فیکرێکی سیاسی یان ئایینێکی دیاریکراو هەبێت، پێویستە خۆی نەخاتە نێو بازنەیەکی دیاریکراوی چەقبەستووی بیروباوەڕەوە، یان بەدوای ناوەندێکدا بگەڕێت کە دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە بەمە پەیامی ڕاستەقینە پشتگوێ دەخات، کە داکۆکیکردنە لە سەرجەم ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵگە.

بەرپرسیارێتیی ڕۆشنبیر بریتییە لە بەرپرسیارێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆیە دەبێت داهێنان و بەشدارییە فیکرییەکانی خۆی بۆ گەشەپێدانی نیشتمانی و نەتەوەیی تەرخان بکات، هەموو چالاکییە فیکرییەکانی بخاتە خزمەت هوشیاری بۆ هێنانەکایەی ماف و ئازادییەکانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە و داکۆکیکردن لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی سیستمی سیاسیدا، پێویستە ڕۆشنبیر دوور بێت لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کەلتووریی کۆمەڵگەکەی کە لەسەر بنەماکانی ئایدیۆلۆجیی توندڕۆ و دەمارگیریی سیاسی بێت.

دیارە سیاسەتی گرتنەخۆی ڕۆشنبیر و شێواندنی ڕۆڵ و بەکارهێنانی بۆ داکۆکیکردن لە ئایدیۆلۆجییەتی باڵادەستی و هەژموونخوازی و قۆرخکردنی کاری سیاسی، پێشتر و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەوانە سیماگەلێکی ڕژێمی دیکتاتۆرین، کە هەموو ڕەخنەیەکی عاقڵانە ڕەت دەکەنەوە، بۆیە ئەم ڕژێمانە هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەندێك لەو ڕۆشنبیرانە بکەنە ئامرازێك بۆ داکۆکیکردن لە دیدگەو تێڕوانینی سیاسی و ئابووری و فیکری و دەمارگیریی خۆیان و، دواجار پیرۆزکردنی حوکمڕان و بەگەورەدانانیان، هەر بۆیە ئەم توێژە ڕۆشنبیرە لە نووسەر و شاعیر و زانایان و سیاسەتوانان و زانایانی ئایینی تەنیا دەبنە مرۆڤی سەرلێشواو و نەخۆش و بێ ئومێد و دووفاق، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرانەی پابەندن بە پرسی ئازادی و دیموکراسی و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان، ئەوانە هەموو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە ڕووی سیاسی و فیکرییەوە ڕەت دەکەنەوە، چونکە کێشەی ڕۆشنبیری هۆشمەندی نیشتمانپەروەر بریتییە لە ململانێ لە پێناو دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ، نەك پیرۆزکردنی حوکمڕان و بەرپرسێکی تاکڕەو.

**پێویستە ململانێی سیاسی لە کوردستان لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و ڕووبوونەوەی هەموو جۆرێکی گەندەڵیی دارایی و ئیداریدا بێت**

لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە چینی ڕۆشنبیری هۆشمەند پێویستە پابەندی کێشەی گەل و نیشتمان بێت و داکۆکی لە قەوارەی سیاسیی وڵات بکات و، بەرپرسیارێتیی کلتووری بە سیاسییەوە گرێ بدات، هەروەها کار لە پێناو ئامانجە سیاسییەکانی مرۆڤایەتیدا بکات، لە هەوڵی هێنانەکایەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا بێت و بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە، هاوکات لە میانی داهێنانە فیکرییەکانیدا بەشداری بکات لە ڕەواندنەوەی نائومێدی و بێباکی و شکست لە نێو کۆمەڵگەدا، لەلایەکی دیکەوە بەشدار بێت لە بەهێزکردن و کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها داوا لە حزب و ڕەوتەکانی سیاسی و ئایینیی کوردستانییەکان بکات، تاکو بنکە و بناغەیەکی پتەوی هاوبەش بنیاد بنێن بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد، لە هەمان کاتدا بەرانبەر هەموو ئەوانە بوەستنەوە کە دژایەتیی سیستمی سیاسیی کوردستانی عێراق دەکەن، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستە هەوڵی هاوبەش و ڕێکخراو بدرێت لە لایەن سەرجەم ڕەوت و حزبە سیاسی و ئایینی و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

**پێویستە ڕۆشنبیر دوور بێت لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کەلتووریی کۆمەڵگەکەی کە لەسەر بنەماکانی ئایدیۆلۆجیی توندڕۆ و دەمارگیریی سیاسی بێت**



دکتۆر عەباس عەلی
پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی و فەلسەفە بۆ گوڵان:

# حزبی ئیسلامی سیاسی هەڵگری هزری هاوردەن و لە ناو کوردستانەوە هەڵنەقووڵاون بۆیە کەمتر بایەخ بە خاک و نەتەوە دەدەن

**لە دوای ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردووەوە بیر و لایەنی ئیخوان موسلیمین گەیشتە هەرێمی کوردستان و، لە ساڵانی هەشتاوە بیر و لایەنی جیهادی دروست بوو، ئەو لایەن و حزبە ئیسلامییە سیاسییانە بە جۆرێکن کە ڕێز لە نەتەوە و نیشتمان و خاك و پیرۆزییەکانی میللەتەکە ناگرن و بە ئارەزووی خۆیان هەر کەسێکیان فتوا دەدات و خوێنی خەڵك بە کوشتن حەڵاڵ دەکەن، بۆ ئەو پرسە و چەندین پرسیاری دیکە، وەك گۆڤاری گوڵان دیدارێکمان لەگەڵ دکتۆر عەباس عەلی پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی و فەلسەفە ئەنجام دا.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئیسلامی سیاسی زۆر کۆن نییە کە لە کوردستان دروست بووە و بۆ سەرەتای ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە، کە ئەویش هزری ئیخوان موسلیمین بوو، بەڵام ئیسلامی سیاسییش لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی هەیە، بەڵام وەك ڕا و بۆچوونی من، لایەنی نەرێنی لە ئەرێنیەکەی زیاترە و، کاریگەرییان لەسەر هێڵی گشتی هەیە، کە ئەو کەسانەن کە نەخویندەوارن و ڕۆشنبیر نین و ئیسلامی تەقلیدین، هەروەها دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە دروستبوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا هۆکارێکی بۆ حزب و لایەنە سیاسییە عیلمانییەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەو لایەنانە وەك عیلمانییەکانی ڕۆژئاوا نین، بەڵکو عیلمانییەکانی کوردستان بێسەروبەرییەکی زۆریان پێ وەدیارە و، ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لەو بۆشاییەدا دروست بوون کە لە لایەن عیلمانییەکانەوە هەبووە و خۆیان بە جێگرەوەی حزبە عیلمانییەکانی کوردستان دەزانن و بەو نەفەس و پلانەش کار دەکەن .

**عیلمانییەکانی کوردستان بێسەروبەرییەکی زۆریان پێوە دیارە و، ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لەو بۆشاییەدا دروست بوون**

*** بەپێی ئەم مێژووە، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، لێرەش لە کوردستان دەبنینین کە لەو مەدەرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا سڕینەوەی ئینیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئەوان لە ڕواڵەتەدا کە قسە دەکەن، دەڵێن ئێمە لایەنی نەتەوایەتیمان فەرامۆش نەکردووە و ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی پەیوەندی بە حزب و لایەنە عیلمانییەکان و نەتەوەییەکان و ئیسلامییەکانیش هەیە، بەڵام حزبە عیلمانییەکان و سیاسییەکانی کوردستان

**ئەو کار و کردەوانەی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بەرانبەر نەهێشتنی ئینتیمای نەتەوە و نیشتمان، پێچەوانەی دەقەکانی قورئانە**

**لە ناو دەقەکانی قورئاندا (١٨٣)جار وشەی (یاقوم) هاتووە و دووبارە بووەتەوە**

**ئەو جۆرە بیرکردنەوانە کە ئیسلامی سیاسی دەیکەن لە بارەی ئینتیمای نەتەوە و خاک و پیرۆزییەکانی نیشتمانەوە، پێویستی بەوەیە بە بیر و هزری خۆیاندا بچنەوە و هاوسەنگی لەو بوارەدا ڕابگرن**

**دەقمان زۆرە کە باس لەوە دەکات کە ئیسلام جیهانییە و ناکرێت ئیسلام بچووکی بکەیتەوە لە چوارچێوەی حزبێک، یان بارەگایەک**

کاریگەریی زۆریان لەسەر کاڵبوونەوەی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان هەیە، کە ئەمەش بووەتە هۆکارێکی گەورە کە ئیسلامی سیاسی سوودی لێ وەرگرتووە، هەر بۆیە ئەندام و کادری ئەم حزبە ئیسلامییانە کاتێ قسە دەکەن، بە رواڵەت هیچی تێدا ناهێڵنەوە و خۆیان وا دەردەخەن کە باوەڕی تەواویان بە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی و پیرۆزییەکانی کوردستان هەیە، بەڵام کە تەماشا بکەین، بە شێوەیەکی گشتی ئەوانە هاوسۆزن لەگەڵ پرسە ئایینییەکان و پرسی ئیسلامی بۆ نەتەوەکان کەمتر هەڵویستی نەتەوەیی تێدا دەبینرێت، ئەگەرچی ئەو کار و کردەوانەی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بەرانبەر نەهێشتنی ئینتیمای نەتەوە و نیشتمان، پێچەوانەی دەقەکانی قورئانە و لەو کاتەی کە پێغەمبەران قسەیان لەگەڵ میللەتەکانیان کردووە، ئەوە لە ناو دەقەکانی قورئاندا (١٨٣) جار وشەی (یاقوم) هاتووە و دووبارە بووەتەوە، هەروەها لەلای خودای گەورەوە، لە بارەی جیاوازیی زمان و ڕەنگ و میللەتان و.. تاد، خودا فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کە باسی پیرۆزیی مەککە و چیای ئوحد دەکات، کە ئەمە بەڵگەی خۆشەویستیی نیشتمان و خاکە کە لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خودا بە مرۆڤەکانی داوە، لە کاتێکدا تەماشای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیش بکەین، دەبینین کە سەرکردەکانی زۆربەی پەروەردەی حوجرە و مەدرەسە دینییەکان و سەر بە تەریقەتەکانی ئایینیی کوردستان بوون، هەر بۆیە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە کە ئیسلامی سیاسی دەیکەن لە بارەی ئینتیمای نەتەوە و خاک و پیرۆزییەکانی نیشتمانەوە، پێویستی بەوەیە بە بیر و هزری خۆیاندا بچنەوە و هاوسەنگی لەو بوارەدا ڕابگرن، چۆن بۆ پرسە ئایینییەکان بە شێوەیەکی پێویست و بە خرۆشەوە دێنەسەر خەت، پێویستە ئاواش بۆ پرسە نەتەوەییەکان و خاکیش بە هەمان هەناسە و شێوە بینە دەنگ و کاری بۆ بکەن، ئەگەرچی بەداخەوە بە بۆچوونی من ئیسلامی سیاسی لەو پرس و لایەنانەوە بەپێی پێویست نین، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو لایەن و حزبە ئیسلامیبیانەی کوردستان هەڵقوڵاوی ناو میللەتی کورد و کوردستان نین، بەڵکو ئەزموونی وڵاتانی وەك میسریان هێناوە و لێرە دووبارەی دەکەنەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی دابونەریت و ژینگە و ئەو بارودۆخەی لە کوردستاندا هەیە، کە لە ئیسلامدا هەموو ئەوانە حیسابی بۆ کراوە.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- پێش ئەحمەدی خانی و مەولەوییش ئێمە زانای گەورە و بلیمەتمان هەبووە، کاریگەری و ڕۆڵی زۆر و گەورە و بەرچاویان لە خزمەتکردنی ئایینی ئیسلامدا بووە، بۆ نموونە ئیبن سەلاحی شارەزووری و حافزی عێراقیمان هەیە، بەڵام کە باس لە پرسی نەتەوایەتی بکەین، ئەوە دەبێت بۆ سەردەمی ئەحمەدی خانی بگەڕێینەوە، ئەگەر سەیری دەق و شاکارە شیعرەکانی بکەین، دەبینین سەرچاوەی خوێندنی ئەوان جیاوازە لەگەڵ سەرچاوەی خوێندنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، ئەوان هەموو کات قوتابخانەی ئایینییان هەبووە و پەیوەندییان زۆر پتەو و بەهێز بووە لەگەڵ ئەو شاعیر و زانا گەورانەمان و مامۆستا و زانایانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پەیوەندیی باش و بەردەوامیان لەگەڵ یەکتر هەبووە، ئەو هۆکارەی زیاتر وا دەکات، کە ئیسلامی سیاسی گرنگی بە مێژووی خۆمان نەدات و مێژووی عەرەبمان بۆ بهێنێت، ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی هەڵقووڵاوی وڵاتی خۆمان نین و ئەو بیر و هزرەی هەیانە لە شوێن و وڵاتانی دیکە هێناویانە، ئەوان کار دەکەن و دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات بۆ بەرژەوەندییەکانیان و مەبەستیان گەیشتن بە خۆشگوزەرانیی دونیاییە، واقیعی ژیان ئەوەی سەلماند و بە چاوی خۆشمان بینیمان کە



بەرژەوەندییە شەخسی و دونیاییەکانیان زۆر لەلا گرنگە.

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبوویێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن، ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- نەخێر، ئیسلام ئایینێکی جیهانییە و پشتگیرییە بۆ هەموو لایەك بە بێ جیاوازی، دەقمان زۆرە کە باس لەوە دەکات کە ئیسلام جیهانییە و ناکرێت ئیسلام بچووکی بکەیتەوە لە چوارچێوەی حزبێك، یان بارەگایەك، یان لایەنێکدا و، پەیامی ئیسلام زۆر لە پەیامی ئیسلامی سیاسی گەورەترە و کورد میللەتێکی ئیسلامە، سەحابەمان هەیە بە ناوی جاران، یان کابانی کوردی یەکێك بووە لەوانەی کە چووەتە خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) و لەو کاتەی باسی هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان دەکرێت، هەرچەندە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان بۆ ساڵی (١٨)ی کۆچی دەگەڕێتەوە و هەشە دەڵێت بۆ (١٦) کۆچی، بەڵام ئەو تێڕوانینە کە پیان وابێت کە دووبارە کورد موسڵمان بکرێتەوە، ئەوە تێڕوانینێکی ناواقیعییانەیە و سەرچاوەی نە لە قورئان و نە لە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (د.خ) نەگرتووە، بەڵکو میللەتی کورد ئیسلامە و زۆر خزمەتی ئایینی ئیسلامیشی کردووە .

*** کاتێك باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت، یەکسەر باس لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسوڵی دەکرێت، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی (تەنزیمی سری) دامەزراوە، ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون نابات؟**

- لە ئایینی ئیسلام و دەقەکانی قورئاندا کە باسی توندوتیژی کراوە، دیارە لە چ کات و بۆچی وتراوە، ئەگینا توندوتیژی لە ئیسلامدا نییە، دەقێك کە لە کاتی شەڕ و جەنگەکاندا وتراوە، ئەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو حاڵەتە ئاساییانەی هەیە، بەڵام ئەو ئیسلامی سیاسی و توندوتیژی بۆ ئەو کتێب و مەنهەجانە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن کەسانی وەك سەید قوتب نووسراون و ئەو کەس و لایەنانەش خوێندوویانەتەوە و بووەتە هۆکاری دروستبوونی توندوتیژی لە لایان. هەر بۆیە هەر کەس و لایەنێك توندوتیژی ئەنجام بدات، ئەوە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەت لە ڕووی ئایینی ئیسلامەوە جێگای قبووڵ نییە، چونکە هەر کار و کردەوەیەکی توندوتیژی بە ناوی ئایینەوە بکرێت، ئەوە پیرۆزی و قودسییەتی ئایینەکە ناشیرین دەکات، لە لایەکی دیکەوە کردەوەی توندوتیژی زۆر خراپە و خزمەت بە ئایینی ئیسلام و مرۆڤایەتی ناکات، بەتایبەت کە دەزانین خودای گەورە هەموو دنیا و شتێکی لە پێناو خزمەتی مرۆڤەکاندا دروست کردووە. پەیامی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام کە پەیامی ئاشتی و ئازادی و خۆشگوزەرانییە بۆ مرۆڤەکانە بەگشتی، نەك هەر یەك لەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانەی لە کوردستان هەن، هەر یەکەیان لە ئاوازێك بخوێنن.

**هەر کار و کردەوەیەکی توندوتیژی بە ناوی ئایینەوە بکرێت، ئەوە پیرۆزی و قودسییەتی ئایینەکە ناشیرین دەکات**



**خاتوو ئیسرا محەمەد حوسێن**

**سەرۆکی ڕێکخراوی کوردانی فەیلی بۆ مافی مرۆڤ لە سلێمانی بۆ گوڵان:**

# جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیانەوە بووە، بۆیە دەبێت وەکو کەیسێکی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت

# لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەوڵێکی جددی بۆ گەڕانەوەی مافەکانی کوردانی فەیلی نەدراوە

**خاتوو ئیسرا محەمەد حوسێن، وەکو سەرۆکی ڕێکخراوێکی کوردی فەیلی بۆ مافی مرۆڤ لە سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری شاری بەغدایە، باوکی بازرگانێکی گەورەی بەغدا بووە و لەگەڵ تەواوی خێزانەکەیدا بە زۆر ڕاپێچی ئێران کراون، لەم دیدارەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باسی کەیسی کوردانی فەیلی و گۆڕینی دیمۆگرافیای بەغدا و ناوچەکانی کوردانی فەیلی دەکات، خاتوو ئیسرا چەندین کەیسی کوردانی فەیلی لە بەردەستدایە، کە ڕژێمی بەعس چۆن ئەو تاوانەی پاکتاوکردن و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی کوردانی فەیلی ئەنجام داوە و بە دڕندەترین شێوە جینۆسایدی کردوون.**

*** بەو پێیەی خانەوادەکەتان لە یەکەمین دەستەی دەرکراوەکانی کوردانی فەیلی بوون، ئایا ئەم شاڵاوەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی عێراق بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- کوردپەروەریی کوردانی فەیلی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و پاڵپشتییان بۆ شۆڕش و لایەنی نەتەوەییان، هۆکاری سەرەکیی پاکتاوکردنی کوردانی فەیلی بووە، ئەو دەمە بابەتی شیعە و مەزهەبی و حزبی ئیسلامی بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو، ئەو کات باوکم لە ناوجەرگەی بەغدا بازرگانێکی گەورەی عێراق بوو، بیرم دێت لە٧ی نیسانی ١٩٨٠ کاتێك من تەمەنم ١٢ساڵان بوو، باوکمیان بانگهێشتی ژووری بازرگانیی عێراق کرد، بە فێڵی ئەوەی ناسنامەی ژووری بازرگانیان دەدەنێ، ئەو دەمە ناسنامەیان نەبوو، ئەوان بازرگان بوون، کاڵا و شمەکیان لە ئێران دەهێنا، هەر ئەو ڕۆژە نەگەڕایەوە ماڵەوە و پێیان گوتبوو ڕاپۆرتت لەسەر هەیە کە یارمەتیی شۆڕشت داوە، دواتر لەگەڵ یەکەم وەجبەدا ڕاپێچی سەرسنووری ئێرانیان کرد، لە دوای ١٣ ڕۆژیش لە ٢٠ی نیسانی هەمان ساڵ هێرشیان کردە سەر ماڵەکەمان لە جەمیلە و دەرکراین و ماڵەکەمانیان تاڵان کرد و بەڵگەنامەکانی وەکو ڕەگەزنامە و تاپۆ و ناسنامەکانی دیکەمان دەستی بەسەردا گیرا، دوای ئێمەش شاڵاوی دەستگیرکردن و کوشتن و بێسەروشوێنکردن و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی کوردانی فەیلی بە دڕندەترین شێوە دەستی پێکرد، بە ڕادەیەك گەیشتە لێکجیاکردنەوەی نێوان هاوسەرە فەیلییەکان و دەستبردن بۆ ناموسی خێزانە کوردەکان، ئەم شاڵاوە دژی کوردانی فەیلی جینۆسایدێکی ئاشکرای قەتڵوعامکردنی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد بوو، ڕژێمی بەعس دەیویست لە ناوجەرگەی بەغدا و لە خانەقین تاکو بەدرە و مەندەلی و جەلەولا چڕیی دانیشتووانی عێراق لە کورد کەم بکاتەوە، لە دیوێکی دیکەشەوە لێدانی گورزێکی گەورەی ئابووری و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی کوردانی فەیلی بوو، کە لە شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کورددا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو، من ئەو دەمە باشم لەبیرە، باوکم ئەندام و کادیری پارتی و حزبی شیوعی نەبوو، تەنیا وەکو بازرگانێك یارمەتیی شۆڕشی دەدا، پیاوێکی کورد مانگانە دەهاتە ماڵمان و بڕێك پارەی لە باوکم بۆ شۆڕش وەردەگرت، کاتێکیش ڕژێمی شا دەستی لە هاوکاریی کورد هەڵگرت و ڕێککەوتنامە شوومەکەی جەزائیر واژوو کرا، ماڵی زۆربەی کوردانی فەیلی شێوا بوو،

**کاتێک من تەمەنم ١٢ ساڵان بوو، باوکمیان بانگهێشتی ژووری بازرگانیی عێراق کرد، بە فێڵی ئەوەی ناسنامەی ژووری بازرگانیان دەدەنێ، ئەو دەمە ناسنامەیان نەبوو، ئەوان بازرگان بوون، کاڵا و شمەکیان لە ئێران دەهێنا، هەر ئەو ڕۆژە نەگەڕایەوە ماڵەوە و پێیان گوتبوو ڕاپۆرتت لەسەر هەیە کە یارمەتیی شۆڕشت داوە**

**ڕژێمی بەعس دەیویست لە ناوجەرگەی بەغدا و لە خانەقین تاکو بەدرە و مەندەلی و جەلەولا چڕیی دانیشتووانی عێراق لە کورد کەم بکاتەوە**

**باوکم ئەندام و کادیری پارتی و حزبی شیوعی نەبوو، تەنیا وەکو بازرگانێک یارمەتیی شۆڕشی دەدا، پیاوێکی کورد مانگانە دەهاتە ماڵمان و بڕێک پارەی لە باوکم بۆ شۆڕش وەردەگرت**

**ڕژێمی عێراق ئەزموونێکی خراپیان لەسەر تاڵانکردن و دەرکردنی جووەکان هەبوو، بۆیە پێیان خۆش نەبوو، بازاڕەکانی شۆرجە و جەمیلە بە دەست مەندەلاوییەکان و کوردانی فەیلییەوە بێت**

**یەکێک لە بڕیارە سەیر و سەمەرەکانی عێراق تێکدان و پەرتەوازەیی خێزانەکانی کوردانی فەیلی بوو، ئەوەی هاوسەرەکەی، فەیلی بووایە، دەبووایە لێک جیا بوونایەتەوە و بڕە پارەیەکیشیان دەدا بەو کەسانەی ئەگەر هاوسەری فەیلی بێت و تەڵاقی بدات**

خەمێکی زۆر دایگرتبوون. هۆکارێکی دیکەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ تەماع و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکەکانیان بوو، پێشتریش ڕژێمی عێراق ئەزموونێکی خراپیان لەسەر تاڵانکردن و دەرکردنی جووەکان هەبوو، بۆیە پێیان خۆش نەبوو، بازاڕەکانی شۆرجە و جەمیلە بە دەست مەندەلاوییەکان و کوردانی فەیلییەوە بێت، بۆیە شاڵاوێکی دیکەی نەفیکردن بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەستی پێکرد.

*** کەواتە بیانووی «التبعية الايرانية» تەنیا پاساوێك بوو بۆ پاکتاوکردنی گەلی کورد، ئایا لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەریدا کوردانی فەیلی چۆن دەژیان؟**

- زۆربەی کوردانی فەیلی لە بەغدا بازرگان و خاوەن کارگە و پیشەکار و کاسب و فەرمانبەر بوون، بارودۆخی بژێویی ژیانیان لە ئاستێکی باشدا بوو، کاتێکیش کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی ئەو پاکتاوکردنە بوونەوە، لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و بایۆلۆژییەوە زیانێکی گەورەیان بەرکەوت، یەکێك لە بڕیارە سەیر و سەمەرەکانی عێراق تێکدان و پەرتەوازەیی خێزانەکانی کوردانی فەیلی بوو، ئەوەی هاوسەرەکەی، فەیلی بووایە، دەبووایە لێك جیا بوونایەتەوە و بڕە پارەیەکیشیان دەدا بەو کەسانەی ئەگەر هاوسەری فەیلی بێت و تەڵاقی بدات، سزای دەرکردنی بەسەر ئەوانەشدا دەسەپاند کە پابەندی ئەو بڕیارە نەبوونایە.

ئەوان لە دوای دەرکردنی جوو لە بەغدا ئەزموونێکی خراپیان لەسەر دەرکردنی پێکهاتەکان بە شێوازی جۆراوجۆر و بیانووی جیاجیا هەبوو، هەڵمەتەکەی دەرکردنی کوردانی فەیلی سەرەتا زیندانی نەبوو، چونکە خواستی ڕژێم وا بوو لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین خێزانی کوردی فەیلی دەر بکات و خۆی بۆ شەڕی ئێران ئامادە بکات، بەڵام دواتر دەستگیر دەکران و گەنجەکانیان لە خێزانەکانیان جیا دەکردنەوە و نزیکەی ٢٢ هەزار گەنج بێسەروشوێن کران، زاواکەمان لەبەر دەرگای ماڵەکەی دەستگیر کرا و دوای چوار ساڵ لە سێدارە درا. سەبارەت بە ژیانی ئاوارەیی ئێرانیش لەو سەردەمەدا حکومەتی ئێران خۆی لە سەروبەندی شەڕ و ناسەقامگیری و بارودۆخێکی ئابووریی خراپدا بوو، لەوێ پێیان دەگوتین عێراقی و بە ناچاری ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی بەرەو هەندەران ڕۆیشتن و جارێکی دیکە نەگەڕانەوە بۆ عێراق و لە قەرەبووکردنەوەی مافەکانیان بێ ئومێد بوون، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە کەیسی کوردانی فەیلی گەیاند، بەتایبەتی کە ٤٠ ساڵ بە سەر جینۆسایدەکەدا تێپەڕ بووە.

*** بارودۆخی ئەو کاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە پاڵپشتیی ڕژێمی بەعسی دەکرد بۆ دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرانبەر جینۆسایدەکە بێدەنگ بوون، باشە بۆچی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، گەڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی وا بە خەمساردی بەڕێ کرا؟**

- ڕاستە تاوانەکە لە قۆناغێکی ناسك و هەستیار و لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی شەڕی (عێراق – ئێران)دا ڕووی دا، ئاشکراشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەر هۆیەك بێت، زیاتر پاڵپشتیی عێراقی دەکرد، بۆیە بەرانبەر تاوان و کوشتن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە زۆربەی وڵاتان بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، لە دوای ڕاپەرینیش کتێبێکی زۆر لەسەر ڕاپێچکردنەکە و تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەرچوو، زۆر لە بەڵگەنامەکانیش ددانی پێدا نرا، تەنانەت لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری لەسەر درا و، جینۆسایدی کوردانی فەیلی وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی و پاکتاوکردن و بگرە کۆمەڵکوژی تەوسیق کرا، لە پەرلەمانی عێراقیش بووە بەڵگەنامەیەکی گرنگ، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەی بۆچی مافەکان نەگەڕانەوە بۆ کوردانی فەیلی؟ ئەمە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە هەوڵێکی جددی لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ گەڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی نەدرا، بودجە و پارەیەك بۆ گەڕان بە دوای ڕوفاتی بێسەروشوێنکراوانی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەیان نەدرا، لایەنە سیاسییەکان و حزبەکان تەنانەت وەکو ئەو هەوڵەی گۆڤارەکەتان بۆ بەسەرکردنەوەی کوردانی فەیلی لە ئەستۆی گرتووە، نەهاتنە مەیدان و هیچ هەوڵێکیان نەدا، بۆیە وەکو



هاووڵاتـی دەرەجـە دوو ماینـەوە، پەرشـوبڵاویی کوردانـی فەیلی هاوشـێوەی هەمـوو پێکهاتەکانی دیکـە هۆکارێکـی دیکـەی پەراوێزخسـتنی جینۆسـایدەکە بـوو، تێپەڕبوونـی ٤٠ سـاڵ بەسـەر قەتڵوعامکردنەکەشـدا (کـە هەرچەنـدە مـن پێـم وایـە بـۆ جینۆسـاید فاکتـەری زەمـەن حیسـاب ناکرێـت)، ئەمانـە هەمـووی هـۆکار بـوون بـۆ پەراوێزخسـتنی کەیسـەکانی جینۆسایدی کوردانـی فەیلی، کێشـەی ئێستامان پەرشوبڵاویی کوردانـی فەیلییـە بەسـەر ژمارەیەکـی زۆری وڵاتانـدا، بـە ڕاددەیـەك بـە دەگمـەن هەیـە لـە نـاو یـەك خێزانـی کوردانـی فەیلـی هەموویـان لـە یـەك وڵاتـدا بـن.

*** دواپرسـیار ئەوەیـە پێشـنیارت چییـە بـۆ کەمکردنـەوەی شـوێنەوارەکانی قەتڵوعامکردنەکـە و بـە زیندوومانـەوەی کەیسـی جینۆسـایدەکە، تاوەکـو قەرەبـووی کوردانـی فەیلـی بکرێتـەوە؟**

- مـن پێـم وایـە ئەگـەر کار لەسـەر کەیسـی کوردانـی فەیلـی بکرێـت و جینۆسـایدەکە بـە جیهـان بناسـرێنرێت، ئێسـتاش کات درەنـگ نییـە و دەکرێـت کاری گـەورە ئەنجـام بدرێـت، کارەکـە دوولایەنـە دەبێت، ئەگـەر کوردانـی فەیلی کار لەسـەر ئـەم کەیسـە بکـەن و دەسـەڵاتیش دەرفەتێکیـان بـۆ دابیـن بـکات و کۆیـان بکەنـەوە، کوردانـی فەیلـی هەرگیـز بڕوایـان بـە کاری مەزهەبـی نییـە و کەیسـەکەی ئـەوان تـەواو نەتەوەیـی بـووە. حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی شـیعە وردە وردە کار لەسـەر ڕاکێشـانی کوردانـی فەیلـی دەکـەن، باشـە بـۆ دەبێـت ئێمـە لێـرە سـێ ملیـۆن کـوردی فەیلـی فەرامـۆش بکەیـن و بـە لای خۆمانـدا ڕایاننەکێشـین لـە ڕووی پەرلەمـان و حکومەتـەوە؟ ئـێ خـۆ ناکرێـت کەیسـێکی وا گـەورەی نەتەوەیـی لـە نـاو سـوچێکی کاری حزبیـدا قەتیسـی بکەیـت و نەیکەیتـە کەیسـێکی نەتەوەیی، با ئـەو دامەزراوەیـەی کە دادەمەزرێت، ئامانجەکـەی ڕوون بێـت و ئـەو کەسـایەتییانەی لـەو دامەزراوەیـەدا کار دەکـەن، دوور بـن لـە کاری حزبـی و وەکـو کەیسـێکی نەتەوەیـی کاری جددی لەسـەر بکـەن و بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان، کەسـانی خزمەتگـوزاری نـاو کوردانـی فەیلـی لـەوێ دابمەزرێـن، لـە پێنـاو خزمەتکـردن بێـت بـۆ بەزیندووڕاگرتنـی کەیسـی جینۆسـایدی کوردانـی فەیلـی.

**ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی بەرەو هەندەران ڕۆیشتن و جارێکی دیکە نەگەڕانەوە بۆ عێراق و لە قەرەبووکردنەوەی مافەکانیان بێ ئومێد بوون**



**زیندان ئامەد**
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە دژی سەربەخۆیی کوردستانە و چاوی بە سەقامگیری و پێشکەوتنی باشووری کوردستان هەڵنایەت

# پەکەکە بیر و هزری نەتەوەییان نییە و مەرام و پیلانی دوژمنکارانەیان دەرهەق بە کورد هەیە

پەکەکە لەو کاتەوەی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، دژایەتی خۆیان بۆ هەرێمەکە و خەڵکی کوردستان نەشاردووەتەوە، ئەوان بوونەتە هۆکاری کێشە و گرفتی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان و پەلکێشکردنی سوپای تورکیا، گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە دیدارێکی لەگەڵ زیندان ئامەد ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا.

* پەکەکە ماوەیەکە جموجوڵە گوماناوییەکانی دژی هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە و کێ لە پشت ئەم کار و مەرامەیانەوەیە؟

- بەو پێیەی ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ پەکەکە بووم، لە نزیکەوە شارەزاییم لە هەڵسوکەوت و مەرامی پەکەکە هەیە، جموجوڵی سەرکردەکانیان لە قەندیل دژی هەرێمی کوردستان گوماناوییە و ڕق و قینێکی زۆریان بەرانبەر خەڵکی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان هەیە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم پارتە لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە بە بەربەست دادەنێن لە بەردەم مەرامەکانیان، تەنانەت پارتی بووەتە لەمپەڕ لە بەردەم هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان. خەڵکی کوردستان دەبێت باش بزانن، بەتایبەتی خەڵکی دەڤەری ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان و تەواوی پارێزگای سلێمانی، پەکەکە چاوی بە سەقامگیری و پێشکەوتنی کوردستان هەڵنایەت و پەکەکەی لە هەرکوێ بێت شەڕ و ئاژاوە و پشێوییان بۆ دەهێنێت. لێرەدا دەمەوێت چەند خاڵێك بخەمە ڕوو، بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ناو ڕیزەکانی پەکەکەدا بووم، ئەو دەمە ئێمەیان فریو دابوو، بەوەی پەکەکە هێزێکی کوردپەروەرە، کەچی وا دەرنەچوو، لە ئێستاشدا دەبینین جموجوڵەکانیان دژی هزری نەتەوەیی و هەرێمی کوردستان و خەڵکی ئەم بەشەی کوردستانە و بەم شێوەیە کار دەکەن:

یەکەم: چەکدارانی پەکەکە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دەبێت بە شێوەی گرووپ گرووپ دەردەکەون، کردەوەی ڕفاندنی مێرمنداڵ

ئەنجام دەدەن و کەسانی خوار تەمەنی پێگەیشتوو هەڵدەخەڵەتێنن، ئەمەش بە مەبەستی چەکدارکردنیان و دابڕانیان لە خێزانەکانیان، بۆ ئەوەی سۆز و ئینتیمایان بۆ ئەوان دروست ببێت و لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان دایانبڕن، ئەو کردەوە نامرۆڤایەتی و قێزەونەشیان لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکە لە باکوور و ڕۆژئاوی کوردستان پەیڕەویان کردووە.

دووەم: کار بۆ نانەوەی پشێوی و نائارامی دەکەن لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو لە ناو ئەم پشێوی و نائارامییەدا باروگوزەرانی خەڵك تێك بچێت و مێرمنداڵانی زیاتر ڕوو لە ڕیزەکانی پەکەکە بکەن و نارەزایەتیی خەڵکی بقۆزنەوە و بۆ مەرام و مەبەستە خراپەکانی خۆیان بەکاری بهێنن.

سێیەم: نانەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان شار و ناوچەکانی کوردستاندا، بەوەی گوایە ئەوان پەیوەندیی باشیان لەگەڵ دەڤەرێکدا هەیە و تەنیا دژی دەڤەرێکی دیکە کار دەکەن، کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاست نییە و خێروخۆشییان بۆ دەڤەری پارێزگای سلێمانی نییە و دژی حزب و لایەنە سیاسییەکانی ئەویشن.

چوارەم: پەکەکە بە فیت و فەرمانی وڵاتانی هەرێمی و بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستان وەك بەکرێگیراو کردووە و جووڵەی نارەوا و نەخوازراو ئەنجام دەدەن.

پێنجەم: ئەوان بە ئاشکرا و بە ڕوونی ڕایانگەیاندووە کە دژی سەربەخۆیی و قەوارەی هەرێمی کوردستانن و دەیانەوێت لێرەش هاوشێوەی شەڕی خەندەق و باکووری کوردستان ئەم بەشەی کوردستانیش وێران بکەن.

شەشەم: چەکدارانی پەکەکە هەر وەك چۆن سوپا و هێزیی تورکیا و فڕۆکەی جەنگییان ڕاکێشایە ناو سنووری هەرێمی کوردستان، کە بەم هۆیەوە تا ئێستا بە درێژییەکی زۆر و بە قووڵایی چەندین کیلۆمەتر لە سنووری نێوان باشوورو باکووری کوردستان زیاتر لە (٦٠٠) گوند چۆڵ بوون و ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئێستاش وایان کردووە دڕونی تورکیا پەلکێش بکەن بۆ قووڵایی باشووری کوردستان، بەم کارەشیان چەندین شوێن و کەسی سڤیل کەوتوونەتە بەر بۆردومانی دڕۆنەکان و شەهید و بریندارى لێ کەوتووەتەوە.

حەوتەم: چەکدارانی پەکەکە بە هۆی ئەو ڕق و کینەی بەرانبەر حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەیانە، بە هۆی ئەو جووڵە و گەڕیدەییان، دەیانەوێت بە دونیا و وڵاتانی دەوروبەر بڵێن ئێمە زاڵین بەسەر هەرێمی کوردستاندا و دەتوانین کاری تیرۆریستی و تەقینەوە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجام بدەین. هەر وەك ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوو لە هەولێر ڕووی دا، کە تەقینەوەیەکی ترسنۆکانەیان لەسەر پردێکی پەرینەوەی شاری هەولێر ئەنجام دا.

*** پەکەکە کاتێك خۆی ناساند و بووە هێزێکی چەکدار لە باکووری کوردستان، ئەو لەگەڵ ئەم کارە تێکدەرانە و دوژمنکارییانەدا نەبوو، کەچی کار و چالاکییان لە ئێستادا نەك تەنیا لە ناو خاکی کوردستانی باکوور و تورکیا نییە، بگرە لە هەرێمی کوردستانیش توانای سەربازییان زۆر کەم بووەتەوە، ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟**

- چەکدارانی پەکەکە لە دوای گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە بیانووی ئەوەی کە ژیانیی سەرکردەکەیان بپارێزن، بڕیاریان دا بێنە باشووری کوردستان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی قەندیل و چەند شوێنێکی دیکەی باشوور داگیر بکەن، هاوکات چەکدارانی پەکەکە بوونە دارەدەستی چەندین لایەن و وڵات، بەتایبەت وڵاتانی هەرێمیی ناوچەکە، بۆ ئەوەی نائارامی و ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن، لەلایەکی دیکەوە پەکەکە لە دوای شەڕی خەندەق کە زیانێکی زۆری لە کوردانی باکووری کوردستان دا، لە باشووری کوردستانیش ئەوەی نابێت بکرێت، ئەوە چەکدارانی پەکەکە لە دژی کورد، بەتایبەت خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیکەن، ئەم کردەوە چەکدارییانەش وای کردووە، ڕووی ڕاستەقینەی پەکەکە دەر بکەوێت، کە بیر و هزری نەتەوەییان نییە، بەڵکو بەرنامە و پیلانەکانیان دوژمنکارانەیە دەرهەق بە کورد بەگشتی و گەلی باشووری کوردستان بەتایبەتی، ئەوەتا لە دژی کورد دەستیان

**پەکەکە بە فیت و فەرمانی وڵاتانی هەرێمی و بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستان وەک بەکرێگیراو کردووە و جووڵەی نارەوا و نەخوازراو ئەنجام دەدەن**

**پەکەکە لە چەند مانگی ڕابردوو تەقینەوەیەکی ترسنۆکانەیان لەسەر پردێکی پەرینەوەی شاری هەولێر ئەنجام دا**

**هەموو هاوکارییەکی دارایی و لۆجستی، بەتایبەت سەربازی لەلایەن حەشدەوە بۆ پەکەکە دابین دەکرێت**

لەگەڵ حەشدی شەعبی تێکەڵاو کردووە.

*** هێزێکی کوردی بووەتە داردەستی ئەو حەشدی شەعبییانەی دژی هەرێمی کوردستان و فیدراڵین، ئایا تاچەند ئەم کارە زیان بە مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەگەیەنێت؟**

- نەك لە ئێستادا، بەڵکو ماوەی چەندین ساڵە پەکەکە پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ حەشدی شەعبی و بەتایبەتیش ئەو ملیشیانەی سەر بە وڵاتانی دیکەن هەیە، هەموو هاوکارییەکی دارایی و لۆجستی، بەتایبەت سەربازییان لەلایەن حەشدەوە بۆ پەکەکە دابین دەکرێت، مانگانە چەکدارانیی پەکەکە مووچەیان لەلایەن حەشدیی شەعبیەوە پێ دەدرێت، هەموو ئەو پەیوەندییانەی پەکەکە لەگەڵ حەشد بە پیلان و فیتیی وڵاتانی ئیقلیمییە، ئەمەش وای کردووە، چەکدارانی پەکەکە چیا و سنووری شنگال چۆڵ نەکەن، مانەوەی ئەو چەکدارنە وای کردووە، ڕێککەوتنی شنگال کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق بە چاودێری و ئامادەیی هاوپەیمانان کراوە، جێبەجێ نەکرێت و ناوچەکە وەك وێرانەیەك بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو مەبەستەی حەشد و میلیشیا و داگیرکەران هەیانە جێبەجێی بکەن، بەتایبەت سوودوەرگرتن لە چیای شنگال.

*** قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتێکی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، نەك تەنیا بووەتە پێگەیەك بۆ لەخۆگرتنی قوربانییان و لێقەوماوان، بەڵکو تاکە ئومێدی گەلی کوردستانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانیان ئەم ڕاستییە نازانن؟**

- چەکدارانی پەکەکە زۆر باش دەزانن کە هەرێمی کوردستان ئەو شوێن و کیان و ناوچەیەیە کە لە سایەی حکومەت و سەروەریی یاساوە ژیان تیدا پارێزراوە، کوردی هەر پارچەیەك بێت، دەتوانێت وەك ماڵی خۆی تێیدا کار بکات و ئازادی و ئاواتەکانی مومارەسە بکات، بەڵام پەکەکە نەك لە ئێستادا بەڵکو لە کۆنەوە لەو کاتەی دامەزراوە، جگە لەوەی مەبەست و دروشمی نەتەوەیی و سەربەخۆی کوردستانی نییە، هاوکات تەنیا خۆی پێ ڕاستە و هیچ لایەن و حزبێکی کوردستانی قبووڵ نییە، بەتایبەت خۆی بە دوژمنی سەرسەختی پارتی دیموکراتی کوردستان دەزانێت، چونکە لەوە دڵنیایە کە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بیر و هزری بارزانیی نەمرە لە ئێستادا لە لای جەنابی سەرۆك بارزانی پیادە دەکرێت، نزیکەی سەد ساڵە ماڵباتی بارزانی خۆیان کردووەتە قوربانی بۆ هاتنەدیی خەونی هەمیشەیی گەلی کورد و کوردستان، کە ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە.

*** کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت بە ڕێگەی ئاشتی کێشەی چەکدارانی پەکەکە چارەسەر بکات، چەکدارانی پەکەکە کەمین بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێن و پێشمەرگە شەهید دەکەن، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە هەرگیز لەبیر ناکرێت، بەڵام پەکەکە لە ئێستادا بوونەتە داردەستی وڵاتی ئێران، ئیتر چۆن چارەسەری کێشەی کوردی دەوێت، ئێستا لە هەموو کات زیاتر کوردانی باکوور دەزانن بارزانی و پارتی کار بۆ بەهێزبوونی هزری نەتەوەیی و پاراستنی کورد دەکەن. بارزانی شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، ئەمەش لەلایەن پەکەکەوە ئیستغلال کراوە و دژایەتییان بۆ باشووری کوردستان زیاتر کردووە، بەتایبەتی دژی هێزی پارێزەری هەرێمی کوردستان کە پێشمەرگەیە. ئەوان گوێ بە شەهیدبوون و بریندارکردنی پێشمەرگە نادەن، کە ڕۆڵەی ئەم نەتەوەیەیە و ڕەمز و هێمای بەرخۆدانە، لە ئێستادا سەران و چەکدارانی پەکەکە کەوتوونەتە ناو شکستێکی گەورەوە، ئەویش بەکرێگیراویی دوژمنانی کوردە و تێکەڵاوکردنی دەستیانە لەگەڵ ئەو هێز و کەسانەی دژی هزری نەتەوەیین، بەڕای من ئەمە شکستە گەورە مێژوویی و نەتەوەییەکەیە کە پەکەکە تێی کەوتووە، ئەوان چاویان بەم پێشکەوتن و سەقامگیرییەی کوردستان هەڵنایەت و خەڵکی باکووری کوردستانیش حاشایان لێ دەکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جەماوەریان لە دەست دەدەن.

**نزیکەی سەد ساڵە ماڵباتی بارزانی خۆیان کردووەتە قوربانی بۆ هاتنەدیی خەونی هەمیشەیی گەلی کورد و کوردستان، کە ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە**

**ئێستا لە هەموو کات زیاتر کوردانی باکوور دەزانن بارزانی و پارتی کار بۆ بەهێزبوونی هزری نەتەوەیی و پاراستنی کورد دەکەن**

**سەرۆک بارزانی شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، ئەمەش لەلایەن پەکەکەوە ئیستغلال کراوە و دژایەتییان بۆ باشووری کوردستان زیاتر کردووە**

# بۆچی ڕێک ناکەون؟

لە سادەترین پرسیاری نێوان هەولێر و بەغدا لای هاووڵاتی، یان لای دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیر و توێژەر، گومان خستنە سەر ڕێکنەکەوتنە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، دەکرێت هەمان گومانیش ببێتە پرسیار، گومان لە چی؟ گومان لە کێ؟ بۆ ئەم پرسیارە و لە بێژنگدانی مێژووی ڕێککەوتنەکانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی، بۆ هەردوو لا (چ بەغدا و چ کورد) دەبێت ئێستا ببەستنەوە بە ڕابردوو، چونکە ڕابردوو کاریگەرییەکانی هێشتا لە بیرکردنەوە و هەنگاوی سیاسی و سیاسەتمەدار و حکومەتدارەکاندا ڕەگی ماوە.

بەپێی قۆناغەکانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان بێت، بەردەوام نییەتی ڕێککەوتن لەلای کورد لە هێزەوە بووە، نەك لاوازی، بەپێچەوانەشەوە، حکومەتی عێراقی هەمیشە کاتێك هەنگاوی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کورد ناوە کە کەلێنێك لە ناکۆکی و باری لاری خۆی پێ ڕاست کردووەتەوە.

کاتێك عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم لە عێراقدا، خاڵی لاوازی حکومەتەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە، پرسە گرنگەکەی کورد بوو، کە دەیویست بە هەنگاوێك لە هاتنە پێش لە مستەفا بارزانی خاڵی لاوازی خۆی بەهێز بکات، سرووشتی شۆڕشی کوردیش وابووە، هەر کاتێك لە ئاشتی بێت، یا شەڕ، دەستی ڕێککەوتن درێژ کرابێت بە مەرج، یا بە بێ مەرج، بەهێز، یا بە بێ هێز، چووەتە سەر مێزی گفتوگۆ.

عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ هەنگاوی خۆی هاوێشت، ویستی بە کورد بڵێت جیاوازتر حوکمڕانی دەکات و کێشەکان وەلا دەنێت و ڕێککەوتنێکی بنبڕ ئەنجام دەدات، بارزانی لە یەکێتیی سۆڤییەتەوە گەڕایەوە، بە نییەتی هەمان چارەسەر. بەڵام ڕێککەوتنەکە تا ساڵی ١٩٦١ی خایاند، دواتر هەڵوەشایەوە و کورد چوونەوە چیا و ڕێباز و ڕێککەوتنە هەمیشەییەکەیان هەڵبژارد کە چیا و خەبات و کۆڵنەدان بووە.

ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەنێوان بارزانیی نەمر و عەبدولسەلام عارف سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، یەکێکە لە نموونە باڵاکانی ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو لا، بەڵام لە ١٩٧٤ دیسان عێراق ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی گۆڕی بە بەخشینی بەشێك لە ئاوی وڵاتەکەی بە ئێرانییەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێکی شووم لە ساڵی ١٩٧٥ بە ناوی (جەزائیر)، ڕێککەوتنێکی ئاشتی گۆڕی بە ڕێککەوتنی شەڕ و بەخشینی سامانی وڵاتەکەی بە وڵاتێکی دیکە!

لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١، سەددام حوسێن سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق، لە بێهێزیدا و لە دۆخی ناچاریدا پەنای بۆ بەرەی کوردستانی برد، تا ڕێککەوتنێك واژوو بکەن و کێشەکان بەرەو چارەسەر ببەن، بەڵام بە هۆی بیری شۆڤینییەوە دیسان سەددام و داروودەستەکەی ئەم دەرفەتەیان لەدەست دا و نەگەیشتن بە هیچ.

پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، لەژێر چاودێریی ئەمریکا، بە ناوی ڕێککەوتنی (لەندەن-٢٠٠٢-٢٠٠٣) هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی

**کاتێک عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم لە عێراقدا، خاڵی لاوازی حکومەتەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە، پرسە گرنگەکەی کورد بوو، کە دەیویست بە هەنگاوێک لە هاتنە پێش لە مستەفا بارزانی خاڵی لاوازی خۆی بەهێز بکات**

**لە دوای ٢٠٠٣ تا ٢٠٢٣ ڕێک ٢٠ساڵ لەگەڵ ئەم عێراقە نوێیەدا زنجیرەیەک ڕێککەوتن لەنێوان هەولێر و بەغدا ئەنجام دراوە، هیچ لەم ڕێککەوتنانە خاڵی جەوهەریی کێشەکەی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو هەر دووبارەکردنەوەی ڕێکنەکەوتن بووە**



**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم**

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

عێراق لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ڕێککەوتنێکیان ئەنجام دا و دواتر لە هەولێر (سەلاحەدین-پیرمام) کۆتاییان بەم ڕێککەوتنە هێنا و ڕێککەوتن لەسەر عێراقێکی نوێی هاوبەشی نێوان سەرجەم پێکهاتەکان، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەڵات هێزە شیعەکان پشتیان لەسەرجەم خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە کرد!

لە دوای ٢٠٠٣ تا ٢٠٢٣ ڕێك ٢٠ساڵ لەگەڵ ئەم عێراقە نوێیەدا زنجیرەیەك ڕێککەوتن لە نێوان هەولێر و بەغدا ئەنجام دراوە، هیچ لەم ڕێککەوتنانە خاڵی جەوهەریی کێشەکەی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو هەر دووبارەکردنەوەی ڕێکنەکەوتن بووە.

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە هەموو تواناکانیەوە، جا ئەمجارە لە لاوازی بێت، یان بە نییەتی چارەسەر و ڕەچاوکردنی دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە بێت، چووەتە ناو ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەغدا، بەڵام هەر بۆنی ڕێکنەکەوتن تیژترە لە بۆنی ڕێککەوتن، بەتایبەتی ئێستا دەستەبژێرێکی زۆر شۆڤینی و ڕق ئەستوور لە کایەی سیاسیی عێراقیدان، هیچیان بۆ گەلی خۆیان پێ نییە و نایانەوێت گەلی کوردیش هیچی هەبێت، بە ڕای من ئەمە وەڵامی پرسیاری سەرەکیمانە بۆچی ڕێك ناکەون؟!

لە مێژووی نوێی عێراقدا شاهێدییەك بۆ گەلی کورد دەدرێت، بەتایبەتی بۆ سەرکردایەتییەکەی (سەرۆك مسعود بارزانی) کە هەمیشە لە ترۆپکی ناکۆکییەکاندا بۆ چارەسەر دەستپێشخەریی ئاشتییانەی کردووە و بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و لێکگەیشتن و پەنابردنەبەر ئاشتەوایی نیشتمانی و ڕەتکردنەوەی دەستتێوەردانی هەرێمایەتی نەرمیی زۆری نواندووە، بەڵام ئەمەشیان دادی ئەوەی نەدا، گەلی کورد و دەسەڵاتدارانی عێراقی سەردەمانێك بەبێ کێشە تێپەڕێنن، چونکە جەوهەری کێشەکە سێ خاڵی سەرەکییە.

یەکەم: کێشەی کورد کێشەیەکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە، ئەوجا کێشەیەکی عێراقییانەیە، ناکرێت مێژووی نەتەوەیەك و خەبات و قوربانییەکانی لە ڕێککەوتنی پڕ لە سازشدا ببەخشرێت بە ئایندەیەکی نادیار.

دووەم: کێشەی هەرە کاریگەر و بەربەست لە عێراق هاتنە پێشەوەی نوخبەیەکی ناڕێك پەروەردەکراو بۆ ناو حوکمڕانی و کاری پەرلەمانی و یاریکردن لەگەڵ هەستی شەقام و موزایەدەکردن بە هەموو بابەتێکە، ئەمە دەبینین بەردەوام چۆن ئەم نوخبەیە شەڕی شکاندنی ئیرادەی میللەتێك دەکەن، کە هیچ بنەمایەکی یاسایی و دەستوورییان نییە وەك کەرەستە بەرانبەر بە گەلی کورد، جگە لە ڕق و کینەی مەزهەبی و شۆڤێنیی خۆیان.

سێیەم: لە دوای ٢٠٠٣ شۆفێری سەرەکیی ئەم شەمەندەفەرەی حوکمڕانی لە عێراق بە دەست هێزی دەرەکییەوە بووە، ئەوان ئاراستەی ڕۆیشتن و وەستان دەکەن، کە لەمەدا چارەسەرکردن یان ڕێککەوتن لەگەڵ کورد ناچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیانەوە، بۆیە بەردەوام ڕۆڵگێڕیی خراپ و خراپتر دەبینن.

لەم ڕوانگەیەوە ئاسۆی ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی لەگەڵ بەغدا نابینین. بەڵام ئیرادەیەکی هەمیشەیی بۆ کوردستانێکی بەهێزتر هەیە.

**لە مێژووی نوێی عێراقدا شاهێدییەک بۆ گەلی کورد دەدرێت، بەتایبەتی بۆ سەرکردایەتییەکەی (سەرۆک مسعود بارزانی) کە هەمیشە لە ترۆپکی ناکۆکییەکاندا بۆ چارەسەر دەستپێشخەریی ئاشتییانەی کردووە**

**کێشەی کورد کێشەیەکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە، ئەوجا کێشەیەکی عێراقییانەیە، ناکرێت مێژووی نەتەوەیەک و خەبات و قوربانییەکانی لە ڕێککەوتنی پڕ لە سازشدا ببەخشرێت بە ئایندەیەکی نادیار**



## کانی عەبدوللەتیف:

# خوازیارم فێرگەیەک بکەمەوە و پاڵپشتی گەنجانی دەسترەنگین بکەم

**ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە خانمان لە هەموو کات و سەردەمێکدا خاوەن وزە و هێزێکی لەبن نەهاتوون، ئەوان لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە توانای ئەنجامدانی چەندین کاریان بە یەکەوە و لە یەك کاتدا هەیە، کانی عەبدوللەتیف ئەنوەر ئەنوەر کچە گەنجێکی دەست و پەنجە ڕەنگینی شاری سلێمانییە، خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لە کارگێڕیی کار بەشی مارکێتینگ، فەرمانبەرە لە زانکۆی ئەمریکی سلێمانی بەشی ژمێریاری و دارایی، لەگەڵ ئەوەشدا بە وزەیەکی زۆرەوە تێکەڵ بە دونیای کاری دەسترەنگینی بووە و بەرهەمە دەستکردەکانی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بە بازاڕ دەکات. لەم دیدارەشدا باسی کار و بەرهەمەکانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.**

کانی عەبدوللەتیف ئەنوەر ئەنوەر، لەدایکبووی شاری سلێمانییە و تەمەنی ٣٤ ساڵە و هەر لە سلێمانی نیشتەجێیە، وەك خۆی باسی کرد، خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لە کارگێڕیی کار بەشی مارکێتینگ و فەرمانبەرە لە زانکۆی ئەمریکی سلێمانی و لە بەشی ژمێریاری و دارایی ئەو زانکۆیە کار دەکات. بەڵام ماوەی حەوت ساڵە خاوەنی براندی (کانو جولەرییە) و بەمجۆرە باسی لە ئەزموونی خۆی لەگەڵ کارەکەی کرد:

«کاری دەسترەنگینی خولیایەکی منداڵیم بوو، سەرەتا وەکو حەز دەستم پێکرد، پاشان کردم بە کارێکی بچووك و بە خۆشحالی و شانازییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە فراوانبووندایە، کارەکانم بە مووروو و بەردە،(بەڵام بەردەکان ئەو بەردانە نین کە بۆ ئینێرجی بەکار دێن)، لە هەر دیزاینێك تەنیا یەك دانە دروست دەکەم، واتە هیچ دیزاینێکم لەوەی دی ناچێت و دروستیشی ناکەمەوە تەنانەت بۆ خۆیشم، بۆ ئەوەی تاقانە بێت». هاوکات گوتی: «لە ساڵێکدا تەنیا چوار بۆ پێنج کۆلێکشن دەکەم، واتا بەپێی بوونی کاتەکانم کۆلێکشنەکانم ئامادە دەکەم، شێوازی کارکردنیشم تەنیا ئۆنلاینە، لە ماوەی دروستکردنی کانو جولەرییەوە تەنیا دوو جار بەشداریم لە بازاڕی بۆنەکان کردووە، ئەویش لە بازاڕی سەری ساڵ بوو».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە هاندەر و پشتیوانت بۆ پێشکەوتنت لە کارەکەت کێ بووە؟ کانی گوتی: «لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەمەوە خێزانەکەم و هاوڕێکانم زۆر پاڵپشتم بوون، بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم بڵێم ئێستا کڕیارەکانیشم یەکێکن لە هاندەر و پاڵپشتییەکانم».

سەبارەت بە پلانی داهاتووشی گوتی: «دەمەوێت بڕوانامەیەك بەدەست بهێنم، بۆ ئەوەی ئەو تەکنیکانەی کە نایزانم، فێریان ببم و دەمەوێت سوودم هەبێت لە فێرکردنی ئەو کەسانەی کە خولیای دروستکردنی جولەریین، چ گەورە بن، یان منداڵ، خوازیاری ئەوەم بتوانم شوێنێك وەکو فێرگە بکەمەوە و یارمەتیدەر و پاڵپشتێك بم لە هاندانی گەنجانی دەسترەنگین».

**هیچ دیزاینێکم لەوەی دی ناچێت و دروستیشی ناکەمەوە تەنانەت بۆ خۆیشم، بۆ ئەوەی تاقانە بێت**

**لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەمەوە خێزانەکەم و هاوڕێکانم زۆر پاڵپشتم بوون**



ئەحلام حەجی بۆ گوڵان:

# ئەکتەری سەرکەوتوو پێویستە هەموو جۆرە ڕۆڵەکان تاقی بکاتەوە

خانمە ئەکتەر و شاجوانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەحلام حەجی) بەم دواییە بەشداریی لە زنجیرە درامایەکی کۆمیدیدا کرد، کە سەرکەوتنێکی باشی لە وڵاتی مەغریب بەدەست هێنا، لە ئێستادا خۆی ئامادە دەکات بۆ دووبارە تاقیکردنەوەی کاری کۆمیدی لە زنجیرە درامایەکدا کە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی داهاتوودا نمایش دەکرێت، ئەحلام کە ئێستا لە شاری هەولێرە بەم شێوەیە بۆ گوڵان باسی لە کارە هونەرییەکانی خۆی کرد.

سەرەتا باسی لە بەشداریکردنی لە چەند کارێکی نواندندا کرد، کە دوایینیان کارێکی کۆمیدی بووە، دەربارەی هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆڵی کۆمیدی دەڵێت: «ئەکتەری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بتوانێت لە هەموو ڕۆڵەکاندا سەرکەوتوو بێت، هەستم دەکرد لە کۆمیدیاش سەرکەوتوو دەبم، کارەکان زۆر خۆش بوون، بە دڵنیاییەوە ئاسان نەبوو، بەڵام هەستم دەکرد کاردانەوەی بینەر بۆ ئەم ڕۆڵانە نەرێنییە، بۆیە ئەم ئەزموونە دووبارە دەکەمەوە کە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی داهاتوو (٢٠٢٤) زۆر خۆش دەبێت لەگەڵ کۆمیدی، من زیاتر خۆم لە درامادا دەبینمەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ناتوانم لە کۆمیدیادا ئەنجام بدەم، بە پێچەوانەوە نزیکەی سێ ساڵ لەسەر یەك لە ڕەمەزاندا لە چەندین بەرنامەی کۆمیدیدا بەشداریم کردووە، و بینەرێکی زۆرم هەبوو»، لە بارەی ئەو زنجیرە درامایەش گوتی: «ساڵی پار بەشداریم لە زنجیرە درامایەکی کۆمیدیدا کرد بە ناوی (جودیا) لە دەرهێنانی سەفا بەرەکە و سیناریستی بەناوبانگ بوشرا مەلاکە، لە مانگی ڕەمەزانی ڕابردوو لە کەناڵی یەکەمی نیشتمانیی مەغریبدا نمایش کرا و بەرهەمی کۆمپانیای (دیسکۆنیکتد)ـە بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، لەم زنجیرەدا ڕۆڵێکی سەرەکیم بینی و ژمارەیەك ئەستێرەی ناوداری مەغریبی بەشدارییان تێیدا کرد، لەوانە (نەجات وافی، ئیبتیسام عەروسی، حەمید زوغی، عەبدولنەبی بنیوی، هاجەر مەسدوقی و جەواد ئەلسایح) و چەندانی دیکە، لەم درامایەدا ڕۆڵێکی گرنگم بینی لە گۆڕینی ڕێرەوی زنجیرەکەدا کە خۆی لە تۆڵەسەندنەوەدا دەبینییەوە و چەندین سوپرایزی تێدا بوو کە لەلایەن جەماوەرە پێشبینی نەکرابوو:».

سەبارەت بە ئەزموونی نواندن و ئەو ڕۆڵەی لە زنجیرەکەدا بینی، ئەحلام حەجی گوتی: «لە زنجیرە درامای (جودیا) ڕۆڵی کچێك دەبینم بە ناوی (زیزۆ) کە ئافرەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، چونکە گرنگییەکی زۆر بە جوان دەرکەوتن و شێوازی دەرەوەی خۆی دەدات و هەمیشە جوانە، (زیزۆ) هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ئافرەتێکە بە ناوی (فەتومە) و گشت نهێنییەکانی ئەو ئافرەتە دەزانێت، دواتر چەند ڕاستییەکی شۆك هێنەری بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێشبینیی نەدەکرد، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا».

سەبارەت بەوەی کە زیاتر خۆی لە نواندن یان میدیا دەبینییەوە، ئەحلام گوتی: «زیاتر حەزم لە نواندنە و خۆم تێیدا دەبینمەوە، هەروەها لە بواری نواندن خوێندوومە، هەر ئەوەشە کە ناوبانگێکی زیاتری پێ بەخشیم، هەروەها بڕوانامەی پێزانینم هەیە لە نواندندا، هەرکەسێك کاری قورس ئەنجام بدات و خۆی ماندوو بکات، بێگومان پاداشتی هەوڵەکانی وەردەگرێتەوە، پێش ماوەیەك ئۆفەرێك هەبوو بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی بەیانیان، بەڵام بەهۆی زۆریی گەشتەکانمەوە ڕەتم کردەوە، لە ئێستادا سەرنجم لەسەر نواندنە، هیوادارم خوای گەورە سەرکەوتنم پێ ببەخشێت و بتوانم بەرهەمی هونەریی جوانتر و باشتر پێشکەش بکەم».

لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی هەندێك جار لێرە و لەوێ ئاراستەی دەکرێن بە هۆی شێوازی دەرکەوتنی لە سۆشیال میدیا و کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی خۆی، شەو خانمە هونەرمەندە دەڵێت: «من کەسێکی بە جورئەتم لە هەنگاوەکانم بەرەو دواڕۆژ، نامەوێت کارێك ئەنجام بدەم کە قەناعەتم پێی نەبێت، ژیانێکی ئاسایی دەژیم بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە سیستمی ژیانی تایبەتیمدا ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی لە ڕەخنەی کەسانی دیکە دوور بکەومەوە، من چۆنم دەمەوێت هەر ئاوا بم».

سەبارەت بە کەسایەتیی خۆی دەڵێت: «من کەسێکی هێمنم تەنانەت کاتێك خۆشیش دەردەبڕم، بینینی خەڵك بە دڵخۆشی وا دەکات هەست بە کامەرانی و ئاسوودەیی بکەم، بەتایبەتی کاتێك من هۆکاری خۆشییەکانیان بم، جا ئەگەر ئەمە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بێت، یان لە ڕێگەی کارە خێرخوازییەکانەوە، دەمەوێ ئاماژە بە شتێکیش بکەم کە پەیوەستە بە سرووشتی ژیانی منەوە، من کەسێکم زۆر لە دیمەنە ترسناکەکان بێزار دەبم کە ئێستا لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانبینین و وام لێ دەکات بگریم، بەتایبەتی دیمەنی منداڵە ئاوارەکان کە بەهۆی جەنگەوە دەناڵێنن، جەنگێك کە ئەوان هیچ پەیوەندییان پێوەی نییە، بەڵکو بوونەتە قوربانی، من سەردانی کەمپەکانی ئاوارەکانم کرد و هەست بە ئازارەکانیان دەکەم».



# بروس ویلس
# توانای قسەکردن و خوێندنەوەی لەدەست داوە

گلێن گۆردۆن کارۆن، هاوڕێی ئەکتەری جیهانی بروس ویلس، کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا فیلمی «Moonlighting»ی بۆ نووسیوە و لە ئێستادا دووبارە نمایش دەکرێتەوە، دوای سەردانیکردنی وردەکارییەکانی دۆخی تەندروستی ئەکتەرەکەی ئاشکرا کرد.

کارۆن ئەوەی ئاشکرا کرد ئەو ئەکتەرە چەند خولەکێکی پێچووە تا ناسیویەتی؛ ئەوەشی پشت ڕاستکردەوە کە بە تەواوی توانای قسەکردنی نییە؛ ئاماژەی بەوەشکردووە هەرچەندە برۆس خوێنەرێکی بەردەوام بووە، بەڵام ئێستا توانای خوێندنەوەی نییە وهەموو تواناکانی زمانی لەدەستداوە و کاتێک لەگەڵیدا دەبیت، دەزانیت ئەو بروسە و سوپاسگوزاریت کە ماوە، بەڵام خۆشی لە ژیانیدا نەماوە.

گلێن گۆردۆن کارۆن ئاماژەی بەوەدا کە هەوڵدەدات مانگانە سەردانی بکات، و ئەوەی زۆرترین شۆک دەکات لە نەخۆشیەکەی بروس ویلیس ئەوەیە کە خۆشییەکەی لێی دزراوە. هیچ کەسێک نەبوو لە ئەو زیاتر خۆشی لە ژیاندا هەبێت، ئەو دەڵێت: «ئەو زۆر حەزی دەکرد هەموو بەیانییەک لە خەو هەڵسێت و هەوڵی چێژوەرگرتن لە ژیان بدات، بەڵام ئێستا وەک ئەوە دەژی کە لە دەرگای شاشەیەکەوە ژیان ببینێت».

جێگای سەرنجە کە ساڵێک لەوەی کە بروس ویلس خانەنشین بوونی خۆی لە بەردەوام بوون لە پیشەی نواندن ڕاگەیاند، لە ئەنجامی لەدەستدانی قسەکانی، لەڕێگەی بەیاننامەیەکی هاوبەشەوە کە ئاراستەی ڕای گشتی کرابوو، خێزانەکە بەیاننامەیەکی نوێیان دەرکرد و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە باری تەندروستی ئە ستێر ە کە تێکچووە، و تووشی نەخۆشییەکی زۆر دەگمەن بووە، کە بە «خەمۆکی پێشەوەی کاتی» ناسراوە، یان FTD.

خێزانی بروس ویلیس لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٢ خانەنشینبوونی لە پیشەی نواندن ڕاگەیاندبوو، دوای ئەوەی پشتڕاستکرایەوە کە تووشی لەدەستدانی قسەکردن بووە و لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا کە ئاراستەی ڕای گشتییان کردبوو، کە تێیدا ئاماژەیان بەوە کردبوو شکنینی پزیشکی پشتڕاستی کردەوە کە بارودۆخی بروس ویلیس کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تواناکانی دەبێت.

بەگوێرەی بەیاننامەکەی ئەوکاتە، بروس ویلیس تووشی «ئافازیا» بووە، کە لە دەستدانی تواناکانی زمانە لە ئەنجامی تێکچوونی مێشکەوە دروست دەبێت، ۆ کاریگەری لەسەر توانای پەیوەندیکردنی مرۆڤ دەبێت، ئاماژەی بەوەشکردووە کە بروس خۆشەویستی ئێمە و بەدەست هەندێک کێشەوە دەناڵێنێت.» «بەم دواییە تووشی ئافازیا بوو، کە کاریگەری لەسەر توانا مەعریفیەکانی هەیە.»

**سەرچاوە: سیدتی**





# ئەلیسا: موزایەدەی نیشتمانپەروەریمان لەسەر مەکەن فۆل ستۆپ

بە هۆی ئەنجامدانی کۆنسیرتێک لە ئەڵمانیا خانمە هونەرمەندی ناسراوی لوبنانی ئەلیسا ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆوە لە سۆشیال میدیا گوایە ئەوە کۆنسێرتەی هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی کەرتی غەززە.

لە وەڵامدان ئەلیسا لە ڕێگەی ئەکاونتەکەیەوە لە «X» وتی: «ئەگەر ئەندازیار کارەکەی وەستاند، پارێزەرەکە داواکارییەکانی لە دادگا ڕاگرت، خاوەن چێشتخانەکە خزمەتگوزارییەکانی ڕابگرێت، خاوەنی بانکیش دەرگاکانی داخست، ئەوا هەموومان کارەکانمان ڕادەگرین.»

ئەلیسا لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لە سەردەمی لوتکەی شەڕدا هونەرمەندان بەردەوام بوون، چونکە ئەمە کاری ئێمەیە، ئەمە بژێوی ژیانی ئێمەیە، و لە پێناوی کەسانی شکستخواردوو و بێهودەدا ناوەستین کە دەنگ دەدەن! موزایەدە لەسەر نیشتمانپەروەری و هەڵوێستمان مەکەن، فۆل ستۆپ.“

لە میانەی ئاهەنگەکەیدا کە هەفتەی ڕابردوو لە ئەڵمانیا ئەنجامیدان ئەلیسا داوای لە ئامادەبووان کرد خولەکێک بێدەنگی بۆ شەهیدانی غەززە بوەستن و وتی: «من ناچارم کاری خۆم ئەنجام بدەم، چونکە پابەندم، بەڵام دەزانین ئەمڕۆ چی ڕوودەدات، و هەر بۆیەش خولەکێک بێدەنگی دەگرین و هەموومان لە پێناو فەلەستین و هەموو شەهیدەکاندا وەستاوین».

هەر سەبارەت بە ڕووداوەکانی غەززە چەندین ئەکتەرو هونەرمەندی هۆلیوود لە نێویاندا جۆن ستیوارت ئەکتەری کۆمیدی و خواکین فۆنیکس خاوەن خەڵاتی ئۆسکار نامەیەکیان بۆ جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا نارد و داوایان لێکرد فشار بکات بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ئیسرائیل و غەززە.

ئەم کەسایەتییە ناودارانە بۆ بایدنیان نووسیوە: داوا لە ئیدارەی ئێوە، و هەموو سەرکردەکانی جیهان دەکەین، ڕێز لە هەموو ڕێز لە گیان و خاکی پیرۆز بگرن و ئاگربەست ڕابگەیەنن لە هەمان کاتدا ئاسانکاری بکەن بەبێ دواکەوتن بە ئازادکردنی سەلامەتی بارمتەکان“.

لە نامەکەدا هەروەها دەڵێن: ئێمە ڕەتیدەکەینەوە چیرۆکی بێدەنگیمان بۆ نەوەکانی داهاتوو بگێڕینەوە کە ئێمە بێدەنگ وەستاین و هیچمان نەکرد.

**سەرچاوە: سیدتی**





هایا محمەد بۆ گوڵان:

# لە باشووری کوردستان زیاتر بوار بۆ هونەرمەندان ڕەخساوە

*** خانەوادەکەت ڕێگر نەبوون لەوەی گۆرانی بڵێیت؟**

- لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەگەر خانەوادە پشتگیری لە ئافرەتی هونەرمەند نەکات ئەستەمە بتوانێت بەردەوام بێت و سەرکەوێت، من لە خانەوادەیەکم کە هونەر لەلایان جێگای ڕێز و تەقدیرە بۆیە پشتگیری منیان کردووە تا ئێستاش بەردەوامن، لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** بۆچی هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور کارەکانیان ئەنجام دەدەن؟**

- لە باشووری کوردستان ڕەوتی هونەری بەرەو پێشچووە و پشتگیری لە هونەرمەندان دەکرێت بە شێوازی جیا جیا، زەمینەش بۆ هونەرمەندان ڕەخساوە بۆ ئەوەی بتوانن پەرە بە کارە هونەرییەکانیان بدەن و بەردەوام بن، بۆیە منیش هەوڵم داوە کارەکانم لێرە بە ئەنجام بگەیەنم، دوایین کاری هونەرییشم کە بریتی بوو لە گۆرانی (ژووری دڵ) بە ڤیدیۆ کلیپ لە شاری سلێمانیی پایتەختی ڕۆشنبیری، بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ تۆمار کرد و بەم زووانە پێشکەش بە جەماوەری دەکەم، هیوادارم بە دڵیان بێت.

*** لە بەرهەمەکانتدا تا چەند گرنگی بە کاری فۆلکلۆری دەدەیت؟**

- من کەسێکیم زۆر حەز لە کاری فولکلۆر و هونەری ڕەسەنی کوردەواری دەکەم، بەڵام جەماوەر بەشێکیان حەزیان لە فۆلکلۆرە و بەشێکیشیان حەزیان لە کاری نوێ و مۆدێرنە، بۆیە هەوڵم داوە لە هەردوو بواردا کار بکەم، واتە گۆرانیی مۆدێرنە و فۆلکلۆر پێشکەش بکەم، پێم وابێ گشت هونەرمەندان ئێستا لەسەر ئەو ڕەوتە کار دەکەن، چونکە لە هەردوو بواردا جەماوەر هەیە و دەبێ دڵی جەماوەر ڕازی بکەین.

*** ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووت بوونەوە لە سەرەتای کاری هونەریدا چی بوون؟**

- نەك تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان کاری هونەری بۆ ئافرەتان زۆر قورسە، بە داخەوە کۆمەڵگە زۆر بە باشی پشتگیری لە کاری هونەری خانمان ناکات، من کەسێکم هەمیشە هەوڵم داوە ئەو جیاوازییە نەهێڵم لە نێوان پیاو و ئافرەت، پێویستە بەو شێوەیە کۆمەڵگەش بە یەکسانی لە ئافرەت و پیاو بڕوانێت لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتیش لە بواری هونەریدا، زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەمیشە پشتگیری و پاڵپشتییەکی تەواویان کردم لە کارە هونەرییەکانمدا، هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە من تا ئێستا بەردەوامم و هەوڵی پێشکەشکردنی کاری زیاتریش دەدەم لە داهاتوودا.

*** بە دەنگی کام لە هونەرمەندانی کورد سەرسامیت؟**

- لە کوردستان هونەرمەندی زۆر گەورە و بەتوانا هەبوون و ئێستاش بەردەوامن، ڕێز و تەقدیرم بۆ هەموویان هەیە، من سەرسامی دەنگ و سەلیقەییخانمە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو مەرزیە فەریقی بووم و هەمیشە گوێ لە گۆرانییەکان دەگرم، بۆیە کاریگەریی بە سەر منەوە هەبوو، مەرزییە بە لای منەوە یەکێکە لە شاژنە گەورەکانی هونەری کوردی، لە پیاوانیشدا زۆر گوێ لە گۆرانییەکانی



**هونەرمەند هایا محەمەد لە شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، لە منداڵییەوە ئارەزووی هونەری هەبووە، بە تایبەتی وێنەکێشان و گۆرانیگوتن، لەساڵی ٢٠١٩ دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە و تا ئیستا ئەلبومێك و شەش کلیپی هەیە، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

مامۆستای نەمر ماملێ دەگرم.

*** کاری هونەری بۆ خانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند زەحمەتە؟**

- لە ڕۆژهەڵات زۆربەی کارە هونەرییەکانمان ئەنجام دەدەین، تەنانەت دەتوانین کۆنسێرتیش ساز بکەین، بەڵام دەمانەوێ هونەری کوردی پەرە پێ بدەین و دەنگی هونەری کوردی بە جیهانی بکەین، بۆیە زۆربەی کارەکامان لە باشووری کوردستانە و دەبینە پردێك بۆ هاوکاری هونەری لە نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان.

*** چ پێوەرێکت هەیە بۆ هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانی؟**

- هەمیشە هەوڵ دەدەم تێکستی گۆرانییەکانم مانادار بن و باس لە خەم و خۆشی و ئازارەکانی کۆمەڵگە بکات بە شێوەیەکی گشتی، من خۆم زیاتر حەزم لە گۆرانیی خەمگینە، لەبەر ئەوە زۆرترین تێکستەکانیشم باس لە خیانەت و عەشقی درۆینە دەکات کە کۆمەڵگەی کوردی ئێستا بە دەست ئەو دەردانەوە دەناڵێنێت.

*** پێت وایە وەکو پێویست گرنگی بە هونەری کوردی دەدرێت؟**

- ئەو گرنگییەی پێی دەدرێت شایستەی هونەری کوردی نییە، بەداخەوە وای لێهاتووە وەك بزنس سەیری هونەر دەکەن، نەك هەوڵ بدرێت بۆ پاراستن و پێشخستنی و نرخی بۆ دادەنرێت، بەڵام پێویستە ئاوڕی زیاتر لە هونەری کوردی بدرێتەوە.

*** تا ئێستا کەس سپۆنسەری کردووی لە کارە هونەرییەکانتدا ؟**

- بە داخەوە لەو بوارەدا هیچ لایەن و کەس و دەزگایەك، یان کۆمپانیایەك وەکو سپۆنسەر هاوکاریی نەکردووم، من خۆم ڕۆژانە دەوامم هەیە و داهاتەکەی تەرخان دەکەم بۆ کارە هونەرییەکانم، تەنیا کاك سوهەیب کەریمی کە دەرهێنەر و کامیرامانە بووە لەزۆربەی کارەکانم هاوکارم بووە.

*** تا ئێستا چەند جار سەردانی باشووری کوردستانت کردووە؟**

- من زوو زوو هاتوچۆی باشوور دەکەم و لە چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتدا بەشداریم کردووە، یەکێك لەوانە ئاهەنگی نەورۆزی کەلار، هەروەها لە ئاهەنگێکی تایبەت بە بۆنەی هەشتی مارسەوە لەوێش بەشدار بووم، بەڵام زۆر حەز بە دەرکەوتن ناکەم چونکە دەمەوێ زیاتر جەماوەر وەك هونەرمەندێکی میللی بمناسێت، لەو شوێنانە زیاتر دەرکەوم کە زۆرترین جەماوەری لێیە و زۆرترین خەڵك بەشداری دەکات بۆ ئەوەی بتوانم بە دەنگ و گۆرانی کوردی دڵی جەماوەرەکەم خۆش بکەم.

بیلال عەبدوڵڵا

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی شێروانە:

# پەنا بەخوا خەونی یاریکردنم بۆ هەڵبژاردەی عێراق دێتە دی




یانەی شێروانەی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی تایبەت بە بواری وەرزشی دەدەن لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لەکوڕە پاڵەوان و یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی شێروانە (بیلال عەبدوڵڵا)یە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣یە، تەنیا یاریی بۆ تیپی گۆڕەپان و مەیدانی شێروانە کردووە، لە ماراسۆنە درێژەکانیشدا بەشداری دەکات، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو یاریی گۆڕەپان و مەیدانت کردە بەشێك لە ژیانی وەرزشیت؟**

- وەکو هەموو کەسێك خوای گەورە بەهرەیەکی بەخشیم و بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەکارم هێنا.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە، بەتایبەتی ململانێی تێدایە؟**

- بەدڵنیاییەوە قورسە، بەڵام حەزم بۆ وەرزشەکە وای کردووە بەردەوام بم و بیر لە قورسی نەکەمەوە.

*** بۆچی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- یارییە تاکییەکان بەتایبەت گۆڕەپان و مەیدان وەکو پێویست هیچ گرنگییەکی پێ نادرێت و تەنیا گرنگی بە تۆپی پێ دەدرێت.

*** هەست ناکەیت ئەم یارییە تا ڕادەیەکی زۆر پێشوازیی باشی لێ نەکراوە لە شارەکان لە هەردوو ئاستی کوڕان وکچان؟**

- بەدڵنیاییەوە گلەییەکی زۆر ئاراستەی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان دەکەم، چونکە ئەم وەرزشە وەکو پێویست هیچ خزمەت ناکرێ، بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی تەواوە.

*** چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- بە پشتگیری و پاڵپشتی ئەو یاریزانانەی کە لە ئێستادا پاڵەوانن وا لە یاریزانانی دیکە دەکەن کە خولیا و حەزیان هەبێ بۆ ئەم یارییە.

*** پلان و بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو پاڵەوانێك؟**

- وەکو هەموو یاریزانێك پلانم ئەوەیە یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکەم و پەنا بەخوا لە داهاتوودا ئەو خەونەم دەهێنمە دی.

*** یانەی شێروانە چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- باشن بەڵام زۆریش نا، چونکە بەبێ هیچ مووچە و پارەیەك ئەو کارە دەکەین، بۆ ماوەی پێنج ساڵە مێژوومان نووسیتەوە بۆ یانەکە و پاڵەوانی کوردستانین.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چییدا دەبینیت؟**

- نەبوونی پێداویستیی تایبەت بە یارییەکە وەك (شوێنی باز، ئیسفەنجی بازی بەرز، تراکی یاری و...هتد).

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

- وەکو خەونێکی وەرزشی ئەوەیە کە هەموو پاڵەوانێتیی و یارییەك سەری شار و گەرمیانییەکان بە بەرزی ڕابگرم و هەمیشە خاوەنی ناوی خۆیان بن.

*** حەز دەکەی هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- بەدڵنیاییەوە پێم خۆشە دابمەزرێت و منیش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داوا لە بەرپرسانی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان و عێراق دەکەم ساڵانە گرنگی بدەن بە کردنەوەی خول بۆ تازەپێگەیشتوان و لاوان و پێشکەوتووان، وە دوا نەخرێت وەکو هەموو جارێك دووساڵ جارێك، داوا لە یانەکانیش دەکەم وەکو تۆپی پێی گرنگی بە گۆڕەپان و مەیدانیش بدەن و هاوکارمان بن لە ڕووی ماددییەوە، چونکە بە تەنیا تۆپی پێی وەرزش نییە بەڵکو هەموو یارییە تاکەکانیش بەشێکن لە وەرزش.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە ؟**

- دەست خۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات و هەموو سنوورەکانی بڕیوە.






# میسی بۆ هەشتەم جار خەڵاتی باڵۆن دۆری بردەوە

لیۆنێل میسی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی ئەنتەرمەیامی ئەمریکی، جارێکی دیکە خەڵاتی باڵۆن دۆری بۆ باشترین یاریزانی جیهان بەدەست هێنا و بووە خاوەنی هەشتم باڵۆن دۆر.

لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا خەڵاتی باڵۆن دۆر بۆ باشترین یاریزانی وەرزی ڕابردوو لەسەر ئاستی جیهان بە میسی درا، دوای ئەوەی سەرکردایەتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینی کرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال.

میسی لە وەرزی ڕابردوودا لەگەڵ ئەرژەنتین لە قەتەر بە باشترین ئاست دەرکەوت و بووە دووەم گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بەدەستهێنانی مۆندیال بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی، جگە لەوەش میسی بووە باشترین یاریزانی مۆندیالی ساڵی ٢٠٢٢.

میسی بەهۆی مۆندیال خەڵاتی لوریۆسی بۆ باشترین وەرزشوانی ساڵ پێدرا، جگە لەو ئەستێرە ئەرژەنتینییە هیچ یاریزانێکی دیکەی تۆپی پێ ئەو خەڵاتەی نییە.

هەروەها میسی بەو هۆیەوە خەڵاتی زە بێستی بۆ باشترین یاریزانی جیهان لە لایەن فیفاوە پێدرا.

جگە لە بەدەستهێنانی مۆندیال مێسی لەسەر ئاستی یانەکانیش لەگەڵ پاریس سانت جێرمان وەرزی ڕابردوو ئاستێکی باشی پێشکەش کرد، هەردوو نازناوی خولی فەرەنسا و جامی سوپەری فەرەنسی لەگەڵ یانەکە بردەوە، بە گشتی ئەستێرە ئەرژەنتینییەکە لەو وەرزەدا ٤٠ گۆڵی تۆمارکرد و ٢٨ گۆڵی دروست کرد.



میسی جاری هەشتەمە خەڵاتی باڵۆن دۆر بۆ باشترین یاریزانی جیهان دەباتەوە، پێشتر هەرگیز هیچ یاریزانێك تەنانەت شەش جاریش خەڵاتەکەی بەدەست نەهێناوە، بۆیە میسی دەبێتە یەکەم یاریزان ئەو ژمارە زۆرەی خەڵاتەکەی بەدەست هێنابێت.

میسی دەبێتە یەکەم یاریزان لە سێ دەیەی جیاوازدا خەڵاتی باڵۆن دۆر بباتەوە، هەروەها دەبێتە یەکەم یاریزان لە سێ یانەی جیاوازدا لەگەڵ یانەکانی بەرشلۆنە، پاریس سانت جێرمان و ئەنتەرمەیامی خەڵاتەکەی بردەوە.

میسی دەبێتە یەکەم یاریزان لە دەرەوەی کیشوەری ئەورووپا خەڵاتی باڵۆن دۆر بەدەست هێنابێت.

خەڵاتی باڵۆن دۆر لەلایەن گۆڤاری فرانس فۆتبوولی فەرەنسییەوە ساڵانە دەدرێتە باشترین یاریزانی جیهان، بۆ ئەمساڵ میسی ڕکابەری لەگەڵ هالاند دەکرد، کە وەرزێکی نموونەیی لەگەڵ مانچستەر سیتی پێشکەش کرد، نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، خولی نایابی ئینگلیزی و جامی ئێف ئەی کەپی بردەوە، بوو بە گۆڵکاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و خولی ئینگلیزی، بەڵام میسی باڵۆن دۆری پێدرا.

دیارییکردنی براوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر لە ڕێگەی دەنگدانە، کە ١٠٠ ڕۆژنامەوان لە ١٠٠ یەکێتی تۆپی پێی لە یەکێتی تۆپی پێی جیهان دەنگ بۆ دیاریکردنی براوەی خەڵاتەکە دەدەن.

**براوەی خەڵاتەکانی دیکە بەم شێوەیە بوون:**

جود بێلینگهام، یاریزانی ئینگلیزی و ڕیال مەدرید خەڵاتی کۆپای بۆ باشترین یاریزانی لاو بەدەست هێنا.

ڤینیسیۆس جونیۆر ئەستێرەی بەرازیلی و یانەی ڕیال مەدرید خەڵاتی سوکراتیسی بۆ کاری مرۆیی بەدەست هێنا .

**تیپی خانمانی یانەی بەرشلۆنە، خەڵاتی باشترین تیپی خانمانی بردەوە.**

ئیمیلیانۆ مارتینێز گۆڵپارێزی ئەرژەنتین خەڵاتی لیڤ یاشینی بۆ باشترین گۆڵپارێز پێدرا.

خەڵاتی گێرد مولەر بۆ باشترین گۆڵکاری ساڵ درایە هالاند، دوای ئەوەی ٥٦ گۆڵی تۆمار کرد.

یانەی مانچستەر سیتی بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەك وەك باشترین یانەی ساڵ خەڵات کرا.

ئایتانا بۆنماتی، خانمە یاریزانی بەرشلۆنە خەڵاتی باڵۆن دۆری لەسەر ئاستی خانمان بەدەست هێنا.

میسی دوای بەدەستهێنانی هەشتم باڵۆن دۆر بەم جۆرە قسەی بۆ ڕۆژنامەنووسان کرد.

• **ڕۆژنامەنووسان:** تۆ پێش پێلێ کەوتی هەرگیز لە

ژیانتدا شتێکی لەو جۆرەت بە خەیاڵدا هاتووە؟

- **میسی:** نەخێر، زەحمەتە بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەیتەوە کاتێك گەنج بووم، تاکە خەونم ئەوە بوو یاریی تۆپی پێ بکەم و ببم بە پیشەگەر، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە، کە خەڵاتی باڵۆن دۆر ببەمەوە، چ جای ئەوەی هەشت جار بەدەستی بهێنم، سوپاسی خودا دەکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی، کە پێی داوم، کاروانێکی بێ وێنەم هەبوو کە تێیدا هەموو نازناوەکانم بردووە، جا لەگەڵ یانە یان هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بێت، بۆیە هەموو ئەوەی بۆ من ماوەتەوە ئەوەیە سوپاسی خودا بکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی بۆی کردووم و بەردەوامم دەکات لە ژیان.

● **ڕۆژنامەنووسان:** نازانم ئایا ئەوەت بینیوە یان نا، بەڵام دوای ئەوەی بەرازیل لە مۆندیال دەرکرا، هاندەرانی بەرازیل دەستییان کرد بە لەبەرکردنی درێسی ئەرژەنتین، سەرەڕای دوژمنایەتیی مێژوویی، هەرگیز بیرت لەوە دەکردەوە کە بەرازیلییەکان لە یاریی کۆتایی جامی جیهانیدا هانی ئەرژەنتین بدەن؟

- **میسی:** بەڵێ، ئەوەم بینی و ئەوە سەرسوڕهێنەر بوو، دەمزانی لە بەرازیل کەسانێك هەن کە خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ من هەیە، بەڵام هاندانی ئەرژەنتین بۆ بوون بە پاڵەوانی جیهان شتێك بوو، کە من چاوەڕێم نەدەکرد، بەڵام وەك پێشتر گوتم، زۆرێك لە وڵاتانی ئەمریکای باشوور، ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا و لە هەموو شوێنێك خەڵکێکی زۆر لە زۆر وڵاتدا دەیانویست لەبەر من ئەرژەنتین ببێتە پاڵەوانی جیهان، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئەم پاڵەوانێتییە بۆ من مانای چییە، بۆیە سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستییە دەکەم، کە بۆ من و بۆ هەموو هەڵبژاردەی ئەرژەنتین هەیان بوو، هەستمان بە هیوای هەموو ئەو کەسانە کرد، کە دەیانویست ئێمە ببینە پاڵەوانی جیهان، هەروەها سوپاسی بەرازیلییەکان دەکەم بۆ ئەو خۆ شە و یستییە گەورەیەی، کە بۆ ئێمە نیشانیان دا.





# هەندرێن ئامادەکاری پێویستی کردووە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەندرێن وەرزی ڕابردوو پلەی سێیەمی ڕیزبەندی یانەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی بەدەست هێنا، ئەم وەرزە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ئامادەکارییەکانی درێژەی هەبووە بەئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، یانەکە ئەمساڵ چەندین گرێبەستی مۆرکردووە و جگە لەوەش چەند یاریزانێکی لاوی سەرخستووە و لەگەڵ مانەوەی بەشێك لە یاریزانانی وەرزی ڕابردووی، ئەمساڵیش دەیەوێت لە دەستپێکی خولەکانی کوردستان بە جیاوازتر دەربکەوێت، لەم بارەشەوە دڵشاد مەعروف ڕاهێنەری یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان دەمێکە دەست پێکردووە، چاومان لەوەیە ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەین لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، خۆتان دەزانن خولەکە ساڵ بە ساڵ بەهێز دەبێت و یانەکان یاریزانی زیاتر دەهێنن، ئێمەش گۆڕانکاریمان کردووە و دەمانەوێ ژمارەیەکی قورس بین لە خولە گەورەکەی کوردستان، سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەش دەکەین کە بەردەوام هاوکارمانن و هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە، متمانەی تەواوم بە خۆم و تیپەکەم هەیە کە دەتوانین کاری ئەستەم بکەین و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، خولەکەش ئێستا لە سەرەتایە و جارێ زۆر ماوە، بەڵام ئێمە وەکو ستافی ڕاهێنەران متمانەی تەواومان بە خۆمان هەیە کە دەتوانین کاری باش ئەنجام بدەین بۆ یانەکەمان و بیکەنیە یەکێك لە تیپە بەهێزەکان خولەکە.

# تۆپی پێی دهۆک دەچێتە لووتکە

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی دهۆك بە کۆمەڵێك گۆڕانکارییەوە دەستی بە مەشقەکانی کردووە بۆ بەشداریکردن لە خولی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، لەگەڵ ئەوەشدا دهۆك کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانای لەسەر دەستی سلێمان ڕەمەزانی ڕاهێنەری کوردی شارەکە کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ یانە گەورەکان بکات، دهۆك هەرچەندە گرفتی دارایی هەبووە، بەڵام لەلایەن بەرپرسانی شارەکە بەڵێنی هاوکاریکردنی پێدراوە، لە دوو یاریی دەستپێکی وەرزی نوێ خولی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی دوو سەرکەوتنی گرنگی بە سەر یانەکانی شورتە و نەورۆز بەدەست هێنا و شەش خاڵی کۆکردووەتەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەکە و ستافی ڕاهێنەران دەیانەوێ درێژە بە ئەنجامە باشەکانیان بدەن لەسەر دەستی ئەو کۆمەڵە یاریزانە بەتوانایە، وەرزی ڕابردوو دهۆك یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە بوو، ئامانجی یانەکەش تەنیا مانەوە بوو لە خولی پلە نایاب، ئەمساڵ دهۆکی جیاواز دەبینرێ و دەیەوێت ئاست و ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی ئەم وەرزە تۆمار بکات و ببێتە یەکێك لە یانە سەرسەختەکانی خولەکە، بۆ ئەوەی زۆرترین ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکات، کارگێڕیی یانەکەش بەڵێنی بەردەوامیی پێداون بۆ ئەوەی بتوانن باشترین ئەنجام لەم وەرزە تۆمار بکەن و ژمارەی خاڵەکانیشیان زیاتر بکەن و، هەمووی بە یەك دەست و بە یەك ئەنجام ئامانجیان سەرخستنی ناوی دهۆکە لە خولی پیشەگەرەکانی عێراقی.



# کوردێکی کەرکووک ١٨ساڵە پاڵەوانە

یاریی تایکواندۆ هەر چەندە لە کوردستان وەکو پێویست گرنگیی پێ نەدراوە، بەڵام یاریزانانی ئەم یارییە بەردەوام لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییەدان و دەیانەوێ یاریزانی دیکە پەلکێشی ئەم یارییە بکەن، محەمەد جەبار یەکێك لە یاریزانە کوردەکانی شاری کەرکووك لە ڕیزی هەڵبژاردەی تایکواندۆ عێراقی لە ئاستی پێشکەوتووان بەردەوام ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە ئێستادا ڕووی کردووەتە بواری ڕاهێنەری لە شاری کەرکووك، لەم بارەشەوە محەمەد جەبار یاریزانی تایکواندۆی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«ماوەی هەژدە ساڵە زۆرترین ئەنجامی شایستەم بەدەستهێناوە بۆ شاری کەرکووك و چەندین ساڵ لەسەر یەك پاڵەوانی عێراق بووم وەکو کوڕە کوردێك، لە ئێستاشدا من وەکو یاریزان لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق و وەکو ڕاهێنەریش لە یانەی سۆلاڤی کەرکووك بەردەوامم لە وەرزشکردن، دەمەوێ لە داهاتوودا خزمەتی زیاتری ئەم بوارە بکەم و بتوانم زۆرترین ئەنجامی شایستە وەکو کوردێك بەدەست بهێنم و زۆرترین یاریزانیش دروست بکەم بۆ شارەکەم.



# هەفتانە دوو ژەمی گۆشتی سوور ئەگەری نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات

لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆلێژی تەندروستیی گشتی لە زانکۆی هارڤاردی شاری بۆستۆن لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە خواردنی تەنیا دوو ژەم گۆشتی سوور لە هەفتەیەکدا، جا لە هەر ژەمێکی سەرەکیدا بێت، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم بەرز دەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەمەش کراوە کە هەڵبژاردنی پرۆتینی ڕووەکی لەجیاتی گۆشتی سوور، وەك پاقلەمەنییەکان و کاکڵەکان Nuts یان هەتا بڕی مامناوەند لە شیر و بەرهەمەکانی، ئەم ئەگەرەی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە تا ڕادەیەکی باش کەم دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە پسپۆڕانی خۆراك بەردەوام جەخت دەکەنەوە کە وا باشترە خواردنی گۆشتی سووری فرێش یان پرۆسێسکراو Processed meat وەکو (باکۆن و هۆت دۆگ) لە خۆراکی ڕۆژانەدا سنووردار بکرێت. ئاماژە بەمەش کراوە، کە زیاد خواردنی گۆشتی سوور بە هەموو جۆر و شێوەکانیەوە، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا ڕێژەی ٦٢٪ بەرز دەکاتەو بەراورد بەو کەسانەی کە بڕی کەمتری گۆشتی سوور دەخۆن، هەروەها خواردنی پاقلەمەنی و کاکڵەکان کە سەرچاوەی ڕووەکین بۆ پرۆتین وەکو جێگرەوەی گۆشتی سوور، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە تا ٣٠٪ کەم دەکاتەوە، پاشان هەڵبژاردنی شیر و بەرهەمەکانی شیر لەجیاتی گۆشتی سوور ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە تا ڕێژەی ٢٢٪ کەم دەکاتەوە.





# ڕێنمایی خۆراک پاش لابردنی کیسی زراو

پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە نەشتەرگەریی لابردنی کیسی زراویان Cholecystectomy بۆ کراوە، کە لەماوەی چەند هەفتەیەك پاش نەشتەرگەری خۆراکی ڕۆژانەیان بگۆڕن. با بزانین کە چۆن لابردنی کیسی زراو کاریگەری دەکاتە سەر هەرسکردنی خۆراك؟ کیسی زراو شلەی زەرداو خەزن دەکات کە گرنگە بۆ هەرسکردن و هەڵمژینی چەورییەکان، پاش لابردنی کیسی زراو توانای هەرسکردنی چەوری کەم دەبێتەوە، چونکە شلەی زەرداو ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو ڕیخۆڵە باریکە کە زیان بە بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە دەگەیەنێت و زۆر جار دەبێتە ئەگەری سکچوون، بۆیە پێویستە کە پاش نەشتەرگەریی لابردنی کیسی زراو ڕیجیمی خۆراك بگۆڕێت. پاش نەشتەرگەریی لابردنی کیسی زراو پێوستە کە کەسەکە دوور بکەوێتەوە لەم خۆراکانە: خۆراکی چەور و سوورکراوە لە زەیت، خۆراکی تیژ، خۆراکی شیرین، خۆراکی پرۆسێسکراو کە ڕێژەیەکی بەرزی چەوری لەخۆدەگرن، کافائین کە لە چای و قاوە وشوکولاتە و خواردنەوەی وزەبەخشەکاندا هەیە، کێك و هەویرکارییەکان، خۆراکی خێرا وەکو پیتزا، سۆوسەج، گۆشتی چەور، شیری پڕ چەوری، پەنیر، ئایس کرێم، کەرە، قەیماغ، سەرتوو، لۆر، خواردنەوەی ئەلکهولییەکان، لەگەڵ شلەمەنییە گازدارەکان (کاربۆنکراوەکان) وەکو سۆدا و بیبسی ..تاد. ئەم خۆراکانەی کە ڕێنمایی دەکرێن پاش نەشتەرگەریی لابردنی کیسی زراو بریتین لە: پرۆتینی بێ چەوری وەکو سینگی مریشك، پاقلەمەنییەکان، کاکڵە و تۆوەکان بە بڕی کەم، ماسیی فرێش، ماسی قوتووکراوی ساردین یان سالمۆن، سپێنەی هێلکە، ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەی بەرزی ڕیشاڵ لەخۆدەگرن، وەکو دانەویڵەی تەواو، سەوزە و میوەکان، شوفان، هەروەها شیرەمەنی کەم چەوری وەکو شیری بێ چەوری یان کەم چەوری یان ماستی کەم چەوری.



# بڕۆکۆلی. سەرچاوەی دژەئۆکسانەکان





بڕۆکۆلی Broccoli ماددەی گرنگی تێدایە وەکو ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی C، B9، K، ماددە دژەئۆکسانەکانی لیوتین Lutein و زیازانتین، لەگەڵ کانزاکانی کالسیۆم، فۆسفۆر، پۆتاسیۆم، زینك، کۆپەر، مەگنسیۆم، سیلینیۆم. بایەخی تەندرستیی بڕۆکۆلی: کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵ لە بڕۆکۆلیدا، جێگیرکردنی ئاستی شەکری خوێن، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش، پاراستنی تەندروستیی دڵ بەتایبەتی پاراستن لە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك، خۆپاراستن لە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، باشترکردنی تەندروستیی مێشك و فرمانی شانە دەمارییەکان، هاندانی پتەویی ئێسك، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن کە ڕۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، دابینکردنی ڕێژەیەکی باشی ماددە دژەئۆکسانەکان Antioxidants بۆ لەش، کە گرنگیی زۆریان هەیە بۆ خۆپاراستن لە گەلێك نەخۆشیی وەکو ئاوی سپیی چاو Cataract و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لەسەر پێست.



# نیشانەکانی نۆرەی دڵ

نـۆرەی دڵ Heart atack لەوکاتـەدا ڕوو دەدات کە یەکێك لـە خوێنبەرەکانی تاجیی دڵ تووشی گیران دەبێت و خوێن لە بەشێکی شانەی دڵ دەبڕێت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی تێکچوون یان مردنـی خێرای ئـەم بەشـەی شـانەی دڵ، لێرەدا چارەسـەری کتوپڕ پێویست دەکات، بەمەبەسـتی ڕێگرتـن لـە لەدەسـتدانی یەکجارەکـی ئـەم بەشـەی شـانەی دڵ. ئـەم مردنـەی بەشـێکی شـانەی دڵ دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی چەنـد نیشـانەیەکی وەکـو: سـینگ ئێشـە کـە زۆر تونـدە و بـۆ مـل و قـۆڵ و شـەیلاکی خـوارەوە بڵاودەبێتـەوە، هەناسـەتەنگی، سەرسـووڕان، هێڵنـج یـان ڕشـانەوە، هەسـتکردن بـە سـووکبوونی سـەر Lightheadedness، خێرابـوون و نارێکبوونـی لێدانەکانـی دڵ، ئارەقەیەکـی سـارد، هەسـتکردن بـە بێهێـزی، هەندێك کەسیش بەتایبەتـی ئافرەتـان لـە کاتـی نـۆرەی دڵـدا تووشـی پەسـتی و دڵەکـزێ دەبنـەوە، لەوانەشـە کـە نـۆرەی دڵ ببێتـە ئەگـەری مردنـی کتوپڕ. لـە ئافرەتـدا، نیشـانەکانی نـۆرەی دڵ جیـاوازن، ئەگەرچـی لەوانەیـە کـە تووشـی سـینگ ئێشـە و هەناسـەتەنگی ببنـەوە، بەڵام بەگشـتی نیشـانەکانیان بریتیـن لـە: نارێکبوونـی لێدانەکانـی دڵ، کۆکـە، دڵەکـزێ، نەمانـی ئـارەزووی خـواردن، هەروەهـا بێهێزیـی گشـتیی لـەش. ئـەم نیشـانە جیاوازانـە گەلێك جار هـۆکارن بـۆ دواکەوتنـی دەستنیشـانکردنی نـۆرەی دڵ لـە ئافرەتـی تووشـبوودا، دەرەنجام زیانـی زیاتـر بـە شـانەی دڵ دەگات جگـە لـە مەترسـیی مردنـی کتوپڕ.








# بەهای خۆراکیی فاسولیای سەوز

فاسولیای سەوز Green beans دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی A، K، C، B1، B٣، B9 (فۆلەیت)، لەگەڵ کانزاکانی ئاسن، پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، کالسیۆم، زینك، فۆسفۆر. سوودە تەندروستییەکان فاسولیای سەوز: هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك، خۆپاراستن لە قەبزی، هاوسەنگکردنی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، کە ڕۆڵی هەیە لە هەرسکردنی هەڵمژینی ماددە خۆراکییەکاندا، کۆنترۆڵکردنی هەستی برسیبوون و کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، خۆپاراستن لە کەمخوێنی، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، باشترکردنی تەندروستیی ئێسکەکان بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڤیتامین K لە فاسولیای سەوزدا، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، هاندانی گەشە و پەرەسەندنی کۆرپە لە ئافرەتی دووگیاندا، سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش بەرانبەر بە هەوکردن و نەخۆشییەکان لەوکاتەی کە فاسولیای سەوز ڕێژەیەکی باشی ڤیتامین C لەخۆدەگرێت، کە دژەئۆکسانێکی بەهێزە و ئەم ڕۆڵە گرنگە دەبینێت، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، پاراستنی تەندروستیی دڵ لە ڕێگەی جێگیرکردنی پەستانی خوێن و دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL لە خوێندا، هەروەها خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ماددەی کلۆرۆفیل لە فاسولیای سەوزدا.

# هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە سووانی جومگە

سووانی جومگە یان داڕووشانی جومگە (OA) Osteoarthritis باوترین جۆری هەوکردنی درێژخایەنی جومگەیە کە تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکیی بۆ نییە. حاڵەتەکە بریتییە لە تێکچوون یان سووانی چینی کرکراگەی سەر ئێسکە بەشداربووەکانی جومگە، لەگەڵ شانەکانی دەوروبەری لە ژێ و بەستەر و چینی ناوپۆشی جومگە، کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی هەوکردن، ئاوسان، سخبوونی جومگە، ئازار، لەوانەشە ببێتە ئەگەری سەقەتیی جومگە. سووانی جومگە لەوانەیە کە لە هەر جومگەیەکی لەشدا ڕوو بدات، بەڵام باوترین ئەو جومگانەی کە تووشی دەبن بریتین لە: ئەژنۆ، جومگەکانی دەست، نێك، مل، لەگەڵ جومگەی بڕبڕەکانی خوارەوەی پشت. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، خۆپاراستن لە کەوتن و زەبر بۆ جومگەکان، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی بەردەوام، بەتایبەتی پیادەڕۆیی و ئەنجامدانی مەشقە وەرزشییە پرۆفێشناڵەکان لە ژێر ڕێنمایی ڕاهێنەردا، حەسانەوە لەکاتی هەستکردن بە نارەحەتی یان ئازار لە هەر جومگەیەکدا، بەکارهێنانی کەفشی گونجاو لەکاتی کارکردن و مەشقی وەرزشیدا، گرنگیدان بە خەوی دروست، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان، گرنگیدان بە ڕووناکی لە شوێنی کار و ناوماڵدا بەمەبەستی بینینی باشتر و خۆپاراستن لە کەوتن و زەبر بۆ جومگەکان.



# ئامێری چاودێریی گەشت و گەڕان




کاتێك بەگەشت دەچیە شوێنێك، پێویست دەكات بە وردی چاودێری كەلوپەلەكانت بكەی، وەك جانتا یا مۆبایل و كەلوپەلەكانی تایبەت بە گەشت كردن، بەتایبەت ئەگەر بۆ وڵاتێك دەڕۆی كە دەست پیس و قوڵبڕەكان لە بچووكترین هەل كەڵك وەردەگرن كە كەلوپەلەكانت بدزن. بۆ ئەم مەبەستە چ ئامێرێك باشتر و ئەمینتر لە ئامێری gaze EDC، ئامێرێك بچووكتر لە موبایل و دەتوانی بە كەلوپەلەكانتەوە هەڵیبواسی. هەركاتێك یەكێك لە كەلوپەلەكانت نزیك بۆوە دەستبەجێ پەیامێكی ئاگاداركردنەوەت بۆ دەنێرێ و وێنەی كەسەكەش دەگرێ. زۆرتر بۆ بەرگری كردن لە دزینی پایسكل و جانتا بەكاردێت. زەنگەكە بە بەردەوامی لێدەدا تا ئەوكاتەی خاوەنەكەی زەنگەكە لادەبات. هاوێنەیەكی هەیە وەك چاوی ماسییە و هەموو لایەك دەبینێت. تەنانەت بەرلە نزیكبوونەوەی كەسانی خراپەكار وێنەیان دەگرێ. ئەگەر كەلوپەلەكانیشیان دزی، شوێنی دروستی كەلوپەلەكان لەسەر مۆبایل نیشان دەدا.



# کامێرایەک وەک مرۆڤ دەبینێت

چ شتێك وەك تەكنەلۆژیا و ئامێرەكانی وێنەگرتن لەم چەند ساڵەدا پێشنەكەوت، كامێراكانی ئێستا وەك مرۆڤەكان چوار دەوری خۆیان دەبینن. كاتێك فیلم و وێنەكانیش لێدەدرێنەوە وەك ئەوە وایە بینەر لە خودی شوێنەكە بێت. كامێرای جۆری TwoEyes VR تایبەتە بە وێنەگرتن بە شێوەی VR ئەویش لە ٣٦٠ پلەییدا. بە كامێرای یەك هاوێنە یا دوو هاوێنە تۆمار دەكرێن. دوو چاوی هەیە وەك چاوی مرۆڤ. دوو هاوێنەكە مەودای لێكدووریان كەمتر لە سێ ئینجە وەك مەودای دووری نێوان چاوەكانی مرۆڤ. كاتێك وێنەكە دەگرێت هەمان قووڵی و ڕەهەندەكانی دیمەنەكان دەگرێت.

كۆمپانیای بەرهەمهێن ڕادەگەیەنێ ئەمە یەكەم كامێرایە كە لەشێوەی چاوی مرۆڤ دروستكراوە. كاتێك بە شێوەی ستوونی وێنەدەگرێت وەك چاوی مرۆڤ دەچێت و كاتێكیش بە ئاسۆیی وێنەدەگرێت وەك كامێرای دیجیتالییە. دەتوانێت وێنەیەكی ٣٦٠ پلەیی بگۆڕێت بۆ وێنەیەكی ١٨٠ پلەیی.

# درۆنێکی وێنەگرتن لەشێوەی دەفرە فڕیوەکان



دەفـرە فڕیـوەکان، تەنیـا لـە چیرۆکـە خەیاڵـە زانستییەکاندا باسیان دەکرێ، بەڵام هیچ دوور نییە بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە، دەفرە فڕیوەکانیش ببینین، ئاماژەکان لـە ئێسـتاوە دەردەکـەون، بـۆ نموونـە بەرهەمهێنانـی درۆنـی Fleye کـە لـە شـێوەی دەفـرە فڕیـوەکان دەچێت، کاتێـك دەفڕێت وەك باڵندەیەکی بچووکی ئەفسـانەیی دەچێـت. وەك تۆپێـك وایـە لـە هەمـوو لایەکـەوە دەسـووڕێت. بەبێ مەترسـی رادەگیرێـت، دەسـتی لێـدەدرێ و دەجوڵێندرێـت. لەنـاو خـودی رۆبۆتـە درۆنەکـەدا کۆمپیوتەرێکـی بەهێـزی بچـووك هەیـە وەك مۆبایلێکـی زیـرەك دەچێـت. رامەکـەی ٥١٢ میگابایتـە و سیسـتەمەکەی لینۆکسـە. بەکارهێنـەر ئەگـەر شـارەزای پرۆگـرام نووسـین بێـت دەتوانـی دەسـتکاری بـکات.



# ماوسێکی ئەنگوستیلە بۆ هەموو ئەرکێک

لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا دەگێڕنەوە ئەنگوستیلەیەك هەبووە، هەر کەسێك لە پەنجەی کردووە و توانیویەتی بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بێت و کێشەکان چارەسەر بکات. ئەنگوستیلەی مـاوس جـۆری Vanzy رێـك وەك ئەنگوسـتیلەی چیرۆکـەکان وایە،ئەنگوسـتیلەیەك دەبێتـە کۆنترۆڵی گشت ئامێرێك، دەبێتە ماوسی کۆمپیوتـەر.

ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە بەو ئەنگوستیلەیە کۆنترۆڵ بکە، تیڤی بکوژێنەوە،سپلێت دابگرسێنە، کاتێك کۆمپیوتەر دەکەیەوە وەك ماوسێك بەکاری بێنە، لە یارییە ئەلکترۆنییەکاندا وەك دەسکی گەیم سوودی لێوەربگرە. بە وتـەی کۆمپانیـای بەرهەمهێن دەتوانرێ ٧ ئـەرك پێکـەوە ئەنجـام بـدا. بـە سـێ شـێوە دەگـۆڕدرێ، یەکەمیـان: دەبێتـە ریمـۆت کۆنتـرۆڵ و هەروەهـا دەبێتـە هیدفۆنـی گوێـش. دووەمیـان: دەکرێـت وەك ریمـۆت کۆنترۆڵـی تیڤـی و تەلەڤزیـۆن و کۆمپیوتـەر و ئەوانـە بەکاربێـت ئەویش تەنیـا بـە جوڵـەی پەنجـەکان. سـێیەمیان: دەتوانـرێ لـە کاتـی شەحنکردنەوەشـدا سـوودی لێوەربگـری وەك ماوسـێکی ئاسایی.




# سینەما دێتەماڵەکانتانەوە

تەکنەلۆژیای بینین و سەیرکردن بە ڕادەیەك پێشکەوت و وایکردووە هۆڵی سینەماکان لە هەموو جیهاندا باوێکی ئەوتۆیان نەمێنێ. سینەما خۆی دێتە ماڵەکانتانەوە، نەتەنیا ماڵ بەڵکو دێتە ناو جانتاکەتانەوە.

هێدستێکی جۆری GOOVIS Pro AMOLED کە بۆ سەیرکردنی پێویستی بە مۆبایل و شاشەی لاوەکی نییە، بەڵکو شاشە لە خۆیدایە بەهۆیە دەتوانی فیلمی بە کوالیتی 4K بەشێوەی سێ ڕەهەندی سەیر بکەی. پشتیوانی لە ڤیدیۆی بلورەی دەکات. خێرایی نیشاندانی زۆر بە هێزە.

دوو شاشەی بچووکی هەیە کە بەرهەمی کۆمپانیای سۆنیە و لە جۆری OLEDین. کاتێك سەیری دەکەی وەك ئەوە وایە لە هۆڵی سینەما دانیشتبی. بەهۆی وای-فایەوە هێڵی ئینتەرنێت وەردەگری و ڕاستەوخۆ لە یوتیوب و نێتفلێکس و تۆڕەکانی دیکە فیلم وەردەگری. هەروەها دەتوانێت بە مۆبایل، کۆمپیوتەر و پلەی ستەیشن و ئامێرەکان یدیکەی یاری پەیوەند بدرێت.

کێشی زۆر کەمە و بەکارهێنەر ئەزیەت نادات، کێشی (٢٠٠) گرامە بە بەراورد بە هاوشێوەکانی خۆی کێشی کەمترە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت فایلێکی wordم لەلایە، زیاتر لە ٥٠٠ لاپەڕەیە و گەلێك وێنەی تێدایە و دەمەوێ تەنیا وێنەکانی ناو فایلەکە دەربێنم، چۆن ئەو کارە بکەم؟

خوێنەری بەڕێز چەند ڕێگایەك هەیە بۆ دەرهێنانی فایلە وێنەییەکان لە فایلی word دا. دوو شێوازی ئاسانت بۆ باس دەکەم. کاتێك فایلەکەت کردەوە لە بەشی file بەشی save as هەڵبژێرە و بە web خەزنی بکە و ناوێکی بدەیە. فایلەکەت دابخە. کاتێك دەچیە ئەو شوێنەی فایلەکەت لێ خەزن کردووە، دەبینی فایلێکی وێب و فۆڵدەرێك هەیە، لە فۆلدەرەکەدا هەموو وێنەکانی تێدایە. شێوازێکی دیکە ئەوەیە کە پاشگری فایل لە docەوە بگۆڕی بۆ پاشگری zip واتە کلیك ڕاست دابگرە و فەرمانی Rename هەڵبژێرە و دوای ناوگۆڕین پاشگری zip بنووسە. فایلەکە دەبێتە فۆڵدەرێکی زیپ کە دەیکەیەوە هەموو وێنەکانی بەجیا تێدایە.

# گشت ئامێرەکانی مۆسیقا لە دەستتدا

مۆسیقا خۆراکی گیانە، لە سەردەمی دیجیتالیدا ئامێرە مۆسیقاییەکانیش زیرەك بوونە و پشتیوانی لە زیرەکی دەستکرد وەردەگرن. ئەو ئامێرەی کە وێنەکەی دەبینن و وەك تۆپێکی بچووك دەچێت، هەموو ئامێرە مۆسیقاییەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە.


ئامێری Orba 2 نۆ دوگمەی هەیە، دوگمەیەك لەناوەند و هەشت دوگمە بازنەیی بە دەوری دوگمە گەورەکەدا هاتووە، ئەرکی دوگمە گەورەکە ئەوەیە کە ئامێری مۆسیقا بگۆڕێت لە ئامێرەکە بۆ ئامێرێکی دیکە. دەتوانێت پیانۆ، ئۆرگ، کەمان و ئامێرەکانی دیکە لێبدا. خاڵی جێگای سەرنجی ئەوەیە لە سروشتیش دەنگ وەردەگری، بۆ نموونە دەنگی گڤەی با و باڵندە و گیاندارەکان و هاژەی ڕووبار و... ئەوانە دەکات بە تۆنی مۆسیقا. بە لەمس کردنی پشتی ئامێرەکە، دەنگی ئامێرە زەربییەکانیش لێدەدرێ. کێشی ئامێرەکە تەنیا ٣٤٠ گرامە. بەهۆی بلوتۆسەوە ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و مۆسیقا تۆمارکراوەکان بۆ مۆبایل بەڕێ دەکات.



# پرۆگرامی Ninite بۆ هەموو کۆمپیوتەرێک پێویستە

کاتێك کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات دەکەیەوە و هیچ پرۆگرامێکی تێدا نامێنێ و بەدوای CD یا فلاش میمۆری دادەگەڕێی بۆ دابەزاندنەوەی پرۆگرامەکان، ئەو پرۆگرامانەی بۆ کۆمپیۆتەر زۆر پێویستن، وەك مایکرۆسۆفت ئۆفیس، PDF، پرۆگرامەکانی تایبەت بە کردنەوە و ڕێکخستنی وێنە و فایلەکان، دژە ڤایرۆسەکان و...تاد. پێویست بەوە ناکات پرۆگرامی Ninite دابەزێنە سەر کۆمپیوتەرەکەت و خۆکار گشت ئەو پرۆگرامانەت بۆ دادەبەزێنێ. هەر پرۆگرامێکیش پێویستی بە نوێکردنەوە بێت، لە ئینتەرنێت نوێترین ڤێرژنی وەردەگرێت. ئەگەر پرۆگرامێك کێشەیەکی بۆ بێتە پێش، چارەسەری دەکات.

خاڵی هەرە گرنگی پرۆگرامەکە لەوەدایە کە کاتت بۆ دەگێڕێتەوە و پێویست ناکات یەکە یەکە پرۆگرامەکان دابەزینی. لەسەرەتادا دەبێ بچی بۆ سەر سایتی پرۆگرامەکە کە هەر بەو ناوەیە، لەوێ پرۆگرامەکە وەردەگری و دیارە پرۆگرامەکە دوو بەشە، بەشێکیان بە خۆڕایی نییە و کە هەندێك تایبەتی زیاتری تێدایە. زیاتر لە سەد پرۆگرامی لە خۆی گرتووە و هەر هەموویان بە خۆڕایی دادەبەزێنێت.





## ماڵپەڕێک بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی

لەو سەردەمەدا هیچ شتێك لە فێربوونی زمان ئاسانتر نەبووە، پێویست بە قوتابخانە و خولی تایبەت بە فێربوون ناکا. بڕوا بکەن هەر لەسەر مۆبایلەکەت یا کۆمپیوتەرەکەت سەدان ماڵپەڕ و خزمەتگوزاری هەن بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکەش. یەکێك لەو ماڵپەڕانە ماڵپەڕی https://lengusa.com/ە. لەو ماڵپەڕەدا هەموو ئەوەی پێویستە بۆ فێربوونی زمان هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دەگاتە قۆناغی زانکۆ تێدایە. کاتێك وشەیەك دەنووسی، بۆت شیدەکاتەوە ئەم وشەیە لە سەرەتاو کۆتایی ڕستەدا چۆن دێت. ڕستەکەش هەر لەخۆیەوە ناهێنێت، بەڵکو لە ناسراوترین گۆڤار و ڕۆژنامەکانی جیهان کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچن دەریدێنێت. ڕەنگە ئەوە باشترین ماڵپەڕ نەبێت، بەڵام یەکێکە لە بە سوودەکان.





## پرێنتکردن لەسەر خۆراک

جار هەیە ئەگەر بە واقیعیش نەتاندیبێ لە وێنە و فیلمەکاندا دیوتانە کە وێنە و نووسین لەسەر کێك، قاوە، میوە، جەستەی مرۆڤ یا هەر شتێکی دیکە دەنووسن و دەنەخشێنن، ئەوەتان بە زەیندا هاتووە کە دەبێت بە چ ئامێرێك ئەوانە پرێنت بکەن.

پرینتەری جۆری WLToys EVEBOT یەکێکە لەو پرینتەرانە ئەرکی چاپکردن لەسەر خۆراك و جەستە و میوە و هەر شتێکی دیکە جێبەجێ دەکا. حیبرەکەی هیچ بۆنێکی نییە و هیچ زیانێکی بۆ پێست و جەستە نییە. بە ئاسانی دەتوانی وێنە لەسەر کێك دروست بکەی. دەکرێت قاوە یا کاکاو لەبری حیبر بەکار بێنی. پرینتەرەکە بچووکە و بە ئاسانی لە جانتا دەخرێت. حیبرەکانی لە مادەی خۆراکی دروست دەکرێن. بەهۆی سیستەمی وای-فایەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و هەر لە ڕێگای مۆبایلەوەش کۆنترۆڵ دەکرێت.



# بۆنە گەرمەکانی پاییزی ٢٠٢٣ بۆ خانمانی بووک

ئەگەر لە پاییزی ئەمساڵدا خۆت بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری ئامادە دەکەیت، دەتوانیت ئەو بۆنانە هەڵبژێریت کە لەگەڵ خۆتدا دەگونجێت، دەبێت بەدوای یەکێك لە بۆنە شاهانەکانی خانماندا بگەڕێیت، کە بۆنێکی سەرنجڕاکێشت پێ دەبەخشێت، هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت. لەبەرئەوەی بۆنە گەرمەکان هەڵبژاردەیەکی تەواون بۆ کەشوهەوای پاییز، دوودڵ مەبە لە هەڵبژاردنیان، بەتایبەتی کە زۆربەیان هەستیار و ناوازەن. لێرەدا کۆمەڵێك بۆنی گەرممان بۆ هەڵبژاردوون، کە تایبەت کراون بۆ بووکی پاییزی ئەمساڵ ٢٠٢٣، بۆ ئەوەی بتوانن لە نێوان ئەو پێداویستییانەدا هەڵیبژێرن کە لەگەڵ خۆتاندا دەگونجێت.

وەك: بۆنی توتی تویلی دیهێرمێس لە هێرمێسەوە، بۆنی کافێ ڕۆز لە تۆم فۆرد، بۆنی فلێر دو مال لەلایەن کۆمپانیای درایس ڤان نۆتن، بۆنی بۆتێگا ڤێنێتا لە کۆمپانیای بۆتێگا ڤێنێتا.



# چۆنیەتی لابردنی نینۆکی ئەکریلیک لە ماڵەوە بەبێ زیان



لابردنی نینۆکی ئەکریلیک کارێکی ماندووکەر و کاتێکی زۆری دەوێت، پرۆسەیەکی مەترسیدارە، بەتایبەتی ئەگەر هیچ بیرۆکەیەکت نەبێت کە چی دەکەیت. شارەزایان پێشنیار ناکەن کە خۆت ئەم ئەرکە ئەنجام بدەیت، چونکە هەر هەڵەیەك نینۆکی سروشتیت تێك دەدات. پێش ئەوەی بیر لە بەکارهێنانی ئەسیتۆن بکەیتەوە، ئەوە بزانە کە لابردنی نینۆکی ئەکریلیك لانی کەم کاتژمێرێك دەخایەنێت و سەبرێکی زۆری دەوێت. ئەگەر یەکەمجارە هەوڵی لابردنی نینۆکی ئەکریلیك دەدەیت، پێشنیار دەکەین کە پرۆسەکە زۆر بە هێواشی ئەنجام بدەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بە درووستی ئەنجامی بدەیت.

پرۆسەی لابردنی نینۆك بە ئەکریلیك چەند هەنگاوێك لەخۆدەگرێت کە بە وردی بۆتان ڕوون دەکەینەوە، ئەو ئامرازانەی کە پێویستت پێیان دەبێت بۆ لابردنی نینۆکی ئەکریلیك: بڕبەنی نینۆك گەردیلەی خۆڵ لەخۆدەگرێت، بۆیە پێویستە کەرەستەکان خاوێن بن.

**هەنگاوەکانی لابردنی نینۆکی ئەکریلیك:**

هەنگاوی یەکەم: شوێنێك هەڵبژێرە کە هەواگۆڕکێی باش بێت، چونکە بڕێکی زۆر ئەسیتۆن بەکار دەهێنیت، هەروەها ئەو مێزەی کە بەکاری دەهێنیت دەبێت داپۆشراو بێت، بۆ ئەوەی هیچ کام لە ڕووکارەکان پەڵە نەگرێت. خاولییەك بهێنە و بیکە بە دوو نیوە، پاشان پارچەیەك کلێنیکس لەسەر مێزەکە دابنێ، هەروەها پێویستە پەنجەرەیەکی نزیکیش بکەیتەوە یان پانکەیەك دابگیرسێنیت، چونکە ئەسیتۆن بۆنێکی بەهێزی هەیە.

هەنگاوی دووەم: تا دەتوانیت ئەکریلیکەکە کورت بکەرەوە، بە بەکارهێنانی نینۆکبڕ زیادەو درێژکراوەی نینۆکەکان ببڕە، نزیکەی دوو سانتیمەتر نینۆك بەجێ بهێڵە بۆ سەلامەتی. ئەمەش خێراترین و ئاسانترین ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی نینۆکی درێژ و سرووشتی.

هەنگاوی سێیەم: ئەگەر بۆیەی ئاسایی لەسەر نینۆکەکانت هەبوو، دەتوانیت بە ئەسیتۆن یان لابەری بۆیەی نینۆکی ئاسایی لای ببەیت، بەڵام ئەگەر بۆیەی جێڵت هەیە، جۆری زبر بەکار بهێنە.


## ماکیاژی دووکەڵاویی (smoke) قاوەیی مات بۆ چاو





بۆ سێبەری چاو یەکێك لە سێبەرە نەرم و ماتەکانی قاوەیی هەڵبژێرە، پاشان بیگوازەوە بۆ سەر چرچ و لۆچی پێڵوی بەشی سەرەوەی چاو، باش تێکەڵی بکە تا بنچینەیەکی نەرمونیانت دەست دەکەوێت.

دووبارە سێبەری قاوەیی ماتی چاو بەکار بهێنەرەوە، بەڵام با کەمێك تۆختر بێت، بە باشی تێکەڵی بکە، بە شێوازێك کە ناسراوە بە گەرمی دووکەڵاوی، تێکەڵی بکە و دواتر لە گۆشەی دەرەوەی چاو هەڵیسووە و مەساجی پێبکە، پاشان سێبەری نیۆدی ماتی چاو لە گۆشەکانی ناوەوەی چاو دەست پێدەکات، تا دەگاتە ناوەڕاستی پێڵوی سەرەوە، ئایلاینەری قاوەیی بە پشت پێڵووی چاودا بهێنە، هەروەها دەتوانیت بە ئایلاینەری قاوەیی پێڵوی چاوەکان داپۆشیت، چەند چینێك ماسکارای لێ بدە، یان برژانگی دەستکرد بەکار بهێنە، بەم شێوەیە چاوەکان کراوەتر و بەرجەستەتر دەردەکەون.







# باڵندەكانیش بۆ ئەورووپا كۆچ دەكەن


هەڵۆكان لەگەڵ گۆڕانكاریی وەرزەكاندا، گەشتێكی سەیر دەكەن، گەشتەكەیان لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەك نییە، بەڵكو لە كیشوەرێك بۆ كیشوەرێكی دیكەیە. دوای ئەوەی زانایانی باڵندە گەشتیاراكان ئامێرێكی جی بی ئێسیان GPS خستە سەر پشتی هەڵۆیەكی مێ، تاوەكو بزانن چۆن جوولە دەكات و بۆ كوێ دەچێت، دواتر بۆیان دەركەوت كە گەشتكردنەكەی لە ماوەی نێوان ئەفریقای باشوور تاوەكو فیلەندا بەشێوەیەكی ڕاستە هێڵ بووە، ماوەی گەشتەكەی ٤٢ڕۆژی خایاندووە تاوەكو گەیشتووەتە فینلەندا، ئەوەی سەیرە كە بەسەر ئاو و ڕووبار و دەریاكاندا نەڕۆیشتووە، نەوەك هێزی نەمێنێت و بكەوێتە نێو ئاو و بخنكێت، بەڵكو تەواوی گەشتەكەی بەسەر وشكانیدا ئەنجام داوە».

# گوێزی خۆماڵی ناوزەردی كاكڵە نەرم




بەروبوومی خۆماڵی كە بە ئاووهەوا و سرووشتی خۆی دەڕوێنرێت، تام و چێژێكی تایبەتی هەیە لە چاو ئەوانەی كە هاوردە دەكرێن، گوێز وەك خۆراكێكی پێویست و گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا، لەم وەرزەدا لە كوردستان پێدەگات، گوێزی كوردستانیش لە ناوچە جیاجیاكان دەڕوێت چ بە خۆڕسك یان باخەوان و گوندنیشنانی خۆمانە دەیچێنن، دەربارەی گوێزی ئەمساڵ بە گشتی و گوێزی هەورامان (زمناكۆ) كە باخەوانە، دەڵێت: «گوێزی كوردستان بە گشتی تامی خۆشە، گوێزی هەورامانیش بەتایبەت بەوە ناسراوە كە توێكڵی ناسكە و كاكڵەی پڕ چەورییە و چەورییەكەی تایبەتییە، بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە كوێستانە و شوێنێكی سەختە، بۆیە گوێزەكانی بەباشی دەڕوێت و نایابە، وەك لەنێو خەڵكجا باوە ( گوێزی هەورامان بە دەست دەشكێت)، جاران گوێزی هەورامان بەژمارە و بە هەزار دەفرۆشرا، واتە هەزار گوێز بە چەندە، بەڵام ئێستا بووەتە كیلۆ و بە كیلۆ دەفرۆشرێن، ساڵانە لەم ناوچەیەدا بە سەدان تەن گوێز دێنە بازاڕەكان و یان بۆ دەرەوەی شارەكانی دیكەی عێراق دەچێت، دار گوێزی هەورامان بە سرووشتی خۆی دەڕوێت و بەبێ دەستكاری پەین و كیمیاوی، بۆیە گوێزەكەشی باش و نایاب دەردەچێت».






# دوو هاوسەر زۆرترین زەماوەندیان ساز کردووە



وەك باوە هاوسەری لە ڕۆژێکدایە و زەماوەندێکی بۆ دەکرێت، کەچی ئەو دوو هاوسەرە ئەمریکییە، ئەوەندە حەز بە زەماوەند و هاوسەرگیری دەکەن، کە تا ئێستا چەندین جار هاوسەرگیرییان کردووە، (شیتا بلاتیەد و ڕەیان ودیارد)، ئەو دوو هاووڵاتییە ئەمریکییەن کە تا ئێستا زۆرترین هاوسەرگیریان ئەنجام داوەو تا ئێستاش بەردەوامن، هەر جارەو هاوسەرگیرییەکیان لە وڵاتێك ئەنجام داوە، تا ئێستا بۆ (٣٨) جار زماوەند و هاوسەرگیریان کردووە، نیازیشیان وایە هەموو وڵاتانی جیهان بکەن و لە هەر وڵاتێك هاوسەرگیرییەك و زەماوەندێك ساز بکەن.








## میوانخانەی تایبەت بە سەگ

بیرۆکەی پیاوێکی بیزنسمانی ئینگلیزییە بەناوی (سکوت ویلیامز) کە بڕی یەك ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بۆ دروستکردنی هۆتێلێکی تایبەت بە سەگ لە ناوچەی (مرزیساید) تەرخان کردووە، ئەو هۆتێلە بەناوی (Love your Dog)ـە، ماوەی مانگێکە ئەو هۆتێلە کراوەتەوە، هەر یەکە لە (ویلیامز) و هاوسەرەکەی سەرپەرشتیی هۆتێلەکە دەکەن، ئەو بیرۆکەیەی لەو کاتە هات کاتێك خۆی و خێزانەکەی گەشتیان دەکرد و نەیاندەزانی سەگەکەیان لە کوێ دابنێن تا ئاگاداری بکرێت، کە ئەوەش هەوێنی ئەو هۆتێلە بوو، بۆ ئەوانەی گەشت دەکەن، یان دەیانەوێت ماوەیەك سەگەکەیان لەلایان نەبێت، دەتوانن بیهێنن و لەو هۆتێلە دایبنێن، مانەوەی هەر سەگێك لەو هوتێلە (٤٥) جونەیهی ئیستەرلینییە، کە چەندین خزمەتگوزاریی (٢٤) کاتژمێر بۆ سەگەکان دانراوە لەوانە: پاککردنەوە، مەساج، خواردن و شووشتن.



## کاریکاتێر

باس لەوانە دەکات کە کاری هاك و دەستوەردان لە کاری کەسانی دیکە دەکەن، وەك لە کاریکاتێرەکەدا هاتووە، دەستێکی دیکە لە نێو سکرینەکە هاتووەتە سەر کیبۆردەکە و شت دەنووسێت.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی ئاوابوونی خۆر لە سەرووی هەورەکانەوە بەم شێوەیە، کە وەك تارمایی و لە فیلمە خەیاڵییەکاندا دەبینرێت، تەنانەت ڕەنگی هەورەکانیش بەهۆی کاردانەوەی تیشکی زەردی ئێوارانی خۆرئاوابوونەوە، ڕەنگیان گۆڕاوە.

## یۆگا بۆ قەڵەو و خەپەکانیشە

سەرچاوەی ئەو وەرزشە وڵاتی چین و هیندستانە، کەچی کچێکی قەڵەوی ئەمریکی ئەو بیرۆکەیەی یۆگا بۆ لاوازەکانە ڕەت کردەوە، کە یۆگا تەنیا بۆ کچانی لاواز نییە، بەڵکو قەڵەوەکانیش بۆیان هەیە یۆگا بکەن، ئەو کچە ناوی (یۆجی جێسمان ستانلی) و تەمەنی (٢٧) ساڵە، کێشی دوو ئەوەندەی کچێکی ئاساییە، ڕۆژانە هەر تەنیا خۆی ئەو یاری و ڕاهێنانانەی تایبەت بە یۆگا دەکات، هەر کاتێکیش ئەو کارە دەکات، چەند وێنەیەك دەگرێ و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکاتەوە و لەژێریان بە کۆمێنتی (یۆگا تەنیا بۆ کچە لاوازەکان نییە) وێنەکانی بڵاودەکاتەوە.



## یاسا



### زیانی ئاژەڵ و گیانداران

ئەو یاسایانەی زیانپێگەیاندنیان بە تاوان داناوە کە لە ئەنجامدا زیانیان لێ دەکەوێتەوە، لە بەرامبەریشدا سزایان دیاری کردووە، لە ناوەڕۆکەیاندا سەرجەم مادە و بڕگەکانیان لەسەر کەس (مرۆڤ)ـەکان جێبەجێ دەبێت، بەڵام بۆ ئاژەڵ و گیاندارانی دیکە هیچ سزایەك دیاری نەکراوە، بۆ نموونە کەسێك بەلای ئەسپێکدا دەڕوات و ئەسپەکە لەقەیەکی لێدەدات و زیان بەو کەسە دەگەیەنێت، لێرەدا ئەو کەسەی زیانی بەرکەوتووە، ئەگەر هەڵسێت بە تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای لێکۆڵینەوە و بڵێت سکاڵام لە دژی ئەو ئەسپە هەیە کە لە فلانە شوێنە و ڕەنگ و ڕەگەز و تایبەتمەندیی ئاوا و ئاوایە و دەمەوێ ڕێکاری یاسایی لە دژ بگیرێتەبەر، ئەوا هەر لە سەرەتاوە دادگا سکاڵاکەی لێ وەرناگرێت، چونکە هەروەك باس کرا، یاسا ڕێگەی بەمە نەداوە کە لە ڕووی سزاییەوە کرداری ئاژەڵ بە تاوان دابنرێت و سزای ئاژەڵ بدات، جا بە هەر سزایەك بێت.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەم ماوەیە هەوڵی تەواوکردنی کارەکانت بدە و دوای مەخە، کاتەکانت بە خۆڕایی بەفیڕۆ مەدە، ئەگەر ماوەیەکە کارەکانت لە نیوەڕێگەدا وەستاوە، ئەوا ئەمڕۆ ئەو چانسەت هەیە کە هەموی لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت، بەرامبەر ئامۆژگارییەکانی خێزانەکەت کەمتەرخەم مەبە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بە زویی متمانە بە کەس مەکە، دەنا بێهیوا دەبیت، لەلایەنی پیشەییەوە خاوەنکارەکەت لە میزاجێکی باشدا نییە، هەوڵ بدە کارەکانت دوانەخەیت، خێزانەکەت پاڵپشتی بڕیارەکانت دەکەن، ئەم ماوەیە خۆت لە هەر نەخۆشی و پەتایەکی بڵاو بپارێزە.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەلایەنی پیشەییەوە کارەکانت لە کاتی خۆیدا تەواو دەبن، ئەگەر بەردەوامبیت لەسەر هەوڵەکانت، بە پێگەی بەرز دەگەیت، ئەگەر ماوەیەکە پلانی کاری خۆتت هەیە و لەبەر کێشەی دارایی وەستاندوتە، ئەوا ئەو چانسەت دەبێت دەست پێبکەیتەوە، هەرچۆنێك بێت کەمتەرخەم مەبە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەمڕۆ بە زویی دەگەیت بەو شتانەی وەکو ئامانج دەستنیشانیان دەکەیت، دۆخی دارایت بەرەو باشتر دەڕوات، تەنیا پارە زۆر خەرج مەکە بەبێ بیرکردنەوە، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە ئازاری گەدەت بۆ دروست ببێت، لە خواردنی سورکراوە دوور بکەوەرەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەلایەنی پیشەییەوە دوور بکەوەرەوە لە گفتوگۆی بێسوود و خۆسەرقاڵکردن بە کاری دیکەوە، با سەرنجت لەسەر ئەرکەکانت بێت، لە ماوەیەکی کەمدا ئەرکەکانت زیاد دەبن، لەپێناو تەندرووستیتدا پێویستە دوور بکەوەیتەوە لە سترێسی زۆر.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەلایەنی پیشەییەوە کارەکانت بە باشی ئەنجام بدە و لە یاساکان لا مەدە، دەنا تووشی بەرپرسیارێتی دەبیتەوە، هەروەها ئامۆژگاری لە بەرپرسەکانت وەربگرە، لەلایەنی تەندروستییەوە ئاگاداری فشاری خوێنت بە و خۆت فەرامۆش مەکە.

بۆ زانیاریت

## قژسوورەکان تایبەتن



قژ سوورەکان، بە شێوەیەکی سروشتی خۆیان ڤیتامین D بەرهەم دەهێنن، کە بۆ تەندروستییەکی باش و گەشەسەندنی ئێسک گرنگە، هەروەها بوونی جینی ئێم سی ١ ئار«MC1R» کە هۆکارە بۆ کەسێك ببێتە قژسوور، کۆنترۆڵی وەڵامدانەوەی ئازار دەکات، واتە قژ سوورەکان ڕەنگە کەمتر هەستیارییان هەبێت بۆ ئازار. هەروەها قژسوورەکان کەمتر ئەگەری توشبوونیان بە بەرزە پەستانی خوێن هەیە، بەپێی ئەفسانەی یۆنانییە کۆنەکانیش (Helen of Troy) خاوەندی جوانی قژێکی سرووشتیی سووری هەبووە.

فیلم

## خۆشەویستی بەڕێوەییە - Love Is in the Air



فیلمێکی هەست و ڕۆمانسییە، باس لە فڕۆکەوانێکی توندڕەوی سەربەخۆ دەکات، بۆ پاراستنی خێزانەکەی لە جەنگی سەرخستنی ئەستێرەکان (کە لەلایەن دەزگایەکی سەر زەوییەوە بۆ بۆشایی نێردراوە) لە ئۆپەراسیۆنەکەدا پێویستە نێوان هەستەکانی دڵ و خێزانەکەی هەڵبژێریت، کە ئەوەش بارێکی ئەستەمی بۆ دروست دەکات تا بڕیار دەدات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٢٨ خولەکە، لە دەرهێنانی ئەدریان پاوەرز، نووسینی تۆنی ئۆلاگیان، لە مانگی ٩ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و ئێستاش نمایش دەکرێت، لە نواندنی: کچە گۆرانیبێژ دێلتا گودریم، جۆشوا ساسی، ستیف تاسدێل، ڕۆی بیلینگ.



## پەند و وتە

نووسەر و شاعیری ئەمریکی (ماری جەین ئۆلیڤەر) براوەی خەڵاتی پۆلیزەر، لە ساڵی ١٩٣٥ لە ئۆهایۆ لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠١٩ لە فلۆریدا کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشیی ناوەخت دەڵێت: «ئەگەر لە ناکاو هەستت بە خۆشی و ئارامییەك کرد، بەبێ بیرکردنەوە و دوو دڵی، لەسەری بەردەوامبە و مەهێڵە ئەو هەستەت لە دەست بچێت».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کەللە سەرێك دیارە، کەچی لە ڕاستیدا دوو کەسن، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا کەسەکان بدۆزیتەوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ڕۆژی بەختت دەبێت، تەندروستییەکی باشت هەیە، لەلایەنی پیشەییەوە توانای ئەوەت هەیە کارەکانت بە باشی بکەیت و قازانج بکەیت، بەرپرسیارێتییەکانت بەرامبەر خۆشەویستەکەت زیاد دەکات، هەوڵ بدە بە نەرمی و بێ تووڕەبوون مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەمڕۆ ڕۆژێکی باش نابێت، سترێسێکی زۆرت هەیە و هیلاك و ماندوویت، باشترە خۆت لە بیرکردنەوەی نەرێنی بەدوور بگریت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، تەندروستییەکی باشت هەیە، لەلایەنی تەندروستییەوە لە زۆرخۆری دوور بکەوەرەوە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەم ماوەیە ئارەزووی چالاکی و جووڵەی زۆر دەکەیت، تەندرووستیت باشە، تەنیا پێویستت بە پشوو هەیە، ماندوێتیی زۆر ڕێگرە لەوەی کارەکانت لەلایەنی پیشەییەوە بە باشی ئەنجام بدەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت داوای ئەوەت لێ دەکات کاتی پێ ببەخشیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەلایەنی پیشەییەوە پێویستە زۆر ئاگادار و وریا بیت، بچوکترین هەڵە تەواوی کارەکانی ڕابردووشت دەشێوێنێت، یەکگرتوویی لە خێزانەکەت بەدی دەکرێت، ئەمەش دڵخۆشت دەکات و زیاتر هەست بە پارێزراوی دەکەیت، لەلایەنی تەندروستییەوە هەوڵی بەرزکردنەوەی بەرگریی جەستەت بدە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**


لەلایەنی پیشەییەوە ئەرکەکانت زۆر زیاد دەبن، بەڵام نیگەران مەبە، ئەنجامەکەی دڵخۆشکەر دەبێت، هەروەها چاوەڕێی گۆڕانکاریی ئەرێنی بە، لەلایەنی پیشەییەوە سۆز و خۆشەویستی لە نێوان تۆ و هاوسۆزەکەت زیاد دەبێت، تەندروستیت باشە.


**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەلایەنی پیشەییەوە ئەگەر نەتزانی چۆن هەنگاوەکانت بنێیت، داوای هاوکاری لە کەسە نزیکەکانت و کەسانی بە ئەزموون بکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر هاوسەرگیریت کردووە بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هاوژینەکەت بکە و ناکۆکییەکان کەم بکەرەوە، لە پێناو تەندروستیت لە ژەمی گەورە دوور بکەوەرەوە.

ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری


(ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان



بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan November 6, 2023 Issue,No.1388


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626